حکومەتی هەرێمی کوردستان_عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان
سکوڵی زمان / بەشی زمانی کوردی

# دروستەی زانیاریی لە زمانی کوردیدا

## (بەکەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست)

نامەیەکە

## گۆنا عومەر عەبدوڵا

پێشکەشی فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەکان/ سکوڵی زمانی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشت

## پ.ی. د. بەکر عومەر عەلی

٢٧١٢ کوردی ٢٠١٣ زاینی

# دروستەی زانیاریی لە زمانی کوردیدا

**(بەکەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست)**

**نامەیەکە**

**گۆنا عومەر عەبدوڵا**

پێشکەشی فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەکان/ سکوڵی زمانی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا

**سەرپەرشت**

**پ.ی. د. بەکر عومەر عەلی**

٢٧١٢ کوردی ٢٠١٣ زاینی

## ڕاپۆرتی سەرپەرشت

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی وەرگرتنی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

ناو : پ.ی. د. بەکر عومەر عەلی

سەرپەرشت

ڕۆژ: / / ٢٠١٢

بە پێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو : پ. ی. د. دڵشاد عەلی محەمەد

سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا لە بەشی کوردی

ڕۆژ: / /٢٠١٢

## ڕاپۆرتی لیژنەی گفتوگۆو هەڵسەنگاندن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکارەکە گفتوگۆمان دەربارەی ناوەرۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە به پلەی (          ) بڕوانامەی ماجستێری لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: پ.ی.د. فاروق عمر صدیق
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ:   /   /٢٠١٣

ناو : پ.ی.د. حاتم ولیا محمد
ئەندام
ڕۆژ :   /   /٢٠١٣

ناو:  د. عمر محمود کریم
ئەندام
ڕۆژ:   /   /٢٠١٣

ناو: پ.ی.د.  بکر عمر علی
ئەندام وسەرپەرشت
ڕۆژ:   /   /٢٠١٣

لەلایەن ئەنجومەنی سکوڵی زمانەوە پەسەندکرا ...

ناو : د. کاوان **عثمان** عارف
سەرۆکی سکوڵی زمان
ڕۆژ:   /   / ٢٠١٣

## پێشكەشە بە:

- ئەو دوو مرۆڤەی بێ ماندوبوون و بێ پەروا هەمیشە لەدەورم بوون،

(دایك و باوكم )

- بە ئەو كەسەی كە لەگەڵ چاوەڕوانییەكانمدا هەمیشە ئارام و بەخشندەیە،

(هاوسەرم سیروان)

- ئەو مرۆڤە بچووكەی بە زەردەخەنەكانی دونیایەك لە هیوام پێدەبەخشێت،

(جگەرگۆشەكەم كاكە لاس)

- ئەو كۆڵەكانەی لە خۆشی و ناخۆشییەكانی ژیاندا پشتیان پێوەدەدەم،

(خوشك و براكانم )

## سوپاس و پێزانین بۆ :

–سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ سەرپەرشتی نامەکەم، بەڕێز ( پ.ی.د.بەکر عومەر عەلی) بۆ ئەو ئەرك ماندووبوونەی، کە لە سەرپەرشتیکردنی نامەکەدا کێشاویەتی.

– سوپاس و ڕێزی زۆرم بۆ بەڕێز (د. کاروان عومەر) کە هەر لە دەستپێکی ئەم کارەدا هاوکارم بووە.

– سوپاس و ڕێزی زۆرم بۆ بەڕێز (د. ئاڤێستا کەمال) کە بەو پەڕی توانایەوە هاوکاری بەردەوامم بووە.

–سوپاس و ڕێزم بۆ سەرجەم مامۆستایانم لە بەشی زمانی کوردی.

# هێماوکورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| $\forall$ | ڕادەی گشتی(هەموو) |
| $\exists$ | ڕادەی هەبوونی(هەندێك) |
| X | گۆڕاو |
| λ | لامدا،پرۆسەیەکە کە ئەرکەکان لە سیمانتیکدا دێنێتە ئاراوە |
| J,i | هێماکانی هاونیشانەکردن |
| $\sum$ | سیگما |
| T | شوێنپێ |
| T | لە سیمانتیکدا بە واتای چەشنی نرخی ڕاستییەکان |
| E | لە سیمانتیکدا بەواتای چەشنی تاکەکان وەك (ناوەکان،فریزە ناوییەکان) |
| (e,t) | چەشنی ئەرکەکان لە تاکەکانەوە بۆ نرخی ڕاستییەکان |
| P | واتای ڕەسەنی دەربڕاو |
| FocP | فریزی تیشکۆ |
| XP | هەر فریزێك |
| [ ] | کەوانەی شکاوەی دروستە"Bracketing" |
| { } | نیشانەی سیمانتیکی |

| | |
|---|---|
| ( ) | هێمای دەربڕینی سەرپشکی |
| α | ئارگومێنتی بەندێتی |
| ∩ | هێمای یەکتربڕین |
| β | ئارگومێنت بە فرێزەوە |
| / | یان |
| * | واتای ناڕێزمانی |
| # | واتای ناپەسەند |
| Pro | جێناوی سفر |
| +/− | بەهای نیشانەی واتایی |
| س | سەرتۆپ |
| ت | تیشکۆ |
| ب.ت | بواری تیشکۆ |
| س.ه | سەرتۆپی هێنراوە پێشەوە |
| ت.ه | تیشکۆی هێنراوە پێشەوە |
| س.ج | سەرتۆپی جیاواز |
| ت.ج | تیشکۆی جیاواز |
| ف.ن | فرێزی ناوی |
| ف.ك | فرێزی کرداری |

| | |
|---|---|
| **دروستەی قوڵ** | **د.ق** |
| **دروستەی ڕوکەش** | **د.ڕ** |
| **فۆڕمی فۆنۆلۆژی/فۆنەتیکی** | **ف.ف** |
| **فۆڕمی لۆژیکی** | **ف.ل** |

# لیستی زاراوەکان

| زاراوەکان بە ئینگلیزی | زاراوەکان بە کوردی |
|---|---|
| **Mental** | **ئاوەزیی** |
| **Accent** | ئەکسێنت |
| **Intonation and Focus Phrase** | **ئاواز و فرەیزی تیشکۆ** |
| **Intonational Phrasing** | **بڕگە بڕگەکردنی ئاواز** |
| **Common ground** | **بناغەی هاوبەش** |
| **Ordinary Value** | **بەهای ئاسایی** |
| **Focus Value** | **بەهای تیشکۆ** |
| **Focus domain** | **بواری تیشکۆ** |
| **Implicature** | **بەخشکەیی دەربڕین** |
| **Information Theory** | **تیۆری زانیاری** |
| **Intonational Contour (tune)** | **تەرزەکانی ئاواز** |
| **Focus** | **تیشکۆ** |
| **Focus sensitive** | **تیشکۆی هەستیار** |
| **Exclusive** | **تیشکۆی تایبەت** |

| | |
|---|---|
| **Additive** | **تیشکۆی تێهەڵکێشراو** |
| **Focus Projection** | **پرۆژەی تیشکۆ** |
| **Pitch range** | **پلە پێوەری ڕەوت** |
| **Contrastive** | **جیاوازی** |
| **Activity** | **چالاکی** |
| **Stress** | **دەرخستن/سترێس/ هێز** |
| **Information Structure** | **دروستەی زانیاری** |
| **Pitch** | **ڕەوت** |
| **Pitch Accent** | **ڕەوتی ئەکسێنت** |
| **Formal Language** | **زمانی شێوازبەندی** |
| **Information** | **زانیاری** |
| **Semiotic** | **سیمۆتیك** |
| **Suprasegmental** | **سەرەسەگمێنتی** |
| **Word order** | **سەرەوڕیزبوونی وشە** |
| **Topic** | **سەرتۆپ** |
| **Prosody** | **کێشناسی** |
| **Knowledge** | **کۆزانیاری** |

| | |
|---|---|
| **Ellipsis** | **کرتاندن** |
| **Coment** | **کۆمێنت** |
| **Presupposition** | **گریمانەی پێشینە** |
| **Alternative semantic** | **گۆڕاوی سیمانتیکی** |
| **Equivalent** | **هاوتا** |
| **Prepoaing/Fronting** | **هێنانە پێشەوە** |
| **structured meaning** | **واتای دروستەیی** |

# پێرست


پێشەکی..........................................................٢

بەشی یەکەم :زانیارییە بەراییەکان ودروستەی زانیاری.......................٦

١/١) زانیاریی..........................................................٦

١/١–١) پێناسەکانی زانیاریی ..........................................١٠

١/١–٢) تیۆری زانیاریی.................................................١٣

١/١–٢–١) زانیاری لە تیۆری پەیوەندیکردندا.................................١٣

٢/١) دروستەی زانیاریی ..............................................١٧

١/٢–١) پێچانەوەی زانیاریی.............................................٢٠

١/٢–٢) باس و خواس.......................................................٢١

١/٢–٢–١) باس و زنجیرەباس...............................................٢١

١/٢–٢–٢) باس و زنجیرە خواس.............................................٢٢

١/٢–٣) باکگراوند و تیشکۆ.................................................٢٢

١/٢–٤) سەرتۆپ و کۆمێنت.................................................٢٤

١/٢–٤–١) جێناوی خۆیی پەرچاوە/شکاوە.....................................٢٥

١/٢–٤–٢) سەرتۆپی ئاشکرا و شاراوە.........................................٢٦

١/٢–٤–٣) فرەسەرتۆپی و فرەتیشکۆی.........................................٢٧

١/٢–٤–٤) زانیاری کۆن و زانیاری زانراو.....................................٢٨

١/٢–٥) کارلێککردنی سەرتۆپ و تیشکۆ.......................................٢٩

۱/۲-٦) كورتەیەك لە گریمانە كارپێكراوەكانی دروستەی زانیاری.................۳۱

۱/۲-٦-۱) تیۆرییەكانی سەرە ئاراستەكردنی ڕێزمانی............................۳۱

۱/۲-٦-۲) ڕۆڵ و ئاماژەی ڕێزمانی..............................................۳۲

۱/۲-٦-۳) مۆدێلی ڕێزمانی ئەركی-لێكسیكی.......................................۳۳

۱/۲-٦-٤) تیۆریی نواندن...........................................................۳۳

۱/۲-٦-٥) سینتاكس داینامیكی(جوڵەیی).........................................۳٤

۱/۲-٦-٦) ڕێزمانی كۆكردنەوەی كەتیگۆرییانە...................................۳٤

۱/۲-٦-۷) تیۆریی دەسەلاّت و بەستنەوە.........................................۳٥

بەشی دووەم: بنەماكان و بەرجەستەكردنی دروستەی زانیاریی.....................۳۷

۲/۱) تایبەتمەندێتی ئاواز و دروستەی زانیاریی...................................۳۹

۲/۱-۱) سەروسەگمێنتی...............................................................٤۱

۲/۱-۲) كارلێككردنی فیچەرە ئاوازییەكان............................................٤۳

۲/۱-۳) یەكەكانی ئاواز و دروستەی زانیاریی........................................٤٤

۲/۱-٤) ئەركەكانی ئاواز لە دیاریكردنی دروستەی زانیارییدا.......................٤٥

۲/۱-٥) ئاواز و بنەما پێویستەكان بۆدیاریكردنی تیشكۆ..............................٤٦

۲/۱-٥-۱) ئاواز و فرێزی تیشكۆ........................................................٤٦

۲/۱-٥-۲) نیشانەكردنی تیشكۆ بەهۆی كێشناسییەوە.............................. ............٤۹

۲/٥-۳) نیشانەكردنی تیشكۆ بەهۆی هێزەوە..........................................٥۰

۲/۲) سەرەو ڕیزبوونی وشە و دروستەی زانیاریی....................................٥۳

۲/۲-۱)پرۆسەو یاساکانی سینتاکس لە دروستەی زانیارییدا..........................٥٧

۲/۲-۱-۱)جێگۆڕکێ..............................................................٥٧

۲/۲-۱-۱-۱)جێگۆڕکێ بۆلای چەپ..............................................٥٧

۲/۲-۱-۱-۲) جێگۆرکێ بۆ لای ڕاست............................................٥٨

۲/۲-۱-۲) سکرامبلینگ...................................................................٥٩

۲/۲-۱-۳) هێنانە پێشەوە...............................................................٥٩

۲/۲-۱-۳-۱) هێنانەپێشەوەی تیشکۆ...................................................٦٠

۲/۲-۱-۳-۲) پرۆسەی باسمەند.........................................................٦١

۲/۲-۱-٤) جێکەوتەی سەربار...........................................................٦٢

۲/۲-۲) تایبەتییەکانی دروستەی زانیاریی و سینتاکسی جێناوەکان لەزمانی کوردیدا..٦٣

۲/۲-۲-۱) فیچەرەکانی دروستەی زانیاریی.............................................٦٣

۲/۲-۲-۲) جۆرەکانی تیشکۆ.............................................................٦٤

۲/۲-۲-۳) جێکەوتەی سەرتۆپ و تیشکۆ..................................................٦٦

۲/۲-۲-٤) بواری تیشکۆ.................................................................٧١

۲/۲-۲-٥) دروستەی تیشکۆ ومەودای ڕادە...............................................٧٥

۲/۲-۲-٦) گواستنەوەی –wh.............................................................٧٧

۳/۲) وەچە چەشنەکانی دروستەی زانیاریی........................................٧٩

۳/۲-۱) سەرتۆپی ڕستە...............................................................٨٠

۳/۲-۲) جیاوازی.......................................................................٨١

٢/٣-٢-١) تیشکۆی جیاواز.......................................................٨٢

٢/٣-٢-٢) سەرتۆپی جیاواز......................................................٨٢

٢/٣-٤) بەستنەوەی سەرەو ڕیزبوون لەنێوان سەرتۆپی جیاواز و تیشکۆی جیاواز.......٨٣

بەشی سێیەم: دروستەی زانیاریی ولێکدانەوەی واتایی.................................٨٦

٣/١)بنەما واتاییەکان و لێکدانەوەی دروستەی زانیاریی................................٨٧

یەکەم : سەرتۆپ...................................................................٨٧

دووەم تیشکۆ.......................................................................٩٠

٣/١-١) کاریگەریی سەرەو ڕیزبوونی دروستەیی لەسەر لێکدانەوەی واتایی................٩٠

٣/١-١-١) لێکدانەوەی واتایی زانیارییە دیارخەرییە ناوییەکان.........................٩١

٣/١-١-٢) لێکدانەوەی واتایی فرێزی ناوی فراوانکراو.......................................٩٤

٣/١-٢) کاریگەرییە واتاییەکان لەسەر تیشکۆی سیمانتیکی و پراگماتیکی.................٩٧

٣/١-٢-١) تیشکۆی هەستیار و لێکدانەوەی واتایی......................................٩٨

٣/١-٣) هەژمارکردنی سەرتۆپ لەناو گۆڕاوی سیمانتیکیدا..................................١٠٢

٣/١-٣-١) وەڵامی کورت و کرتاندن–فۆرمی فۆنۆلۆژی......................................١٠٣

٣/١-٤) جۆرەکانی پارتیکڵی تیشکۆ..........................................................١٠٥

٣/١-٤-١) بەیەکداچونی پارتیکڵی تیشکۆ لەگەڵ دروستەی تیشکۆ–باگراوند...............١٠٩

٣/١-٤-٢) مەودایی پارتیکڵی تیشکۆ..........................................................١١٤

٣/١-٤-٣) مەرجی ڕاستەقینە و دروستەی تیشکۆ.............................................١١٧

٣/٢) جێبەجێکردنی لێکدانەوەی واتاییەکان لەسەر جۆرەکانی تیشکۆ.......................١١٩

ئەنجام.............................................................................................١٣١

سەرچاوەکان.......................................................................................١٣٣

الخلاصة.............................................................................................١٣٨

**Abstract…………………………………………………………………………139**

# پێشەکی

# پێشەکی

## ١/٠ ) ناونیشان و بواری نامەکە:

ناونیشانی نامەکە (( دروستەی زانیاریی لە زمانی کوردیدا)) یە و لە بواری ڕستەسازیدا کاری لەسەرکراوە، کە لقێکی زانستی زمانە و لەو لایەنەی زمان دەکۆڵێتەوە، کە پەیوەندی بە دروستە و واتای ڕستەکانەوە هەیە. بواری نامەکە پەیوەستە بەو لێکدانەوانەی، کە لە تەوژمی نێوەندی نێوان قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە ودرککردندا پێشکەشکراون. لێکۆڵینەوەکە هەوڵیداوە زمانی کوردی لە ڕووی دروستەی زانیارییەکانییەوە بخاتەڕوو و ئەو کارلێکانەشی ڕوونکردووەتەوە، کە زمانەکە لە ڕێگەی دروستەی زانیارییەوە لە نێوان قسەکەر و گوێگردا دروستی دەکات بەهۆی ئاواز و دروستە و واتاوە.

## ٢/٠ ) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە :

هەڵبژاردنی بابەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکار، کە دەشێت لە چەند خاڵێکدا بخرێنەڕوو :

١.گرنگی بابەتی لێکۆڵینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی وەك دیاردەیەکی سینتاکسی و واتایی و، لەلایەکی ترەوە گرنگی بابەتەکە بە شێوەیەکی تایبەتی وەك لایەنێکی درککردنی ئاوەزیی .

٢.بابەتەکە بەشێکی گرنگی (قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە ، و بوارەکانی واتا و پراگماتیك)ە ، هەر لەبەر ئەم هۆکارە لێکدانەوەی ئەم بابەتە لە زمانی کوردیدا پێویستییەکی هەنووکەیی و ناچارییە لەبەرئەوەی کارکردن لە سینتاکسدا یەکێکە لە بنەماکانی دەوڵەمەندکردن و چەسپاندنی زمانێك .

٣.ئەو توێژەرانەی پێشتر کاریان لەسەر ئەم بابەتە کردووە ، بە شێوەیەکی سەربەخۆ باسی ڕەنگدانەوەی دروستەی واتاییان نەکردووە لە سینتاکسدا.

## ٠/ ٣) کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە :

کەرەستەی " دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست _ شێوەزاری سلێمانیی " بەکارهێنراوە و زۆربەی نموونەکانی ناو ئەم لێکۆڵینەوەیە لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی قسەپێکەرانی شێوەزارەکەوە وەرگیراون.

## ٠/ ٤ ) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :

ڕێبازی پەیڕەوکراو لەم نامەیەدا ڕێبازی " شیکاری پەسەنکارانەیە" بە پشتبەستن بە تەوژمی نێوەندی نێوان قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و درککردندا پێشکەشکراوە بۆ ناساندن وخستنە ڕووی جۆرەکانی زانیاریی ناو ڕستەو ئاخاوتنەکان .

## ٠/ ٥) گرفتی لێکۆڵینەوەکە:

گرفتی نامەکە خۆیی لەوەدا دەبینێتەوە، کە لەزمانی کوردیدا سەرچاوەی ڕاستەوخۆ، لەسەر بابەتەکە بەتایبەت لەڕوانگەی واتاییەوە نییە.

## ٦/٠) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە :

نامەکە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام و سەرچاوەکان و پوختەی نامەکە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە:

بەشی یەکەم:

بەناونیشانی"دروستەی زانیاریی و زانیارییە بەراییەکان" ە، ئەم بەشە، لە دوو پار پێکهاتووە پاری یەکەم، بۆ خستنە ڕووی زانیاریی و تیۆری زانیاریی تەرخانکراوە و پاری دووەمیش تەرخانکراوە بۆ دروستەی زانیاریی و بەشە سەرەکییەکانی دروستەی زانیاریی لە ڕوانگەی تیۆرییەکانەوە، ئەو گریمانانەش خراوەتەڕوو کە کاریان لەسەر دروستەی زانیاریی کردووە.

بەشی دووەم:

بەناونیشانی "بنەماکان و بەرجەستەکردنی دروستەی زانیاریی"یە، لەسێ پار پێکهاتووە، پاری یەکەم بۆ تایبەتمەندێتی ئاواز و دروستەی زانیاریی تەرخانکراوە، پاری دووەم تایبەتەبە سەرەو ڕیزبوونی وشە و دروستەی زانیاریی و پاری سێیەم تایبەتەبە وەچەچەشنەکانی دروستەی زانیاریی.

بەشی سێیەم:

بەناونیشانی"دروستەی زانیاریی و لێکدانەوە واتاییەکان"ە، لە دوو پار پێکهاتووە، پاری یەکەم تایبەتە بە بنەما واتاییەکان و لێکدانەوەی دروستەی زانیاریی و پاری دووەم بۆجێبەجێکردنی لێکدانەوە واتاییەکان لە ڕستەی ( هەواڵی، پرسیاری و فەرمان) لەزمانی کوردیدا، تەرخانکراوە.

# بەشی یەکەم

## زانیارییە بەراییەکان و دروستەی زانیاریی

## ١) زانيارييه بەراييەكان و دروستەى زانياريى:

هەركەرەستەيەك لە كەرەستەكانى زمان، هەڵگرى واتاو زانياريى خۆيەتى، لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێك لە زانيارييەكان بەپێى هەلومەرجى هاتنى لەگەڵ كەرەستەو پێكهاتەى تردا، زانيارييەكەى دەگۆڕێت، قسەكەرى هەرزمانێكيش زۆر لێزانانە(بەئەزموون) ئەم زانيارييانە پاش و پێش وتێهەڵكێش دەكات، لەپاڵ ئەمەشدا قسەكەر بەئاگايە لەوەى، كە لە چوارچێوەى ڕێسا و ياساى ڕێگەپێدراوى زمانەكەى خۆى ئەم ئاڵوگۆڕكردنە بەزانيارييەكان بكات. بۆ تێگەيشتن لە زانياريى پێشەكييەكى لەسەر دەنوسين.

### ١/١) زانياريى/ Information/ :

زانين و بيرەكان دەچنە پێكهاتەى ئەو زانيارييە زمانييانەى، كە لە پەيوەندى لەيەكگەيشتندا بەكاردێن و ئاماژەن بۆ پێڕەوى ناوەكى و دەرەكى زمان، لە زانستى زماندا چەمكى (زانياريى) چەند چەشنە بەكارهێنانێكى هەيە و ئەميش پەيوەستە بەو وەرگرتنانەى كە لەتيۆرى ماتماتيكى پەيوەنديكردندا هەيە، بيرۆكەى زانياريى زمانى لە تيۆرى زانيارييەوە داڕێژراوە[1]، بۆ ئەمەش چەمكى (زاراوەى زانياريى)[٢]بەپێى لێكدانەوە جياوازەكانى توێژەران، لێكدانەوەى جياواز لەخۆدەگرێت ((زانياريى وەك زنجيرە بڕەكان، پەيوەندى بە ڕێكخستن و شيكردنەوەو بەكۆمپيوتەر كردنەوە هەيە لەهەمانكاتدا بەفۆرمكردن و كۆكردنەوەى تايبەتيەكانى گشتە لەكەمدا))[٣].

بەم پێيە چەمكى زانياريى لە زانستى ماتماتيكدا، زنجيرەيەكە لەبڕەكان واتە ڕيزێك لە نيشانە دياريكراوەكانە و كە لە كۆمەڵێك يان لە ئەلفوبێيەك هەڵبژێردراون. سيگما($\Sigma$)ش، كە لەماتماتيكدا پێى دەوترێت (سەمەيشن /summation) واتە كۆكردنەوەى زانيارييەكان، توخمەكانى سيگما

---

[1] Crystal.D,(2003:234)

[٢] (Norbert wiener) لەساڵى١٩٤٨، زانياريى بەسێيەم بڕى جيهانى لەسەر ناوەندى وزە و مادە ڕاگەياند، زانياريى بووە بە زاراوەيەكى نێوەندى بۆ بەشێكى گەورەى مرۆڤايەتى و ناونانى وەك لقێكى زانستى نوێ وەك (سيستەمى زانياريى، زانستى زانياريى، تيۆرى زانياريى...) ، بەڵام ئەو زانياريانەى كە بەجۆرێك لە جۆرەكان ڕوون نين و مەوداى فراوانى لێكدانەوەيان هەيە لايەنەكانى (تەكنيكى، پەيوەنديكردن، پەروەردەيى، هۆشەكى و زانستيى) ن .بۆ زانياريى زياتر بڕوانە : Hesse.W,Muller.D&Rub.A,(2008:2)

[٣] سەرچاوەى پێشوو:ل(٣-٤).

پێیان دەوترێت نیشانە و زنجیرەی سەر سیگماش، هەرنیشانەیەکی دیاریکراوی فۆرمی سیگمایە، بۆ نموونە:

ئەگەر سیگمایەك پێکبێت لە{١،٠} ئەوا زنجیرەی ١٠١٠ لە سیگمایەك زیاتر لەخۆیدا هەڵدەگرێت، درێژی زنجیرەکان دەکەوێتە سەر ژمارەی نیشانەکان لەزنجیرەکەدا، واتە ئەگەر نیشانەکان زۆربوون ڕیزبەندییەکەو درێژی زنجیرەکان زۆردەبێت، لەوانەیە هەر ژمارەیەك بێت، کە تەواو و ڕاست بێت، بۆ نموونە: ئەگەر سیگمایەك پێکهاتبێت لە{٠،١} ئەوا ڕێی تێدەچێت ئەم ڕیزکردنانەی هەبێت{١١،١٠،٠١،٠٠}بەم شێوەیە[٤]:

$$\Sigma=\{0,1\}$$

$$\Sigma^{2}=\{00,01,10,11\}$$

ئەگەر ژمارەی سەر سیگما سفر بێت، ئەوا درێژی زنجیرەکە ڕێگە پێنەدراوەو پێکدێت لە:

$$\Sigma^{\circ}=\{\varepsilon\}$$

نیشانەی (* )لەسەر سیگما واتە ژمارەیەکی بێ سنور، هەموو توخمەکانی Σ درێژییەکی دیاریکراویان هەیە، واتە ناکرێت بڵێین ئەمە (١١١١١١١١١١١١١١١١١) درێژییەکی ڕێگە پێدراوە، گروپی زنجیرەکان لەسەر سیگما پێی دەوترێت (زمانی شێوازبەندی)[٥] لەسەر سیگما، نموونە:

ئەگەر سیگمایەك پێکهاتبێت لە{٠،١}ئەوا گروپی زنجیرەکان، لەگەڵ ژمارەی تەواوی سفرپێکدێت لە ({ε،١١،٠٠، ٠٠١، ٠١٠، ١٠٠ ،١١١، ٠٠٠٠، ٠٠١١، ٠١١٠، ١٠٠١، ١١٠٠، ١١١١، ٠٠٠٠∞})،بەم شێوەیە:

$$\Sigma=\{0,1\}$$

---

[٤] لێرەدا (٠،١) نرخی هەر زانیارییەکن و زانیاریی زمانیین، زانیاریی سەرەتا بەم شێوە ئەبستراکتیی و ماتماتیکییانە هەبووە، ئێستا ئەم زانیارییانە پراگماتیکییانە کاریان لەسەردەکرێت، بڕوانە (٢/٢) ئەم لێکۆڵینەوەیە.

٥ زمانی شێوازبەندی (Formal language) کۆمەڵە وشە یان زنجیرە دیاریکراوەکانی پیتەکان یان نیشانەکان یان ئاماژەکانە، نموونە بۆ گروپی نیشانەکان وەك (ASCII) چەمکێکی کۆمپیوتەرییە، سیستەمێکی ژمارەییە بۆ بەجفرەکردنی زانیاریی کۆمپیوتەر بەکاردێت، کورتکراوەی "American Standard Code for Information Interchange" (کۆدی ستاندەردی ئەمریکییە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریی)"، زنجیرە دیاریکراوەکانی دەنگەکان لەزمانەکاندا ئاشکرایە و ئێمە بەو ژمارە دیاریکراوانە چەندەها ریزبەندی وشە وفرێزو ڕستەوەدەق دروستدەکەین لە زماندا، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: http://www.ebay.com/ctg/Academic-Writing-Graduate-Students-Second-Edition-Essential-Tasks-and-Skills-Christine-B-Feak-/5944157.

$\Sigma^*=(\{\varepsilon,11,001,100,010,100,111,0000,0011,0110,1001,1100,1111,\ldots..\infty\})$.

سەرەڕای ئەوەی زانستی زمان پێڕەوەو بەپێی پێڕەوی تایبەتی خۆیی کاردەکات، بەڵام سیستەمی زانیاریی زمانی لەسیستەمی ماتماتیکییەوە داڕێژراوە، بۆ نموونە: ئەگەر لە ڕستەیەکی لێکدراودا هەر دوو وشەی {باش،دڵخۆش} لەپێکهاتەکەیدا هەبێت ،ئەوا دەتوانرێت  ئەم چەند شێوە ڕیزکردنەی لێ دروستبکرێت :

١.أ.  من باشم و دڵم خۆشە.

ب.  من باشم بەڵام دڵم خۆش نییە.

پ. من دڵخۆشم بەڵام باشنیم.

ت. من باشنیم و دڵیشم خۆشنییە.

هەریەك لەڕستەکان وەکو ڕیزکردنەکانی {٠،١} وایەو کۆکردنەوەی هەموو ڕستەکانیش واتە کۆکردنەوەی بڕی زانیارییەکان، بەم شێوەیە:

Σ={١.١، ١.ب،١.پ،١.ت} بە هەمان شێوەی سەرەو ڕیزبوونی{١١،١٠،٠١،٠٠}

ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەوەی، کە سەرەو ڕیزبوونی جیاواز واتای جیاواز دروستدەکات و بەپێچەوانەشەوە واتای جیاواز سەرەو ڕیزبوونی جیاوازی پێویستە و لە زانستی زمان و ماتماتیکدا، هەر ڕیزبەندیەك  نرخ وبەهای تایبەتی خۆی هەیە و هەر پاش و پێش خستنێك دەبێتە هۆی گۆڕینی بەهاونرخی نیشانە و بڕەکان.

پەیوەست بە تێڕوانینی کۆمپیوتەرییەوە، هەندێك تێڕوانینی تر زانیاریی وەك یەکەی تیۆری پەیوەندیکردنی تەکنیکی، پێناسە دەکەن و دەیبەستنەوە بە بڕی ئەرکی ئەو یەکە زمانییەی کە لە پەیوەندیکردندا دەیگەیەنن ((بڕی زانیاریی وەك یەکەی ئاڵوگۆڕکردن بەنزیکەیی بەستراوە بە وزە و ئەرکی زانیاریی کۆکردنەوەی بڕەکانە، بۆ کەمکردنەوەی گومان لە حاڵەتی سیستەمێکی دیاریکراودا، وەك پەیوەندیکردن بە ئامێرەکان بەتایبەتی کۆمپیوتەر ))[٦].

زۆرێك لە توێژەران لە پێناسەکردنی یەکەی زانیاریی زمانیدا پشت دەبەستن بە زانیاریی ، وەك پەیوەندی تەرزەکان  دەیخەنە ڕوو:

بریتییە لە بەکارهێنانی وزە یان هەندێك فۆرمی وزە، بەشاراوەیی و بەدەرکەوتووی، کە بەستراوە بەڕۆڵبینینەوە لەچوارچێوەیەکی دیاریکراوداو تەرزەکان هەڵگری واتان و پەیوەندیان لەگەڵ لێکدانەوەی واتادا دیاریکراوە ((زانیاریی وەك هەندێك تەرزی ڕێکخراوی مادە یان وزە ناسێنراوە، کە

[6] Hesse.W,Muller.D,Rub.A (2008:4).

"واتا" لەلایەن بوونە زیندووەکانە وەدەبەخشن ))[٧]. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بۆچونە، نموونەیەکی ڕستەی تەمومژاوی دەهێنینەوە:

١.٢. دوومناڵ سێ کۆتریان گرت.

لە نموونەیەکی لەم جۆرەدا، واتای شاراوەی زیاتر تیایە یان لەڕووی واتاییەوە تەمومژاویە، ئایا (دوومناڵ) بەیەکەوە سێ کۆتریانگرتووە یان هەریەکەیان سێ کۆتریان گرتووە، ئەم تەمومژیە دەڕەوێتەوە، ئەگەر بڵێین:

ب. دوێنێ دوو مناڵ بەیەکەوە سێ کۆتریان گرت.

بە شێکی تر لە پێناسەکان جەخت لەسەر، زانیاری وەك بەشێك لە کۆزانیاریی (Knowledge) دەکەنەوە:

زانیاریی کۆزانیارییەکە لە ڕاستییە دیاریکراوەکان و ئەو پرۆسانەی کە بەشێکن لە ڕاستی هەستپێکراو یان خەیاڵاوی (زانیارییەکان بریتین لە پەیوەندییەکان یان پێشبینی کۆزانیارییەکان یاخود زەنگینییان دەبێتە هۆی دەسکەوتنی کۆزانیارییەکان لە ئەنجامی پشکنین یاخود بونیادنانەوە)[٨].

کۆزانیاریی، بریتییە لە کۆی زانیارییە گونجاوەکان، کاتێك کەسێك بیر لە زانیاریی دەکاتەوە، ئەوا کۆزانیاریی کۆکردۆتەوە، بۆ نموونە:

کۆکردنەوەی زانیاریی کۆزانیاریی بە هۆی خشتەی لێکدانەوە، کاتێك خوێندکارێك پێمان دەڵێت: ٢×٢=٤ لەبەر ئەوەیە کە کۆزانیارییەکەی کۆکردۆتەوە، بەڵام لە کاتێکدا پرسیار بکەیت (١٢٦٧×٣٠٠)=؟ ناتوانێ بەڕاستی وەڵام بداتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو زانیارییە لەناو خشتەی

---

[٧] سەرچاوەی پێشوو : ل (٤-٥).

[٨] بە گوێرەی Russell Ackoff ناوەڕۆکی مێشکی مرۆڤ دابەش دەبێت بۆ پێنج کەتیگۆری:

(١) داتاکان، کەنیشانەکانن.

(٢) زانیاریی، بەکارهێنانی داتاکان بۆ سود لێوەرگرتن، کە وەڵامیکە بۆ پرسیاری (کێ، چی، لە کوێ، چۆن).

(٣) کۆزانیاریی، جێبەجێکردنی داتاو زانیارییە، وەڵامێکە بۆ پرسیاری (چۆن).

(٤) تێگەیشتن، هەڵسەنگاندنە لەگەڵ پرسیاری (بۆچی).

(٥) ژیری، نرخاندنی تێگەیشتنە.

بەپێی (Ackoff) چوار کەتیگۆری یەکەم بەستراوە بە ڕابردووەوە، مامەڵە لە گەڵ ئەوەدا دەکات، کە چی هەبووەو چی زانراوە، و تەنها کەتیگۆری پێنجەم (ژیری) مامەڵە لەگەڵ داهاتوودا دەکات، لە بەر ئەوەی بینای هۆشەکی و پلان دەگرێتەوە، لەگەڵ ژیریدا مرۆڤ داهاتوو دروست دەکات، نەك تەنها ئێستاو ڕابردوو، بەڵام سەرکەوتن بەسەر ژیریدا ئاسان نییە، مرۆڤ پێویستە سەرکەوتووانە بە ناو کەتیگۆرییەکانی تردا تێپەڕێت، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: Bellinger,G.Castro,D.Mills,A(2004:2).

لێکدانەکەدا نییە، بۆ وەڵامی ڕاستی پرسیارەکە، پێویستی بە توانا ڕاستییە سایکۆلۆژی و شیکارییەکان هەیە، کە لەئاستەکانی تردا هەیەو تێی دەگەین، لێرەدا نموونەی ڕستەی پرسیاری دەهێنینەوە، وەك:

٣. کێ بردی؟

لە نموونەی (٣) گوێگری یەکەم کە ئاگاداری کۆزانیارییەکەیە، دەتوانێ وەڵام بداتەوە، چونکە زانیاریی داواکراو لە خشتەی لێکدانەوەی زانیارییەکەیدا هەیە، بەڵام گوێگرێکی دەرەوەی ئاخاوتنەکە ناتوانێت، چونکە زانیاریی داواکراوی لە خشتەی لێکدانەوەی ئاوەزیدا نییە.

## ١-١/١) پێناسەکانی زانیاریی:

پەیوەست بە هێماکارییەوە زانیاریی چەندین پێناسەی هەیە، لێرەدا دوو پێناسەی وەردەگرین:

**پێناسەی یەکەم/** زانیاریی وەك زاراوەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندن پێناسەکراوە، کە یەکە بنچینەییەکەی (هێما) یە، هێما لایەنی فیزیکی وچەمکی هەیە. ئەم پێناسەیە چەند خەسڵەت و پەیوەندییەکی هەیە بۆ نموونە لەم پێناسەیەدا بەشێوەیەکی گشتی هێماکان، خۆیان لە ناو سێ ئاستی بنچینەیی دا دەبیننەوە(پراگماتیك، سیمانتیك، سینتاکس ) هەمووشیان پەیوەستن بە ئەزموونگەراییەوە، ئەم ئاستانە لەلایەکەوە خزمەت بە پەیوەندی کۆمەڵگای جیهانی(کە کارلێکردنی چوارچێوەی کۆمەڵایەتییە) و لەلایەکی ترەوە بەجیهانی فیزیکی و تەکنیکی دەکات، واتە هێماکان[٩].

أ. لە پراگماتیکدا، دەربارەی مەبەستی پەیوەندیکردنە، بابەتی هێماکان لەگەڵ دەوروبەردا دەبەستێتەوە.

ب. لەسیمانتیکدا، دەربارەی واتای پەیام و گواستنەوەی لە کردەی پەیوەندیکردندا، ناوەرۆکی پەیوەندیکردن ڕەچاو دەکات و لێکۆڵینەوەیە لەواتای هێماکان، ئەڵقەی نێوان ( هێماکان و ڕەوشتەکانیان و ڕەمز و ئاماژەکانیان یان چەمکەکانیان)ە، بەتایبەتی لە ئەو لایەنەوە کەهێماکان بەڕەوشتی مرۆڤەوە بەستراون.

---

٩ (Beynon-Davies) بیرۆکەی ئاڵۆزی زانیاریی لە زاراوەکانی هێما و زانستی هێما ڕونکردۆتەوە، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە http://en.wikipedia.org/wiki/Information : بەڵام (Stamper 1991) هەموو جۆرەکانی پەیوەندیکردنی دابەشکردووە بۆ شەش بەش (کۆمەڵگای جیهانی، پراگماتیك، سیمانتیك، سینتاکس، ئەزمونگەرایی، فیزیکی) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (Hawizy,Phillips,Connolly:2006:479). هەر لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە (2000:26-31:Lui.Kecheng) نموونە ، بۆ جیهانی کۆمەڵایەتی و پراگماتیك:


١.دەمەوێت سەیری یاری تۆپی پێ بکەم .

ئەمە ئەوە دەردەخات، کە پێویستە کەناڵەکە بگۆڕدرێت، بۆ ئەو کەناڵەی کە یاریەکە پیشاندەدات.

پ. لە سینتاکسدا، بەکارهێنانی فۆرمە بۆ لێکدانەوەی پەیام، سینتاکس لێکدانەوەی فۆرمی پەیوەندیکردنە لەزاراوەکانی لۆژیك و رێزمانیی سیستەمەکانی هێما.

**ئەزمونگەرایش**، لێکۆڵینەوەی هێماکانەو بۆ گواستنەوەی پەیامەکانە، لەتایبەتێتی فیزیکی ناوەندی پەیوەندیکردن، تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە کەناڵەکانی پەیوەندیکردن و تایبەتێتیەکانیان، بۆ نموونە(دەنگ، ڕووناکی، بلأوکردنەوەی ئەلکترۆنی...هتد)[١٠].

لەبەر ئەوەی کە، کەتیگۆری زانیاریی بەشداری لە پرۆسەی هێمادا دەکات، Frisco سێگۆشەی سیمۆتیك بۆ شێوەی ئەندازەیی فراواندەکات، وەك شێوەی ژمارە(١) [١١]:




هێڵکاری ژمارە (١)

نموونە بۆ زانیاریی وەك زانستی سیمۆتیك:

٤. خوێندکارەکە بە دڵتەنگییەوە بۆماڵ ڕۆیشتەوە.

٥. چایەکە لەسەر پشکۆ بکوڵێنە .

لە هەریەك لە ڕستەکانی (٤) و(٥) دا، لە لایەنی سینتاکسیدا، تەرزەکان دەچنە پاڵیەك بۆ گواستنەوە و بلأوبوونەوەی زانیارییەکان. لە ڕستەی (٤) دا، هەریەك لە فریزەناوی و دوو فریزە پێشناویەکەو فریزە کرداریەکە چونەتە پاڵیەك، لەڕستەی (٥) دا هەریەك لە فریزە ناویی و پێشناوی و کرداریەکە چونەتە پاڵیەك و لە هەردوو ڕستەکەدا پێکهاتە خراوەتەکیەکەکان ڕستەیەکی فۆرم

---

[١٠] (Beynon-Davies) (ئەزموونگەرایی) بەجیا وەك ئاستێکی بنچینەیی دادەنێن، بەلأم لێرەدا ئێمە وەك ئاستێکی تەریب بەرانبەر ئاستەکانی تر، دایدەنێین، چونکە ئەم ئاستە لەهەموو ئاستەکانی تردا ڕۆڵدەبینێت.

[11] Hesse.W,Muller.D,Rub.A (2008:9).

دروستیان بەرهەمهێناوە، ئەمانیش لەپاڵ لایەنی سیمانتیکیدا، پێکەوە واتاکان دەگەیەنن. لە فرێزی(بە دڵتەنگییەوە) واتای دڵتەنگی وشەیەکی ئەبستراکتە وچەمکێکمان بۆی هەیە و، لە فرێزی(لە سەر پشکۆ) وشەی پشکۆ وشەیەکی کۆنکرێتە، لە دنیای دەرەوە ئاماژەمان بۆی هەیە، هەروەها لەڕووی پراگماتیکەوە لەلێکدانەوەی لەناو چوارچێوەیەکی دیاریکراوداو کۆکردنەوەی ئاماژەکان لەلایەنە پێش چاویەکانی (فیزیکی یان هۆشەکی)شتەکان، لەناو پرۆسەی زانیاریدا گۆڕانە گونجاو و هۆشەکی وفیزیکیەکان دەگرێتەوەو کاریگەری تەواو و دروست، لە بەستنەوەی پێکهاتە زانیارییەکان بە ئاماژە بۆکراوەکانەوە.

**پێناسەی دووەم/** زانیاریی وەك دیاردەیەکی ڕۆژانە، واتە وەکو ئەو دیاردەیەی کە ڕۆژانە لەهەموو بوارەکاندا هەیە (( زانیاریی سنوورێکە، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی جیاوازی)) [١٢]، چەمکی زانیاریی وەك زانیاریی ئەو هەستەی بەکارهێنانی ڕۆژانەیەو تێیدەگەین، لەسەر بنچینەی پەیوەندیکردنی کەسەکان بنیادنراوە و پێوانەی پەیوەندییەکان لەباریی و ڕاستییە، واتە ڕادەی گونجاویی و ڕاستی زانیارییەکەیە. زانیاریی نەبەخشین (نەگەیاندن) دەگەیەنێت لەبەرانبەر تاکدا، بەو واتایەی هەندێك لە زاراوەکان بە شاراوەیی دەمێننەوە، بەدەر لەوەی کە لە ئاخاوتنەکاندا هەن. ئەمەش دەمانگەیەنن بەوەی، کە مەرج نییە زمان هەموو زانیارییەکان بخاتە گەڕ، لە پەیوەندی لەیەکگەیشتندا و ڕستەو گوتنەکان زانیاریی ئاشکراو شاراوەیان تێدایە، بە دەر لەو زانیارییە گەیەنراوەی کە لە بیری کەسەکەدا هەیە، بۆ نموونە لە پرۆسەی دادگایکردندا، یاخود لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەی تاوانباراندا یان شایەتیداندا، کەسی لێکۆڵەر یان پارێزەر چەند بیەوێت زانیاریی زیاتر بەدەست بهێنێت، ئەوا کەسی شایەت یان تاوانبار مەرجە هەموو زانیارییەکانی ئاوەزی بدرکێنێت.

تیۆری زانیاریی ڕێگەیەك بۆ بە جفرەکردنی زنجیرەزانیارییەکان دەدات، بەشێوەیەکی زۆرچالاك، کە کورترین ڕێگەی هەڵبژاردنی کۆدەکانە، بۆ گوزارشتکردن لە زۆرترین زنجیرەی ڕوداوەکان، هەروەها ناوەرۆکی زانیاریی ئاماژەیە بۆ دووبارە بوونەوەی ڕوداوەکان و لێکدان بۆ هەموو زنجیرە ڕوداوەکان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا و، ئەمەش کاتێکی زۆرو بێسنوری ناوێت، لە هەرحاڵەتێکدا بێت ئێمە دەتوانین دیاری بکەین.

---

[١٢] زانیاریی لە هەموو بوارولایەنەکاندا هەیە، بۆیە سەرەڕایی ئەو پێناسانەی سەرەوە زانیاریی وەك ( دیاردەیەکی فێرکاری) وا پێناسەکراوە، کە جیاکردنەوەی زاراوەی زانیاریی و جیاکردنەوەی لە فێرکاریی گونجاونییە، زانیاریی بەباشی دەوەستێتەوە بۆ پرۆسەی گواستنەوەی کۆزانیاریی وچۆنیەتی کاریگەریکردنە سەر یەکتری، وەك لە ڕەوشتی پەروەردەیدا ، پرۆسەی پێکهاتنەکە بەگشتی لە گەشەکردنی ئۆرگانی مرۆڤایەتی پێکدێت. زانیاریی وەك (دیاردەیەکی جیهانی) لەگەڵ زاراوەکانی وزە و مادە، سێ زاراوەی بنچینەیی و گرنگی زانستی سروشت و ئەندازیارین، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:(Hesse.W,Muller.D,Rub.A (2008:4.

نموونە : ئەگەر هەموو سەری ساڵێك، هەمان کارتت لەلایەن هاوڕێیەکتەوە بۆ بێت و، هەمیشە هەمان پەیامی تێدابێت، ئەوا هەموو سەری ساڵێك هیچ زانیارییەکت دەستنەکەوتووە لەلایەن ئەو هاوڕێیەتەوە، چونکە زانیارییەکە نەگۆڕە و کارتەکە زانیاریی نوێی تێدانییە.

## ٢–١/١) تیۆری زانیاریی[١٣] / Information Theory/:

تیۆری زانیاریی، پێڕەوێکە لە ماتماتیکی پراکتیکیدا، کە لەبڕی تواناداروو ئامانجی تواناداری پێکهاتووەو لەم پێڕەوەدا زانیارییەکان هەڵگرتن و گواستنەوە یان بەسەردا دێت، واتە داتای گونجاوی بێشومار لە ناوەندە گوێزەرەوەکاندا چارەسەردەکرێن[١٤]. زانیاریی پەیوەستە بەو وەرگرتنانەی کە لە تیۆری ماتماتیکی پەیوەندیکردندا هەیەو بیرۆکەکە لە تیۆری زانیارییەوە داڕێژراوە.

## ١–٢–١/١) زانیاریی لە تیۆری پەیوەندیکردندا:

زانیارییەکان لەتیۆری پەیوەندیکردندا، ژمارەیەك پێوانەن بۆ کۆمەڵێك ناوەرۆکی ئەتۆمی کەبەش بەش ناکرێن، چونکە زانیارییەکان بە هەزارەها هێمای بچوکن یاخود ئەرکی هەمە چەشنەن[١٥].

٦. دەریا دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی هەیە.

لەم نموونەیەدا ئەگەر هەریەك لە وشەکان، جیابکەینەوە بەشێکی زۆر لە واتاکەی تێکدەچێت و ئەگەر وشەکانیش جیا بکەینەوە بۆ برگەکانیان ئەوا بەتەواوەتی ئەو زانیاریانەی هەڵیانگرتووە دەشێوێت. لێرەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە کە زانیارییەکان کەبەش بەش بکرێن، ناوەرۆکە واتاییەکەی تێکدەچێت و ئەرکەکەی نەگەیەنراو دەبێت. زانیارییەکان کاراکتەری بنچینەی پەیوەندییەکانن، کە هەندێك جار بەهۆی زنجیرە لەبرییەکان و سازدانەکانی شتێکەوە دەردەکەون و دەبنە هۆی

---

[١٣] شانۆن و ویڤر (Warren weaver, Claude Shannon) لە کتێبەکەیاندا بەناوی (تیۆری ماتماتیکی پەیوەندیکردن) لە ساڵی١٩٤٨، تیۆری زانیاریان داهێناوە، بڕوانە: Crysta(2003:234) شانۆن، پێش دۆزینەوەی تیۆری زانیاریی ، لە ساڵی ١٩٣٧ (دیجیتاڵی کۆمپیوتەر) و(تیۆری پلانی پێکهاتەی کارەبایی دیجیتاڵی) دۆزیوەتەوە، کە بنچینە بوون بۆ ئەم تیۆرییە.

[14] Gibbon.D,(2007:15).

[١٥] سەرچاوەی پێشوو:ل (١٦–١٧).

بەرهەمهێنانی کاریگەری تایبەت و لە هەندێك حاڵەتی تردا، وادەکەن کە بونیادی گۆڕانکارییەکان لەبار بن بۆ هەموو ئەزموونە ئاوەزییەکان، یاخود نواندنە فیزیکییەکان .

ئاشکرایە کە بەردەوامبوونی هەموو پەیوەندیەك، یەکێك لە خاڵە سەرەکییەکانی بریتییە لە بوونی زانیاریی و زانیاریی بەشێکە لە تێگەیشتن، ئەگەر لە بابەتێك تێنەگەیت، بەواتە زانیاریت لەسەری پێنەگەیشتووە و ناتوانیت زانیاریی لەسەری کۆ بکەیتەوە، بە پێچەوانەوە ئەگەر فێری شتێك بیت بەواتا زانیارییەکت لەسەرئەو شتە وەرگرتووە.

زانیاریی لە نێوان نێرەرو وەرگردا، لەڕێگەی کەناڵەوە بلأودەکرێتەوە، ڕۆڵەکان دیاریکراون و پەیامەکانیش تێکەڵ ناکرێن بەپێی سەرەو ڕیزبوونی ((زانیاریی هاوڕێژەبونێکی(ڕێژەگەرای) گومانە بەو واتایەی کە گومانی زۆر بەرانبەرە لەگەڵ بڕێکی گەورە لە زانیاریی و گومانی کەمیش بەرانبەرە لەگەڵ بڕێکی کەم لەزانیاری))[16]. بەم پێیە زانیاریی پشت بە مەبەست و ئامانجی قسەکەر دەبەستێت و ئەو واتاو مەبەستانەی، کە قسەکەر بەرهەمیان دەهێنێت، پەیوەندی پڕاوپڕی هەیە بەبڕی ئەو زانیاریانەی کە دەیزانێت، بۆ نموونە:

ئەگەر لە نموونەی (١) بڕوانین: (١.١،١.ب،١.پ،١.ت) ئەگەر کەسێك یەکێك لەم ڕستانەی بە نامەیەك بەدەست بگات، زانیاریی زۆر دەگات بەکەسەکە، چونکە گومانی زۆر، واتە زانیاریی زۆرو هەریەك لەڕستەکان لە دووبڕی زانیاریی پێکهاتوون، بەڵام ئەگەر بوترێت (من باشم، من نەخۆشم) ئەوا بڕی زانیارییەکە هەمان بڕە. پێوانەی زانیاریی بە(Entropy) ناسراوە وەك ئەرکی زانیاریی، کە لە لایەن تێکڕای ژمارەی بڕەکانەوە(Bits) پیشاندەدرێت ، کە پێویستن بۆ پەیوەندیکردن[17].

[16] Castello L.(2004:2).

[17] Entropy: بریتییە لە پێوانەی هەموو ئەو دامەزراوە گومانکاریانەی، کە لە گۆڕاوی ڕوداوەکاندا هەیە، کە مەبەست لێی هەموو ئەو بەها چاوەڕوانکراوانەیە، کە زانیارییەك لە ناوەڕۆکیدا هەیە، بۆ ئەو پەیامەی کە دەیگەیەنێت و لە تیۆریەکەی شانۆندا (ناوەڕۆکی زانیاریی) بریتییە لە بڕی ونبوو یان ونەبووی ڕووداوی گۆڕاوەکان، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە :

( http://en.wikipedia.org/wiki/Entropy_(information_theory) ).

ئینترۆپی(H)، پێوانەی بڕی گومانە و پەیوەست دەبێت بە بەهای پەیامەکانەوە(X) ، ئەگەر (X) گروپی پەیامەکان بێت، واتە{$x_1,\ldots\ldots\ldots x_n$} و p(x) ئەگەری پەیامەکانە و x ∋ X ، واتە x ی بچووك بەشێکە لە X ی گەورە بەم شێوەیە (X) Hپێناسەکراوە:

$$H(X) = E_X[\, I(x)]$$

- H ← ئینترۆپی
- E ← نرخی چاوەڕوانکرا و
- I ← ناوەرۆکی زانیاریی
- x ← گۆڕاوی زانیاریی


E بەها چاوەڕوانکراوەکانە، I ناوەرۆکی زانیارییەکەیە، I(x) خودی زانیارییەکەیە، تایبەتێتییەکی گرنگی ئینترۆپی ئەوەیە، کە بڕێکی گەورە و گرنگ و گونجاوە کاتێك کە هەموو پەیامەکان لە بۆشایی پەیامێکدا ئەگەر گونجاون، بۆ نموونە ئەم لێکدانەوەیە بۆ نموونەی (١) بەم جۆرەیە:

٧.ئینترۆپی (من باشم و دڵخۆشم) =هەندێك باشی و دڵخۆشی ( باشی و دڵخۆشی هەر چوار ڕستەی ١.ا، ١.ب، ١.پ، ١.ت )

سەرجەم زانیاریی (باشم و دڵخۆشم)

H(پێوانەکە) (H) ڕستە سەرەکیەکە، کە زانیاریی چوار ڕستەکەی تیادایە = $_X$E واتە بڕێکی زانیارییەکە بەگومانەوە سەرجەم ڕستەکان، کە بەشێکن لە ڕستە گەورەکە I(x)بەشێکە لە X ی گەورەو بچوکتریشە لێی

مۆدێلی پەیوەندییەکەی شانۆن لە هێڵکاری(٢) دا خراوەتەڕوو[١٨] :




هێڵکاری(٢) مۆدێلی کردەی پەیوەندیی– لەیەکگەیشتنی شانۆن[١٩]

مۆدێلی پەیوەندییەکەی شانۆن بەڕوونی دیارە کە، هەموو زانیارییەك دەکرێت بە پەیام ، واتە بە جفرەکردن و سەرچاوەیەکی هەیە و لە رێگەی کەناڵێکەوە دەگوێزرێتەوە و وەرگر وەریدەگرێت ، واتە جفرەلێکدانەوە.

لە مۆدێلی پەیوەندیکردنی شانۆندا، ئەگەر هەموو پەیامێك X بێت لەناو گروپی پەیامەکان ئەوا X بەتەواوەتی نەزانراوە و گوماناوییە و بڕی زانیارییەکەش گەورەترینە، بەرزترین ڕادەی ئەرك کە زانیارییەکان دەیبینن[٢٠]:

H(X)=Log/X/

واتە ئینترۆپی گۆڕاوێکی گوماناویی چەند جارەی ئەو گۆڕاوە دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر هەموو پەیامێك زانراوبێت، ئەوا ڕادەی ئەرك بریتی دەبێت لە: H(X)=0

---

[18] Gibbon.D,(2007:15).

[١٩] بۆ تێگەیشتن لە کردەی پەیوەندیکردن و لەیەکگەیشتن، بڕوانە: محەمەد مەحویی (٢٠٠٩: ٢٨– ١٦٢).

[٢٠] لۆگاریتم چەند جارەی ژمارەیەکە کە، پێی دەوترێت بنچینە، کە بۆ بەرهەمهێنانی ژمارەکانی تر لێکیدەدات. بەگشتی لۆگاریتمی دوانی بەکاردێت و بچوکترین یەکەی زانیاریی بڕە(bit) کە ژمارە (١–٩) دەگرێتەوە و ٨ بڕ=١ بایت، واتە (8bits=1byte) بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە: Crystal.D,(2003:234).

واتە ئینترۆپی گۆڕاوێکی زانراو، سفرە لەبەرئەوەی بڕی گومانی ئەو زانیارییە هیچ نییە(گوماناویی نییە).

شیکردنەوەکانی زانیاریی تیۆری زانیاریی لێکۆڵینەوەکەمان دەگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە زانیاریی نە مادەیە و نە شتێکی سروشتییە، بەڵکو ڕۆشنبیرییەکە، لەناو تەرزەکان و داتاو پەیامەکاندا دەردەکەوێت و پرۆسەیەکە، شوێنێك دەگرێت لەمێشکدا و لایەنی سینتاکسی و سیمانتیکی و پراگماتیکی هەیە، هەروەها زۆری لە تەکنەلۆژیای زانیاریی بەڵگەی زۆری لە زانیاریی یان چاکی ئەو زانیاریانە ناکات، زۆربوونی داتا مەرج نییە بۆ زۆری کۆزانیاریی، ئەم زانیارییەش لەگەڵ دروستەدا یەکدەگرێت و (دروستەی زانیاریی) پێکدەهێنێت.

## ٢/١) دروستەی زانیاریی /Information Structure/

دروستەی زانیاریی[٢١]دروستەیەکی زمانەوانییە، هەندێك لەڕێگاکان بە دروستە و پێکهاتەیەکی سینتاکسی دادەنێت وهەندێك بە دیاردەیەکی پراگماتیکی تەواو و، هەندێکی تر بە بیرێکی تێکەڵ لە سیمانتیك و پراگماتیك و سینتاکسی دادەنێت، لێرەشەوە دروستەی زانیاریی، بریتییە لە پێچانەوەی زانیارییەك بە شێوەیەك، کە بەزوویی و ئاسانی پێویستییەکانی قسەکەر و گوێگر لەوەرگرتنی زانیاریی پڕ بکاتەوەو پرۆسەی تێگەیشتن لەنێوانیاندا بێنێتە ئاراوە. بەواتایەکی تر دروستەی زانیاریی ئەو میکانزمەیە، کە هەوڵدەدات دروسترین فۆرم بۆ ئاخاوتن و پەیامەکان هەڵبژێرێت، مەبەستیش لە دروسترین فۆرم ئەوەیە، کە گوێگر لەهەر بارێکدا بێت بتوانێت بەڕاستی و دروستی لەپەیامی قسەکەر تێبگات[٢٢]. هەروەها دروستەی زانیاریی، سەرنجدان و لێکۆڵینەوەیە لەو شێوازانەی کە قسەکەر بۆ ڕێکخستنی دروستەی ڕستەکانی دەریاندەبرێت ئەویش بەمەبەستی بەخشینی زانیارییەکی نوێ بەکاریدەهێنێت، کە لەڕێگای زانیارییەکی کۆنەوە گوێگر دەتوانێت لێی تێبگات و زانیارییە نوێیەکەش بە تێکستەکەی پێشترەوە دەبەستێتەوە.

بەگشتی زاراوەی دروستەی زانیاریی ئاماژەیە بۆ دابەشکردن و ڕێکخستنی ( دەستەواژە، دەربڕاو یان توخمەکان) بەگوێرەی حاڵەتی ئاخاوتن، بەواتایەکی تر پەیوەندی نێوان بۆچوونەکانی قسەکەر

---

[٢١] دروستەی زانیاریی: ئەم دیاردەیە شیکراوەتەوە لەلایەن هەندێ لە توێژەرانی سەدەی (١٩–٢٠) و زاراوەکە دەگەڕێتەوە بۆ هالیدای Haliday١٩٦٧–١٩٦٨ ، دوای ئەو چۆمسکی ١٩٧٠–١٩٧١ ، لێیکۆڵیوەتەوە، بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەو نوسەرانەی کە لە دروستەی زانیارییان کۆڵیوەتەوە بروانە: De. Kuthy,K.(2009:10)

[٢٢] ئەم پێناسەیە بەپشتبەستن بەلێکدانەوەکانی چاڤێیە (Chafe) ١٩٧٦ بۆ زانیاریی زیاتر بروانە : .Fery,C.&Krifka,M.(2007:2)

دەربارەی حاڵەتی کۆزانیاریی گوێگر و تێگەشتن لەکاتی دەربڕاو، دروستەی سەرەکی ڕستە نیشان دەدات، دروستەی زانیاریی ڕستە بەستراوە بە دروستەی پێکهاتووەکانی ناو ڕستەو سەرەو ڕیزبوونی وشەکان و پەیوەندیان لەگەڵ یەکتردا (دروستەی سینتاکسی ڕستەیەك ناتوانرێت لەڕێی ئەو یەکە سینتاکسیانەوە لەیەك جیابکرێنەوە، کە لێیان پێکهاتوون، ئەگەر ڕەچاوی لایەنی دروستەی سینتاکسی تری وەك ڕێکخستنی یەکە سینتاکسییەکان بۆ دروستکردنی ئەو ڕەگەزانە نەکەین، کە کەرەستە سەرەتاییەکانیان لەڕێزمانی کلاسیك دا بە بەشەکانی ئاخاوتن ناسراون (سەرەناو، کردار،ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، پێشناو...هتد) ژمارەی یەکە سینتاکسییەکان ژمارەیان زۆرن بەڵام دیاریکراون )[٢٣]. دروستەی ئاستی ڕوکەشی ڕستە پشت بە کێشناسی ئاستی دەنگی ڕستە و بە جفرەکردنی پێکهاتووە سینتاکسییەکانی دروستەی زانیاریی دەبەستێت[٢٤]. لەبەر ئەوە بۆ کارکردن لە دروستەی زانیاریدا پێویستە ئاگاداری دروستەی فرێز و ڕستەکانی زمانی کوردیی بین، ئەمەش لەزۆربەی ئەو سەرچاوانەی کە تایبەتن بە زمانی کوردی پێڕەوبەندانە لێیان کۆڵراوەتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە لێرەدا لێیان نادوێین[٢٥].

---

[٢٣] محەمەد مەحویی (٢٠٠١ :٨٣)

[٢٤] دوو ئەگەر لە تیۆری مۆدولاری ڕێزماندا هەیە بۆ شوێنی دروستەی زانیاریی:

١.بەپێی Vallduvi 1992 دروستەی زانیاریی مۆدولێکی زمانەوانی جیاوازە، چەند پێشنیازێکی کردووە:

ا_بیرۆکەکانی وەك سەرتۆپ و تیشکۆ بیرۆکەی سەرەتای مۆدولەکەن و پێیان وتراوە **زانیاریی**.

ب_زانیاریی، مۆدولی پراگماتیکە.

پ_زانیاریی، مەرجی ڕاستی سیمانتیك دەگەیەنێت، لەکاتێکدا مەرجی ڕاستی سیمانتیك ڕستە ناوەرۆك بەرهەم دەهێنێت، زانستی زانیاریی بریتییە لە زانیاریی، لەبەر ئەوە یەك ڕستە ناوەرۆك لە گەڵ چەندین زانیاریی (دروستەیدا) دا دەگونجێت و یەك زانیاریی (دروستە) لەوانەیە لەگەڵ زیاتر لە ڕستە ناوەرۆکێك بگونجێت، بۆ نموونە:

ا. ئەو حەزی لە خەوتن نییە، یان خەوتن ئەو ڕقی لێیەتی. (یەك ڕستە ناوەرۆکە بەرانبەر بە دوو زانیارییە).

ب. خەوتن ئەو ڕقی لێیەتی، و خەوتن ئەو حەزی لێیەتی( یەك زانیارییە بەرانبەر بە دوو ڕستە ناوەرۆك).

پ_ئەم کەتیگۆریانە لە ئاستی سینتاکسدا لێیان کۆڵراوەتەوە، ئاستی دروستەی زانیارییە.

٢) دروستەی زانیاریی مۆدولێکی زمانەوانی جیاکەرەوە نییە، دابەشکراوە لە نێوان مۆدولەکانی تردا (ئەم ئەگەرە یان زیاتر کاری لەسەر کراوە)، لێکۆڵینەوەکەی ئێمەش هەر بەم جۆرەیە، بڕوانە: (Simik R,(2012:13.

[٢٥] بڕوانە:

ا.ئەبوبەکر عومەر قادر(٢٠٠٣).

ب.عبدولجبار مستەفا مەعروف(٢٠١٠).

پ. شیلان عومەر حسەین (٢٠١١).

یەکەی شیاوی دروستەی زانیاریی ڕستەیە و هەرچەندە ڕێگە بەوە دراوە ، کە یەکەی بچوکتر لە ڕستە ببێتە یەکەی شیاوی دروستەی زانیاریی، بەڵام بە شێوەیەکی هەمیشەی یەکەیەکی شیاو نییە بۆ دروستەی زانیاریی[٢٦].هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە بۆ پەسنکردنی ڕێکخستنی (سەرتۆپ–کۆمێنت) تاقیکردنەوەی پرسیار سودی لێبینراوە، سەرتۆپ لە پرسیار داڕشتنەکەدا دەردەکەوێت ، بەڵام تیشکۆ لەڕێگەی مەودای پرسیارەکەوە نیشانەدەکرێت.

لێکۆڵەرەکانی بواری دروستەی زانیاریی، ئەم زاراوانەیان بۆ چەمکەکانی دروستەی زانیاریی بەکارهێناوە، بڕوانە خشتەی ژمارە (١)[٢٧]:

| ژ | بیرۆکەکان | دانەرەکان |
|---|---|---|
| ١ | بکەری سایکۆلۆژی – بەشەکرداری سایکۆلۆژی | Von der Gabelentz (1869), Paul (1880) |
| ٢ | باس – خواس | Ammann (1928), Mathesius (1929), Firbas (1964), Dane (1970),Halliday (1967) |
| ٣ | سەرتۆپ – کۆمێنت | Von der Gabelentz (1869), Reinhart (1982) |
| ٤ | سەرتۆپ – تیشکۆ | Sgall & Hajic ová & Bene ová(1973) |
| ٥ | گریمانەی پێشینە – تیشکۆ | Chomsky (1971), Jackendoff (1972) |
| ٦ | باگراوند – تیشکۆ | Chafe (1976), Jacobs (1982) |
| ٧ | کۆن/زانراو – نوێ | Halliday (1967), Chafe (1976) |
| ٨ | چالاککراوی پێشتر– چالاککراوی نوێ | Chafe (1976) |
| ٩ | ڕستەناوەڕۆکی کراوە – تیشکۆ | Prince (1981) |
| ١٠ | بیرۆکەی بکەر–بیرۆکەی بەشەکردار | É. Kiss (1995) |

خشتەی ژمارە (١)

[26] Polanyi, L. van den Berg, M. Ahn,D.(2002 :4).

[٢٧] بۆخشتەی زاراوە کوردییەکان، بڕوانە: کاروان عومەر (٢٠٠٨: ١٦) ، کە بۆ پرۆسەی باسمەند باسی لە هەردوو زاراوەکە کردووە ، ئێمەش بۆ دروستەی زانیاریی بەکارمان هێناون.

هەردوو زاراوەی ( سەرتۆپ/Topic– تیشکۆ/Focus) بەکاردەهێنیین، بۆ لێکۆڵینەوە لە چەمکەکانی دروستەی زانیاریی.

### ١-٢/١) پێچانەوەی زانیاریی/ Information Packaging :/

پێچانەوەی زانیاریی، هۆکارێکە بۆ پێچانەوەی زانیارییە زمانەوانیەکان بەمەبەستی ئەوەی بە باشترین شێوە زانیارییەکانی ناو تێکست و گفتوگۆکان بگوازرێنەوە، چونکە ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی فۆرمی سینتاکسی تایبەتی قسەکەر بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی پراگماتیکی تایبەت ، بۆ گونجاندنی لە گەڵ حاڵەتی مێشکی گوێگر[٢٨]، بۆ نموونە یەکخستنی زانیارییەکانی (سەرتۆپ/کۆمێنت وباکگراوند/تیشکۆ)، لەم نموونەیەدا:

٨.أ. ئەی توانا ؟چی خوارد ؟

ب. توانا **ماسی** خوارد.

لەوەڵامی ڕستەی (٨.ب)دا ، (توانا خوارد) باکگراوندە و (ماسی) تیشکۆیە (توانا) سەرتۆپە و (ماسی خوارد) کۆمێنتە، بەم جۆرە بە پێچانەوەی زانیارییەکانی ناو ڕستە دروستەیەکی زانیاریی تەواو دروست دەبێت، ڕستەکەش دەبێتە خاوەنی زانیارییەکی تەواو، ئاستی دەنگی ڕستە، واتە بوونی کێشناسی دەنگ، دەتوانرێت بۆ پێچانەوەی زانیارییەکانی ناو ڕستە سودی لێببینرێت، وەك:

٩.أ. ئاڤان **[وێنەکانی]**ت تەنها پیشانی مندا.

ب. ئاڤان وێنەکانی تەنها پیشانی **[من]**ت دا.

لەم نموونەیەدا زانیارییە نوێیەکان لە کەوانە شکاوەکاندان و ئەوەی دەمێنێتەوە لە ڕستەکەدا زانیاریی زانراون. دروستەی زانیاریی لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت(سەرتۆپ، کۆمێنت) لەناو کۆمێنتدا، کە بواری زانیاریی نوێیە، توخمی تیشکۆ هەیە. لە سەرچاوەکاندا زاراوە جیاوازەکان بۆ بیرۆکەکانی دروستەی زانیاریی دەکەونە بەرچاو، لەگەڵ باسکردنی لایەنی تیۆرییدا بۆ بەرچاوڕوونی پێویستە باس لە ( باس _خواس ، باگراوند_تیشکۆ، سەرتۆپ _کۆمێنت)[٢٩] بکرێت، ، هەروەها لە

---

[28] Michael, G. (2010:73).

[٢٩] نوسەران ( Halliday 1967,Jacobs 1992,Steube 1997, Steedman 1991, Welke 1992) ئەم بەشانەی دروستەی زانیاریان جیاکردۆتەوە بڕوانە (Dehe(2002:104 .

Polanyi,باس لەوە دەکات کە دروستەی زانیاریی پێکدێت لە باس و خواس، باس کە پێویستە بەستراببێتەوە بە گەڕانەوە بۆ ئاخاوتنی پێشتر، خواس کە زانیارییەکی نوێیە پێویستی بەوە نییە، هەریەکەشیان دابەشدەبن بەسەر باکگراوند و تیشکۆدا(Polanyi, L. van den Berg, M. Ahn,D.(2002:2-4 . بڕوانە لێکۆڵینەوەیەك بەزمانی کوردی ساجدە عبدالله فەرهادی (١٩٩٤: ٤١) .

پاڵیاندا باسمان لە تایبەتییەکانی دروستەی زانیاری بۆ زمانی کوردی کردووە، واتە لایەنی کارەکیمان جێبەجێکردووە.

## ١/٢–٢) باس و خواس/ Theme - Rheme /:

دوو بیرۆکەی جیاوازن، کە بە دروستەی زانیارییەوە بەستراون، باس و خواس لای هالیدای وەك تایبەتمەندێتی مۆدێلی (ڕێزمانی ئەرکی پۆلێنکاری) **باس،** ئاماژەیە بۆ ئەو پێکهاتووەی کە قەوارەیەکی هەیەو زانیارێکی زانراوە لەلایەن قسەکەر و گوێگر، ئەو بەشەی دەربڕاوە، کە بە بەشەکانی تری ئاخاوتنەوە دەبەسترێتەوە، **باس** بەزۆری بەشی سەرەتای ڕستە دەگرێت، ئەمەش خاڵێکی نیشانەکردنی باسە، نیشانەکردنی باسەکان لە دەربڕاوەکاندا دەردەکەوێت بۆ نموونە، باس ئەو پێکهاتووەی کە هاتووەتە پێشەوە دەینوێنێت ، کە قسەکەر لە بەر چەند هۆکارێك لەسەرەتادا دەریبڕیوە، باسی نیشانەکراو بەتەواوەتی باکگراوندە لەبەر ئەوە لەپەیوەندی لەگەڵ ئاوازی دەنگدا جەختی ناکەوێتە سەر(هێزی لەسەر نییە ) لەهەر شوێنێك دا بێت.

**خواس** ئاماژەیە بۆ پێکهاتوویەك کە زانیارییەکی نوێ دەبەخشێت دەربارەی باس، ئەو بەشەیە کە زانیاریی باس تێیدا گەشە دەکات، خواس بەگشتی بەدوای باسدا دێت، لە ڕستەیەکدا پاشماوەی ڕستەکە دەگرێتەوە.

١٠. [چراکە]باس[ بە کزی دەسوتێت] خواس.

### ١/٢–٢–١) باس و زنجیرە باس:

لە باس و زنجیرە باسدا گرێی ئاخاوتن پێکدێت لە سەر بنچینەی پەیوەندی نێوان باسەکان[٣٠]:

١) ئەگەر باسی دەربڕاو بەشێوەیەکی بنچینەی دووبارەی باسی ئاخاوتن بوو، خواسی دەربڕاو لە خواسی ئاخاوتن داڕێژرابوو ئەوا ئەو گرێیەی دەچێتە پاڵی گرێیەکی شوێن کەوتووە، بۆ نموونە:

١١. ئازاد لاوێکە باش یاری دەکات، (pro) بالأیەکی بەرزیشی هەیە.

١٢. [ئازاد]باس لاوێکە باش یاریدەکات. [ئەو]باس بالأیەکی بەرزی هەیە.

٢) ئەگەر باسی دەربڕاو بەشێوەیەکی بنچینەی دووبارەی باسی ئاخاوتن بێت و خواسی دەربڕاو دانەڕێژرابوو لە خواسی ئاخاوتن ئەو گرێیەی چووەتە پاڵی وەك گرێیەکی شوێنکەوتووە و پێکهاتەکەش لێکدراوە، بۆ نموونە:

---

[٣٠] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل (٥–٦)،بەپێی تیۆریەکانی دروستەی زانیاریی لە زۆربەی سەرچاوەکاندا ئاماژە بە باس و خواس کراوە،بەلأم دواتر چەمکەکانیان لە سەرتۆپ و تیشکۆدا زەقکردۆتەوە، هەروەها لە زمانی کوردیدا (ساجدە عبدللە فەرهادی) باسی لە**باس** کردووە ، بڕوانە ساجدە عبداللە فەرهادی (١٩٩٤: ٤١–٤٦).

١٣. [ئازاد]باسلاوێکه باش یاری دەکات . [ئەو]باس لە بانق ئیش دەکات.
٣) ئەگەر باسی دەربڕاو بەشێوەیەکی بنچینەی دووبارە نەبوو، بەلاّم لە باسی ئاخاوتن داڕێژرابوو، پەیوەندی ئاخاوتن شوێنکەوتووە بۆ نموونە:
١٤. [ئازاد و توانا]باس باش یاری دەکەن . [ئازاد]باس لە بانق ئیش دەکات.
٤) ئەگەر باسی ئاخاوتن و باسی دەربڕاو بە ڕاستەوخۆی نەبەستراببوون بە یەکەوە، بەڵکو بە هەمان ڕێگە بەستراببوون بۆ زاڵبوونی دەستەواژەی شوێنکەوتووەکە، پاشان پێکهاتەکە لێکدراوە بۆ نموونە:
١٥. [ئازاد و توانا]باس لاوێکن باش یاریدەکەن. [ئازاد]باس لە بانق ئیشدەکات.[توانا]باس یاری تێنس دەکات.

## ٢/١-٢-٢)باس و زنجیرە خواس/

لە باس و زنجیرە خواسدا گرێی ئاخاوتن لەسەر پەیوەندی نێوان باسی نوێ و خواسی پێشوو پێکدێت، واتە خواسی ڕستەی پێشو دەبێتە باسی ڕستەی دواتر.
ئەگەر باسی دەربڕاو داڕێژرابوو لە خواسی ئاخاوتن ئەوا پەیوەندی ئاخاوتن بریتییە لە شوێنکەوتوو بۆ نموونە:
١٦. [ئازاد و توانا]باس لە بانق ئیشدەکەن لە هەولێر .[هەولێر]باس شارێکە لە کوردستان.

## ٢/١-٣) باکگراوند و تیشکۆ /Focus - background/:

باکگراوند یان گریمانەی پێشینە، ئەو بەشەی ڕستەیە یان ئەو بۆچونانەی قسەکەرە کە لەلایەن گوێگرەوە زانراوە یان گوێگر لە چوارچێوەی دەقی پێشوتردا بۆی دەردەکەوێت .
تیشکۆ، زانیارییەکە لە ڕستەدا پێشبینی نەکراوە، لەدەقی پێشووەوە دەرناکەوێت، واتە زانیارییەکی نوێیە، کە بیرهاتنەوەیەکی پێشووی نییە[٣١]. (چۆمسکی) تیشکۆو باکگراوندی جیاکردۆتەوە بەوەی کە ئەرکی تیشکۆ دیاریکردنی پەیوەندی نێوان دەربڕاو و وەلاّمە بۆ دەربڕاوەکان و تیشکۆ وەك فرێزێك پێناسەکراوە، کە ئاوازێکی (intonation) بەرزی تێدابێت، گریمانەی پێشینە وەك ئەو بەشەی ڕستەیە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە کردە قسەییەکاندا دەگوازرێتەوە، لەڕستەی(١٧) دا، گریمانەی پێشینەی ئەوەی تێدایە کە (توانا ژووری هەیە و توانا لە ژوورەکەیدایە):

---

[٣١] جاکیندۆف ١٩٧٢،لامبرچێت ١٩٩٤، تیشکۆیان بە زانیارییەکی نا گریمانەی پێشینەیی لە ڕستەدا پێناسە کردووە، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (Erteschik-Shir( 2007:27

١٧.أ. توانا لەژوورەکەیدا هۆنراوە دەنوسێت.
ب.توانا لە ژوورەکەیدا هۆنراوە دەنوسێت؟
پ. توانا لە ژوورەکەیدا هۆنراوە نانوسێت .

بواری تیشکۆ لەڕستەدا، تیشکۆی فراوانە، یان مەودا تەسکە، **تیشکۆی فراوان** ئەو تیشکۆیەیە ، کە هەموو پێکهاتووەکانی ڕستەیەکە، یان بەواتایەکی تر ڕستەیەکی تەواوە، بەگەورەترین تیشکۆ دادەنرێت، تیشکۆی مەودا تەسك ئەو تیشکۆیەیە، کە تەنها پێکهاتویەکی ڕستە دەگرێتەوە، بە بچوکترین تیشکۆ دادەنرێت، بەگشتی تیشکۆ لە ڕستەی وەڵامدا لەناو جووت وەڵام و پرسیاردا دەتوانرێت، دیاریبکرێت:
١٨.أ.چی ڕویدا؟
ب. [سامان ڕۆژنامەیەکی کڕی]تیشکۆی ڕستە.
١٩.أ. سامان چی کرد؟
ب. سامان[ڕۆژنامەیەکی کڕی]تیشکۆی بەشەکردار.
٢٠.أ. سامان چی کڕی؟
ب. سامان [ڕۆژنامەیەکی]تیشکۆی ئارگومێنت کڕی.
لەنموونەی (١٨.ب)دا (سامان ڕۆژنامەیەکی کڕی) وەڵامێکی گونجاوە بۆ پرسیارەکە و زانیارییەکی نویٚ دەگوازێتەوە و بەگەورەترین تیشکۆ دادەنرێت، لە(١٩.ب)دا تیشکۆکە تیشکۆیەکی ناوەندە، تەنها فرێزە کردارییەکە تیشکۆیە و بکەرەکە لە پرسیارەکەدا زانراوە، لە (٢٠.أ)دا تەنها پێکهاتوویەکی ڕستەی وەڵامەکە تیشکۆیە ، بۆیە بە بچوکترین تیشکۆ دادەنرێت.
سەرەو ڕیزبوونی پێکهاتووەکانی ناو ڕستە بەستراوە بە ناوەرۆکەکەیانەوە بەمەش زانیاریی کۆن، پێش زانیاریی نویٚ دەکەوێت، لایەنگری دەربڕینی زانیاریی زانراو لەپێش زانیاریی نوێوە، دەبێتە بۆچونێکی هاوبەش لای زمانەوانەکان ، کە ئەمەیان وەك بیرکردنەوەی گوێگر ڕوونکردۆتەوە، کە یەکەمجار گەڕانە بۆزانینی ئەوزانیارییەی کە زانراوە، بۆ نموونە ئاماژە کردن بۆ ناوێکی دیاریکراو پاشان هەوڵدان بۆ خستنە پاڵی زانیاریی نویٚ بۆ ئەوەی پێشتر، پێویستە پێشینەکە لە بیرکردنەوەماندا، بدۆزینەوە پێش ئەوەی زانیارییە نوێیەکەی بخەینەپاڵ، لەبەر ئەوە بەگشتی تیشکۆ دروستەییانە لە تێکستێك یان ئاخاوتنێکدا لەبەشی دواوەی دەستەواژەدا دێت لەحاڵەتی دەربڕینی ئاسایی ڕستەیەکی(SOV)دا، بەڵام لەکاتی پرسیارو وەڵام و جێگۆرکیٚ پێکردنی کەرەستەکاندا و بوونی ئەکسێنت لەسەر وشەیەك لە سەرەتای ڕستەدا دەبێتە تیشکۆ ( تیشکۆ پەیوەندی لەگەڵ دروستەی سینتاکس و هێڵی سەرەو ڕیزبوونی دەربڕاودا دیاریکراو نییە بۆ جێکەوتەیەکی دیاریکراو، دەتوانرێت

هەموو پێکهاتویەك لە ڕستەدا تیشکۆدار بێت و لەهەموو جێکەوتە دروستەیەکاندا بێت لە ڕستەدا )[32]، بۆ نموونە:

٢١.أ. [ئەو]ف.ن [ نان دەخوات]ف.ك.

ب. [ئەو]ت نان دەخوات. وەلأمە بۆ کێ نان دەخوات؟

پ. ئەو [نان]ت دەخوات. وەلأمە بۆ ئەو چی دەخوات؟

ت. ئەو نان [دەخوات] ت. وەلأمە بۆ ئەو چی دەکات؟

## ٢/١–٤) سەرتۆپ و کۆمێنت /Comment-Topic/:

سەرتۆپ، دەربڕینێکی زمانەوانییە، کە دەگەڕێتەوە بۆ بەشێکی ئاشکراو ڕوون یان بەشێکی نادیار لەڕستەدا کە زانیاریی لەسەری خراوەتە ڕوو لەبەر ئەوەی سەرتۆپ چوارچێوەییانە دیاری دەکرێت مەودایەکی فراوانتری هەیە لە توخمەکانی تری ناو ڕستەکە ((ئەو بەشەی زانیارییە، کە قسەکەر لە ئاوەزی خۆیدا پێشبینی دەکات و تاڕادەیەك دەیزانێت. ئەم یەکەیە بەتەنیا ناتوانێت ڕستەیەك دروست بکات. واتە ڕستە هەرگیز سەرتاپای بە یەکەی زانیاریی زانراو دانەگیراوەتەوە، بەڵکو دەبێت لەگەڵ(زانیاریی نوێ) دا بێت تا دروستەیەکی زانیاریی لێك نەپچڕاو بەرهەمبهێنن وگوێگریش بتوانێت < مەبەست <هەڵبهێنجێت لە دروستەی زانیارییەکە))[33].سەرتۆپ دروستەییانە بەگشتی لەسەرەتای ڕستەدا دێت و ڕستە ناوەرۆکی دەربڕاوی ڕستەکە دەربارەیەتی.

**کۆمێنت**، پێکهاتویەکە لێدوانە دەربارەی سەرتۆپەکە، بەگشتی کۆمێنت زانیاریی نوێ بەرهەم دەهێنێت، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی، کە قسەکەر دەربارەی چی دەدوێت، کۆمێنێت دەتوانرێت بە بواری تیشکۆ دابنرێت، واتە بواری زانیاریی نوێ و لەناو بواری زانیاریی نوێشدا توخمی هەڵگری تیشکۆ (ئەکسێنتدار) هەیە[34].

٢٢. [ئازاد]سەرتۆپ [ ئۆتۆمبێلێکی کڕی ]کۆمێنت.

(کلیتیکی هەلگری زانیاریی سەرتۆپ)

[32] Dehe,N. (2002:107).

[33] کاروان عمر قادر (٢٠٠٨: ١٢٥_١٢٦) .

[34] لە زمانی کوردیدا وەك ئەو زمانانەی کە کلیتیکیان هەیە بە کردارو بەرکارەوە، لەناو بەشی کۆمێنت/بواری تیشکۆکەیاندا توخمی هەڵگری زانیاریی زانراوی تێدایە و بە پێچەوانەشەوە، بۆ ڕونکردنەوەی ئەمە، بڕوانە بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

Strawson سیٚ تایبەتێتی بۆ سەرتۆپ جیادەکاتەوە[٣٥] :

ا)سەرتۆپ ئاماژەیە بۆ ئەوەی دەربڕینەکە دەربارەی چییە.

ب) سەرتۆپ بۆ داواکردن بەکاردێت، داواکردن یەکێکە لەو مەبەستە ڕاستەوخۆیانەی بوونی کۆزانیاریی پێویستە، چونکە ئەو حاڵەتانەی گوێگر خاوەنیەتی دیاریدەکات.

پ)کۆی گشتی زانیارییەکان کە لە دەربڕینەکەدا دەمێننەوە یارمەتی زانیاریی سەرتۆپەکان دەدەن بۆ دەرکەوتن.

لە تایبەتێتی یەکەم و دووەم دا سەرتۆپ پێویستە ئاماژەیەکی هەبێت ، چونکە ئەگەر سەرتۆپەکە ئاماژەیەکی نەبێت، درککردن و ڕاستی و هەڵەی جیاناکرێتەوە، لە تایبەتێتی سێیەمدا، کە پێکهاتووە زانیارییەکانی تری ڕستە، خزمەتی سەرتۆپ دەکەن بۆ دەرکەوتنی لەدوای هەموو پەیوەندی کردنێك، سەبارەت بە بەخشینی زانیاریی بە گوێگر پێویستە قسەکەر درك بەوە بکات کە چ زانیارییەك پێشتر لای گوێگر هەیە ، یان نییە بە پێچەوانەوە گوێگر پێویستە ئاگاداری سەرەو ڕیزبوونی زانیارییەکان بێت کە لەلای قسەکەر چۆن ڕێکخراون.

## ١-٤-٢/١) جێناوی خۆیی پەرچاوە/شکاوە Reflexive:

ئەم جۆرە جێناوە سەرتۆپ یان تیشکۆی خۆیی دروستدەکات ، کە تیایاندا لە نێوان بکەرو بەرکاردا ئاماژە بەندێتی دروست دەبێت و دێتە ئاراوە[٣٦] . پێویستە سەرتۆپەکان ڕاستەوخۆ بەپێی ئاماژەکەیان بناسرێنەوە، یان نیشانە بکرێن، ئەمەش واتای ئەوەیە ، کە هەمان ئاماژە ناتوانێت لەهەمان کاتدا ئەرکی سەرتۆپ و تیشکۆ بەیەکەوە ببینێت.

٢٣.ا.توانا بەکێیدا هەڵدا؟

ب.[توانا]س بە [خۆی]ت دا هەڵدا.

لە ڕستەی (٢٣ب)دا ئەگەر (توانا) سەرتۆپ بێت لەوەڵامەکەدا ئەوا ئەنافۆڕی پەرچاوەیە، واتە (توانا) لەوەڵامی وشەی پرسەکەدا هەر خۆیەتی و ئاماژەی هەردوو فرێزەکە یەکێکە، بەڵام لەبەر ئەوەی ، کەوەڵامی پرسیارەکەیە بە تیشکۆ لێکدەدرێتەوە.

---

[35] Erteschik Shir(2007:13) .

[٣٦] شیلان عومەر حسەین(٢٠١١: ١٦) .

٢٤. [تۆ]س تەنها [خۆت]ت وەرە !

١.٢٥. کێ بێتاقەتی کردووە؟

ب.[ ئەو]س [خۆی]ت خۆی بێتاقەت کردووە.

(خۆی) تیشکۆی پەرچاوەیە، چونکە پرسیار لەسەر کەسێك کراوە، کە کەسێکی بێتاقەتکردووە، ئەو کەسەش دەرکەوتووە ، کە خۆیەتی لەبەرئەوەی نوێیە.

## ٢/١-٤-٢) سەرتۆپی ئاشکراو شاراوە:

لە قۆناغەکانی سەرتۆپدا، باس لەوە دەکرێت ، کەهەندێك ڕستە سەرتۆپی ئاشکرایی نییە، وەك:

١.٢٦. ئەوە چییە؟

ب. [ئاڤان ڕەسمەکانی پیشانی مندا]ت.

سەرتۆپ، دیاردەیەکی هەمیشەییە، ئەگەر بەئاشکرایی نەبێت هەمیشە بەشاراوەیی هەیە، سەرتۆپی شاراوە ئەوەیە ، کە لە کات و شوێنی دیارکراودا دەردەکەوێت و هەندێك پارامێتەر سەرتۆپی شاراوەن و لەسەرەتایی ئاخاوتندان، تایبەتێتییەکی سەرتۆپی شاراوە ئەوەیە ، کە بە هەمیشەیی هەیە[٣٧] ، بۆ نموونە:

٢٧. باران دەبارێت.

٢٨. ئەوە پشیلەکەیە، لە کەلاوەکەدا.

لە ڕستەی(٢٧) و(٢٨)دا (باران و ئەوە پشیلەکەیە) سەرتۆپی شاراوەن، لەڕستەی(٢٧) دا ڕەوتی کات و شوێنەکە بەوەدا دەردەکەوێت، کە لەوکاتەی ئاخاوتندا سەیری دەرەوە بکرێت، کە کاتی(ئێستا)یە و لەڕستەی (٢٨)دا، ڕەوتی کات و ئەرکی شوێنەکە وەك سەرتۆپی شاراوە وەك یەکە، لەبەر ئەوەی کات و شوێنەکە دیاریکراوە.

---

[٣٧] سەرتۆپی شاراوە زۆرجار لە شێوەی (ڕاستی وڕاستەقینەی سایکۆلۆژی(Sychological Reality) دا دەردەکەوێت، وەك:

١. باران دەبارێت.

ب. هەنجیرەکە پێگەیی.

پ. خۆر هەڵهاتووە.

ت. گەڵای دارەکە زەرد بووە.

لە هەموو ئەم ڕستانەدا سەرتۆپی شاراوە بریتییە لە هێزێکی پەنهانی، کە لە سایکۆلۆژیەتی مرۆڤی باوەڕداردا بوونی هەیە، کە ئەویش دەسەڵاتێکی خوای گەورەیە، کە بۆتە هۆی (باران بارین) و (پێگەیشتنی هەنجیرەکە) و (هەڵهاتنی خۆرەکە) و (زەردبونی گەڵای دارەکە)، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: کاروان عومەر قادر( ٢٠١٠: ٦٨) .

ئەگەر لە ڕستەی دووەمدا، فرێزە کرداری و پێشناویەکە، بکەینە سەرتۆپ و بیهێنینە پێشەوە، ئەوا دەبنە سەرتۆپێکی ئاشکرا، بەم جۆرە:

٢٩.لە کەلاوەکەدا، پشیلەیەکی لێیە.

(لەڕستەی(٢٩) دا فرێزی (لەکەلاوەکەدا) سەرتۆپێکی ئاشکرایە، ڕستەکانی (٢٧ و ٢٨ و٢٩) ڕێپێدراون ، بەلاّم (٢٧و ٢٨)سەرتۆپێکی شاراوەن ڕستەی (٢٩) سەرتۆپێکی ئاشکرایە، بەم پێیە هێنانە پێشەوەی سەرتۆپ(پرۆسەی باسمەند) دەبێتە هۆی نیشانەکردنی سەرتۆپ، سەرتۆپ وەك زانیاریی زانراو/کۆن باسی لێوە دەکرێت، کە زانیارییەکی بەخشراوە، هەروەها سەرتۆپ لەڕێگەی دەستەواژەکانی (پێم بلّێ دەربارەی...،سەبارەت بە...) دەناسرێتەوە، وەك:

١.٣٠. پێم بلّێ ئەی ئازاد؟

ب. [ئەو]س زۆرباشە.

پ. سە بارەت بە[ ئازاد]س ، [ئەو]س زۆرباشە.

لەوەلاّمەکەدا جێناوی (ئەو) ئامازەییە و بۆ سەرتۆپ دەگەڕێتەوە.

## ٢/١-٤-٣) فرە سەرتۆپی وفرە تیشکۆیی :

١) **سەرتۆپ**، لە وانەیە ڕستە زیاتر لە سەرتۆپێکی تێدا بێت و سەرتۆپ وەك زانیاریی زانراوی ناو ڕستە تایبەتێتییەکی هەیە ئەویش ئەوەیە، کە دەتوانرێت بە جێناو ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەمەش وایلێدەکات، کە بە فرەیی بێت لەڕستەدا، وەك:

١.٣١. دوێنێ لانەت بینی؟

ب. بەلّێ، دوێنێ بەیانیەکەی بینیم.

پ. (بەلّێ [من] س [دوێنێ]س بەیانی [ئەوم بینی]س)

٢) **تیشکۆ**، تیشکۆش بەهەمان شێوەی سەرتۆپ، بەفرەیی دێت لەڕستەدا، بەلاّم تیشکۆ ناتوانرێت بە کلیتیك ئاماژەی بۆبکرێت[٣٨] ، وەك:

بەیانی کێ لەگەلّ خۆتان دەبەن؟

٣٢. [ مالّی نەنکم و[مالّی مامەکانم و[ مالّی پورەکانم]]]ت [ دەبەین]س.

[٣٨] بڕوانە(٢/٢- ٢) ی ئەم لێکۆلّینەوەیە.

## ٢/١-٤-٤) زانیاریی کۆن و زانیاریی زانراو /Given–Old/:

زانیاریی کۆن و زانراو لای زۆربەی نوسەران بە هاواتای یەکتر بەکارهاتوون، هەردوو زاراوەکەش بەرانبەر سەرتۆپ دەوەستنەوە، بەڵام Erteschik، بەم شێوەیە جیایان دەکاتەوە:

کۆن(old) واتای ئەوەیە ، کە ئاماژەکە لەناو ئاخاوتندا بیر خستننەوەی هەیە.

زانراو(given) واتای ئەوەیە ، کە گوێگرەکە ئاماژەیەکی هەیە لە مێشکیدا[٣٩] .

بەپێی ئەم جیاکردنەوەیە، زانیاریی (کۆن) هەر لەکاتی ئاخاوتندا بیردەخرێتەوە و (زانراو)یش، ئەو زانیارییە کۆنە هاوبەشەیە، کە مەرج نییە لەکاتی ئاخاوتندا ئاماژەی پێبدرێتەوە چونکە زۆرینە زانراوە. زانیاریی لای گوێگر پێویستە بەگوێرەی وەرگرتنی ئاماژە وەك سەرتۆپ هەبێت ، کە لە چەند ڕێگەیەکی جیاوازەوە وەریدەگرێت ، لەحاڵەتی سەرتۆپی کۆندا ئاماژەکە پێویستە بیرخستنەوەیەکی هەبێت لە ئاخاوتنی ڕاستەوخۆدا ، یان دەتوانین لە بیرخستنەوەی سەرتۆپی پێشووەوە دایبڕێژین ، کە لەهەندێ ڕێگاوە بۆچونەکانی قسەکەر پێشتر لە لای گوێگر هەیە، نموونە لەسەر سەرتۆپی زانراو:

٣٣.ا. کێ کتێبەکەی برد؟

ب. [ناز]تیشکۆ [کتێبەکەی برد]زانراو.

پ. باشە، ئەی چی لێدەکات؟

ت. [[کتێبەکە]زانراو دەگەڕێنێتەوە]تیشکۆ.

٣٤. (pro) دەبارێت.
i i

بەپێی جیاکردنەوەکەی Erteschik لە نموونەی (٣٤) زانیاریی زانراو pro کەیە، چونکە لەواتای سیمانتیکی ڕستەکاندا هەموومان دەزانین کە( باران، بەفر) دەبارێت، ئەگەر ئەم دەربڕاوانە میتافۆریانە دەربڕابن، ئەوا لەوانەیە مەبەست لێی ئەمانە بێت:

١_ کوللە دەبارێت.

٢_ شانسی هەیە و لە هەموو هەورێك بۆ ئەو باران دەبارێت. ..هتد.

[39] Erteschik (2007:18).

بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا، هەر زانیاریی زانراون و مرۆڤ بەپێی بارودۆخ لەکۆزانیاریدا زانیاریی گونجاو بۆ ئەو(pro) یە هەڵدەبژێرێت. کلیتیکێك لە ئاخاوتنەکەدا هەیە بۆ ئەو ئاماژانە، لەبەرئەوە زانیاریی ئەگەر زانراویش بێت پێویستە ئاماژەی هەبێت، ئەگەر وا نەبێت زانیارییەك بەناوی سەرتۆپ نابێت، وەك:

٣٥. *بارین.

وشەیەکەو ناوی ڕوداوە.

## ٥–٢/١)کارلێکردنی سەرتۆپ و تیشکۆ:

سەرتۆپ و تیشکۆ وەك هەر دوو زانیاریی سەرەکی ڕستە، تەواوکەری یەکترن، ئاخاوتنێك کاتێك بەردەوام دەبێت ، کە بەردەوام زانیاریی زانراو و نوێ بەدواییەکدا بێنە ناوەوە، لەبەرئەوە ئەم زانیاریانە هەندێك جار یەکتردەبڕن و بە گران لە یەکتر جیادەکرێنەوە، بەتایبەت لەو زمانانەدا کە بکەرخراون وەك زمانی کوردی، ئەمە زیاتر ڕوودەدات، وەك لەم جووت وەلاّم و پرسیارانەدا ڕوونکراوەتەوە:

٣٦.ا. سارا چی کرد؟

ب. [سارا]س [قاپەکانی شت] ت.

٣٧.ا. سارا چی شت؟

ب. [سارا [قاپەکان]ت ی شت]س.

٣٨.ا. کێ قاپەکانی شت؟

ب. [سارا] ت [ tشتنی] س.

j i i j

٣٩.ا. قاپەکان چیان لێبەسەر هات؟

ب. [سارا t شتنی ]ت.

j i i j

٤٠.ا. سارا قاپەکانی چی لێکرد؟

ب. [سارا ]س [ t شتنیس] ت

j i i j

.

٤١.أ. چی ڕوویداوە ؟
ب. [سارا قاپەکانی شت]ت.

ئەگەر لە هەریەك لە نموونەکان ورد بینەوە دەبینن، بەگوێرەی پرسیارەکە، سەرتۆپ و تیشکۆکە دیاریکراوە و دەورەکانیان گۆڕاوەتەوە، یان لەناو بواری یەکتریدا هاتوون و یەکتریان بڕیوە. لەڕستەی (٣٦.ب) و(٣٧.ب) و(٤١.ب) سەرتۆپ وتیشکۆ بە ڕوونی دیارن، لە (٣٨.ب)دا، (سارا) تیشکۆیە و(شتنی) سەرتۆپە و، شوێنەواری قاپەکان لەگەڵ کلیتیکی(ن) دا هاونیشانەن و(سارا) ش، کە تیشکۆیە لەناو بواری سەرتۆپدا کلیتیکێکی بە کردارەکەوە داناوە، کە ئاماژەیە بۆ ساراو زانیاریی نوێ لە ئاخاوتنەکەدا. لە ڕستەی (٣٩.ب) دا (قاپەکان) سەرتۆپە لە وەڵامەکەدا کەخۆی نەهاتۆتەوە ، بەڵکو کلیتیکی(ن) جێگەی گرتۆتەوە و لکاوە بەکردارەکەوە، کە ئاماژەیە بۆ زانیاریی زانراو لەناو بواری تیشکۆکەدا. لە ڕستەی (٤٠.ب) دا (سارا) زانیاریی زانراوەو کلیتیکی(ن) ، کە ئاماژەیە بۆ(قاپەکان) لەپرسیارەکەدا، هەڵگری زانیاریی زانراوە و لکاوە بەکردارەکەوە و کلیتیکی (ی) کە لکاوە بەکردارەکەوە ئاماژەیە بۆ (سارا) ، کە زانیاریی زانراوە لە وەڵامەکەدا.

**١/٢-٦) کورتەیەك لە گریمانە کارپێکراوەکانی دروستەی زانیاریی:**

دروستەی زانیاریی بەشێوەیەکی سادە بە ئەم تیۆریانە لێکدراوەتەوە:

١/٢-٦-١) **تیۆرییەکانی سەرە ئاڕاستەکردنی ڕێزمانی** Head Driven Phrase Structure Grammar(HPSG)لە خێزانی "یەکخستنی ڕێزمان"* Unification Grammars. لە HPSGدا هەموو یەکە زمانەوانییەکان بەهۆی دروستەی فیچەرە واتاییەکانیانەوە نوێنراون ، کە لای سۆسێر پێیان وتراوە (نیشانە). بنچینەی ئەم لقە بوونی چەند فیچەرێکی ئاڵۆزە دەربارەی بەجفرەکردنی زانیاریی فۆنۆلۆژی، سینتاکس ، سیمانتیك و دەقیش. بەپێی Enghdanl تیۆری(HPSG ) ڕێگەدەدات بە ڕونکردنەوەی پەیوەندی نێوان کێش و تیشکۆ بەبێ پەنابردنە بەر فیچەری سینتاکس، ئەم پەیوەندییە دەتوانێت ڕاستەوخۆیانە دەربڕابێت لە (نیشانەکان) دا بەهۆی کۆت و بەندەوە، کە دەڵێت: (( هەرپێکهاتوییەك کەئەکسێتی تیشکۆی تێدایە، پێویستە وەك بەخشینی زانیاریی سەرەکی لێکدرابێتەوە و بە پێچەوانەشەوە))[٤٠] ، بۆ نموونە:

٤٢. من لە باخەکەدا[گوڵە مێخەك] دەچنمەوە.

(گوڵە مێخەك) ئەکسێنتی تیشکۆیە، کە زانیاریی سەرەکییە.


* / یەکخستنی ڕێزمان، بەم جۆرە پێناسەکراوە: ١) لەواتایەکی فراوان دا، زاراوەیەکە بۆ هەموو مۆدێلەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان بەتایبەتی ئەو ڕێزمانە بەرهەمهێنانەی ، کە کردەی یەکخستن بەکاردەهێنن لە سیستەمی یاساکانیان دا.

٢) لەواتایەکی تەسکدا ئەندامی خێزانی مۆدێلی ڕێزمانی نوێن ، کە یەکخستنی فیچەرکان بەکارهاتووە بۆ زاڵبوون بەسەر لێشاوی زانیاریدا لە هەڵگواستندا. لقە تایبەتە جیاوازەکانی کە دەگەڕێنەوە بۆ ئەم گروپانە: مۆدێلە ڕێزمانییەکان وەك Generalized Phrase Structure Grammar(GPSG) و Lexical-Functional Grammar(LFG)، ڕێزمانی شێوازبەندانە بەتوانا لە بەرهەمهێنانی دەربڕین بۆ جێبەجێ کردنی بەسەر کۆمپیوتەردا وەك Functional Unification Grammar(FUG) و PATR-II سەرەڕای ئەوەش زنجیرەیەك مۆدێلی نوێ کە فۆرمەکەیان لە تێکەڵکردنی چەند لق ، یان تیۆرییەك پێکهاتووە وەك (HPSG) و Catigorical Unification Grammar(CUG) ڕێزمانی یەکخستن بنچینەیە بۆ پێشکەوتنی زیاتری فیچەرە زمانەوانییەکانی هەر یەکەیەکی زمانەوانی (وشە یان فرێز)، بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر بڕوانە: Bussmann H (1996:1243).

[٤٠] بڕوانە ئەم سەرچاوەیە لەسەر پەیوەندی سینتاکس و دروستەی زانیاریی لە HPSG دا، بڕوانە:
De Kuthy K,Meurers D(2006).

### ٢/١-٦-٢) ڕۆڵ و ئاماژەی ڕێزمانیRRG :

ڕۆڵ و ئاماژەی ڕێزمانی لەلایەن (Vanvalin and Lapolla 1997) داهێنراوە، لقێکی ئەرکییە بۆ پەسنکردنی زمان، کە هەڵبژاردنی دروستەی ڕێزمانی بەهۆی کارلێککردنی هۆکارە سیمانتیك (ڕۆڵ) و هۆکارە پراگماتیکییەکان یان دەقیەکان (ئاماژە)دیاریدەکات. لەتیۆری RRG دا کۆزانیاریی سینتاکسی لە فۆڕمی قاڵبی پێکهاتندا کۆکراوەتەوە، قاڵبەکان تایبەتێتی مۆرفۆسینتاکس، سیمانتیك و پراگماتیك دەبەخشن بۆ جۆری دیاریکراوی پێکهاتن. بەم شێوەیە قاڵبەکان ڕێگایەك بۆ پێکهاتنی سینتاکس و بەستنەوەی بە دروستەی تیشکۆوە دروستدەکەن. بەمەش ئەم لقە ڕێگا دەدات بە کارلێکردن لە نێوان سینتاکس و دروستەی زانیارییدا[٤١]. لە تیۆری RRGدا دارِشتەی سینتاکسی دەستەواژە دابەشدەبێت بەسەر سێ جۆری سەرەکی (ناووك)، کە توخمی بەشەکرداری تێدایە (کرۆك)، کە ناووك و ئارگومێنتی بەشەکرداری تێدایە (دەستەواژە)، کە کرۆك لەگەڵ ژمارەیەك پێکهاتووی سەرپشکی تێدایە، دارِشتەی سیمانتیکی پشت بەدارِشتەی لێکسیکی بەشەکردار دەبەستێت، بۆ نموونە لە داری زمانی (١)دا خراوەتە ڕوو:




داری زمانی (١)

[٤١] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە لێکۆڵینەوەیەك بەزمانی ئینگلیزی لەسەر زمانی فارسی : Rezaiv,Hooshmand .V(2012)

### ٢/١-٦-٣) مۆدێلی ڕێزمانی ئەرکی _لێکسیکی(LFG):

(Bresnan 2001): Lexical-Functional Grammar دایهێناوە، مۆدێلی ڕێزمانی ئەرکی _لێکسیکی بەستراوە بە دروستەکانی وەك، دروستەی پێکهاتوو، دروستەی ئەرك (ئەرکی، بکەر–بەرکار) و دروستەی ئارگومێنت. سەرەڕای ئەمانەش توخمەکانی سەرتۆپ و تیشکۆ و هەڵواسین ڕێگەپێدراون، سەرتۆپ و تیشکۆ ناڕاستەوخۆیانە یەکدەگرن بۆ دروستەی ئارگومێنت ، هەروەها بەهۆی ناسینەوە یان ئەنافۆڕەوە بەستراون بە ئەرکە سینتاکسییەکانی تری ناو ڕستەوە. ئەم تیۆرییە تەنها ئاماژەنییە بۆ ئاستی سینتاکسی دروستەی پێکهاتوو / دروستەی ئەرکی، بەڵکو ئاماژەیە بۆ ئاستە زمانەوانییەکانی تریش وەك بوونی پەیوەندیان بەیەکەوە[٤٢].

King ١٩٩٧ کۆمەڵێك گۆڕانکاری کرد لە هەندێك لایەنی تیۆرییەکەدا لەوانە بەیەکداچوون لەنێوان پێکهاتوی دروستەی تیشکۆ و نیشانەکردنی ئەرکەکانی سەرتۆپ و تیشکۆ بۆ جێکەوتەی ئاستی جیاکەرەوەی دروستەی زانیاریی.

### ٢/١-٦-٤) تیۆری نواندن **Representation Theory** :

William ٢٠٠٣ تیۆری نواندنی پێشکەشکرد، کە ئەمیش بنچینە بوو بۆ ئەو بیرۆکەیەی، کە ڕستە پێکدێت لە هەندێ ئاستی دروستەیی وەك ئەوەی– William پێیدەڵێت(sublanguages)– ١.دروستەی سێت ، ٢.دروستەی دۆخ (CS) ، ٣.دروستەی ڕوکەش (SS) ، ٤.دروستەی ڕادە، ٥. دروستەی تیشکۆ(FS).

لەم تیۆرییەدا سینتاکسی ڕستەیەك بریتییە لە" کۆکردنەوەی فۆرمی دروستەکان لە هەریەك لەم ئاستی دروستانەدا، و گروپی شێوە پارێزراو لە نێوانیاندا یەکدەگرێت"[٤٣].

---

[٤٢] بڕوانە لێکۆڵینەوەیەك لەسەردروستەی زانیاریی بە LFG : Dalrymple M,Nikolaeva I(2010).

[43] Erteschik-shir N (2007:70).

### ٢/١–٦–٥) سینتاکسی داینامیکی(جوڵەیی)[٤٤]:

Gabby 2001, Meyer-viol, Kempson, Cann, ) Dynamic syntax Kiaer2006) دەڵێن کە لقی سینتاکسی داینامیکی (DS) دەتوانێت بەسەر شیکردنەوەی سەرتۆپ و تیشکۆ دا زاڵبێت، بەبێ تێکەڵکردنی ئاستە تایبەتەکانی دروستەی زانیاریی بۆ ڕێزمان. لەم لقەدا داینامیکی شیکردنەوەی پرۆسەکە لێکدانەوە بنیاد دەنێت وەك ڕستە، کە بە پرۆسەکراوە، پێکهاتوەکانی ڕێزمانی شێوازی و ئامێری پێویستی دەداتێ بۆ ڕونکردنەوەی کاریگەری سەرتۆپ و تیشکۆ لەناو زمانەوانیدا. بەشێوەیەکی گرنگ هەموو (دەقێك) پشت بەلایەنەکانی لێکدانەوە دەبەستێت ، کە دارێژراون، لەم لقەدا نموونەیەك کە هێزی سیستەمی DS شیدەکاتەوە. لەمیانەی ئەو ڕاستیەدا کە ڕستەکان بە پرۆسەکراون  لە ڕاستەوە بۆ چەپ، سیستەمیDS بەئاسانی دەتوانێت پێشبینیە جیاوازەکان بکات لە لێکدانەوەی لەنێوان توخمەکان لەلای ڕاستەوە بۆ لای چەپ.

### ٢/١–٦–٦) ڕێزمانی کۆکردنەوەی کەتیگۆریانەCCG :

بە پێی تیۆری CCG (Combinatory Categorial Grammar)ئایتمی لێکسیکی و پێکهاتووە دارێژراوەکان(ڕستەکان) نواندنی فۆنۆلۆژی بە کەتیگۆری سینتاکسی دەگرێتەوە، ڕێسای لێکدانەوەی پێکهاتووەکانی ڕستە لەگەڵ پێکهاتەکانی دروستەی زانیاریی کە پێیان دەوترێت باس وخواس لەم تیۆرییەدا لەگەڵ یەکتردا دەگونجێن[٤٥]، واتە مەبەست لێی ئەوەیە، کە کەرەستە لێکسیمیەکان وەك (ناو، ئاوەڵناو، کردار) زانیاریی فەرهەنگی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەلاّم لە سینتاکسدا کاتێك بەهۆی کەرەستە ڕێزمانیەکانەوە لێکدەدرێن بە یارمەتی قاڵبە سینتاکسیەکە لە زمانی کوردیدا، ئەوا بەهۆی کۆکردنەوەی زانیاریی لێکسیمی لێکسیکیەکان و زانیاریی ڕێزمانی کەرەستە ڕێزمانیەکان وەك(پێشناو، پاشناو،...هتد) و ئەو زانیارییەی لە قاڵبە سینتاکسیەکە (کە مەبەست لێی سەرەو ریزبونەکەیە)چنگمان دەکەوێت پێکەوە بە کۆکراوەیی زانیارییەکی تەواومان لەسەر قسەی قسەکەر دەدەنێ وەك:

١.٤٣. [ئازاد من برد] هەریەکەیان زانیاریی لێکسیمیان هەیە، کە بریتین لە (ناوە) (جێناوە) (کردارە).

ب. [ئازاد منی برد] بە زانیاریی لێکسیمی + زانیاریی لێکسیکی بەرکاری زانیارییەکی تر خراوەتە ڕوو.

---

[٤٤] سەرچاوەی پێشوو:ل(٧٠).

[45] . Meurers, D. (2005).

پ. [ئازاد منی برد/ منی برد، ئازاد] لێرەدا جگە لەو دوو زانیارییە + زانیاریی سەرەو ڕیزبوونی وشە.

## ٧-٦-٢/١) تیۆری دەسەڵات وبەستنەوەGB:

تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە لەلایەن چۆمسکییەوە لە ساڵی (١٩٨١) داهێنراوە، لەم تیۆرییەدا دروستەی زانیاریی، پشت بە دروستەی ڕوکەشی ڕستە دەبەستێت، واتە تیۆرییەکە زیاتر هەژماری ئەوە دەکات، کە ڕۆڵی بابەتانەو دۆخی ڕێزمانی لە ئاستی ڕوکەشدا دەبەخشرێت لەلایەن سەرەی ڕێزمانییەوە، بۆیە ڕۆڵ و دۆخە بەخشراوەکانیش بنەمان بۆ ڕونبونەوەی زانیاریی هەڵگیراو لە دروستەکەدا، بەم شێوەیە تیۆرییەکە دروستەی ڕوکەش دەکاتە بنەمایەك بۆ جیاکردنەوەی دروستەی زانیارییەکانی ئاستی قوڵی ڕستە، بۆ نموونە لە ڕستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی زمانی کوردیدا، کە دیاردەیەکی بەرچاوی ئەم بارەیە، زانیارییەکە بەدروستەی ڕوکەش دەردەبڕدرێت و دواتر لەڕێگەی یەکلایکردنەوەی شوێنپێییەکانەوە دروستەی زانیارییەکە لە ئاوەزی مرۆڤی کورددا یەکلایدەبێتەوە، بۆ نموونە لە ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی (برد من)دا ، جگە لە پرۆسەی (یەکلایکردنەوە و هاونیشانەکردن) هیچ ڕێگەیەکی ترمان لەبەردەستانییە، کە بەهۆیەوە دروستەی زانیاریی گشتی دەربڕاوەکە بناسیتەوە و دواتریش زانیاریی کۆن و نوێ (سەرتۆپ و تیشکۆ) لەیەکتری جیابکەینەوە[٤٦] ، هەربۆیە بەپێی تیۆری (X-bar) دەتوانرێت دروستەی ڕوکەش لە (٤٤) دا بخرێتە ڕوو:

٤٤.ا.[ (pro) ] (t) بردمن ]]

i ⟶ i

j ⟶ j

ب.[ ڕا[ ف.ن سەرتۆپ(pro) ] ف.ك تیشکۆ[بواری تیشکۆ ئەوانم برد ]]]]

i ⟶ i

پ.[ ڕا[ ف.ن سەرتۆپ من[ ف.ن تیشکۆ[ بواری تیشکۆ ئەوانم برد ]]]]

i ⟶ i

---

[٤٦] کاروان عمر قادر، (٢٠١٠: ٦٦-٦٧).

# بەشی دووەم

## بنەماکان وبەرجەستەکردنی دروستەی زانیاریی

## ٢) بنەماكان و بەرجەستەكردنی دروستەی زانیاری:

دروستەی زانیاریی بە ڕێگای جیاواز لەزماندا نیشانە دەكرێت ، سەرتۆپ و تیشكۆ لە ڕێزماندا كارلێك دەكەن لەگەڵ فۆنۆلۆژی(ئاوازی دەنگ)، مۆرفۆلۆژی(سەرتۆپ و تیشكۆ_نیشانەكەر)، سینتاكس(سەرەو ڕیزبوونی هێڵی)، لێكدانەوە (مەودای ڕادە). ڕێگایەكی زۆر هاوبەش لەناو زمانەكاندا فۆنۆلۆژییە[١] لەڕێگەی ئاوازی دەنگەوە، وەك:

١.١. [**مناڵەكە** ]ت [شەربەتەكەی خواردەوە]س.

ب. [مناڵەكە[ **شەربەتەكەی** ]ت خواردەوە]س.

لەلایەكی ترەوە زمانەكان ئامێر و یاسای سینتاكسیش بەكاردەهێنن بۆ ناسینەوەی دروستەی زانیاریی وەك (جێگۆڕكێ كردن و هێنانە پێشەوە،... هتد) بۆ ناسینەوەی دروستەی زانیاریی، ڕستە دابەش دەبێت بۆ سەرتۆپ و تیشكۆ، ناسینەوە و نیشانەكردنیان بەهۆی چەند ئامرازێكی سینتاكسی و یاساكانی گواستنەوە لە زمانی كوردیدا دەبێت، ئەمە بێجگە لە فیچەرە سیمانتیكی و فۆنۆلۆژیەكانی پێكهاتووەكان[٢]. بۆ نموونە:

١.٢. مناڵەكە چی لە شەربەتەكە كرد؟

ب. خواردییەوە.

پ. شەربەتەكەی خواردەوە.

ت. مناڵەكە شەربەتەكەی خواردەوە.

مۆرفۆلۆژیش ڕۆڵێكی گرنگی هەیە لە نیشانەكردنی دروستەی زانیاریی لە هەندێ زمانی وەك ( ژاپۆنی و كۆری...) دا، كەپارتیكڵی تایبەتی نیشانەكەری مۆرفۆلۆژیان هەیە دەچێتە سەر سەرتۆپ و تیشكۆ نیشانەیان دەكات[٣]، بۆنموونە پارتیكڵی(wa) لە ژاپۆنیدا دەچێتە كۆتایی ئەو پێكهاتووەی هەڵگری زانیاری سەرتۆپە، لەزمانی كوردیدا وەك ئەو زمانانە پارتیكڵێكمان نییە بەتەواوەتی ببێتە هۆی

---

[١] بۆ نیشانەكردنی كەرەستەی تیشكۆدار لەناو ئاوازدا (ڕەوتی ئەكسێنت ، سنوری فرێز ، پلە پێوەری ڕەوت ، خاياندن...) بەكارهێنراون بۆ نیشانەكردنی تیشكۆ، زمانەكان ئاسایی زیاتر لە یەكێك لەو فیچەرانە بۆ نیشانە كردنی تیشكۆ بەكاردەهێنن، بەڵام بەشێوەیەكی ڕوون و ئاشكرا دابەشبونێكی بنچینەی لەناو زمانەكاندا هەیە، بۆ نموونە ڕەوتی ئەكسێنت ڕۆڵێكی سەرەكی هەیە لەنیشانەكردنی تیشكۆ لە ئینگلیزیدا، بەڵام لە زمانێكی وەكو ژاپۆنی كەمتر ڕەوتی ئەكسێنت بەكاردەهێنرێت بەڵكو برگە برگە كردن ڕۆڵێكی سەرەكی دەبینێت لەو بوارەدا، لەهەمان كاتدا پلەپێوەری ڕەوت هاوبەشە لەنێوان زمانی ئینگلیزی و ژاپۆنیدا، بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| چی ڕویداوە؟(تیشكۆی فراوان) | كێ سەفەری كردووە؟ (تیشكۆی بكەر) |
| ناسكە سەفەری كردووە. | **ناسكە** سەفەری كردووە. |
| H* L –L% H*L | L-L% H* |

[٢] بڕوانە (٢/٢) ی ئەم لێكۆڵینەوەیە.

[٣] Bott, S. (2007:25).

دەرخستنی زانیارییەکان، بەڵام بەرانبەر بە ئەمانە چەند پارتیکڵێکی مۆرفۆلۆژی هەن، لە سینتاکسدا ڕۆڵدەبینن و دەبنە هۆی ڕونکردنەوەی زانیارییەکان، بۆ سەرتۆپ وەك دەستەواژەکانی (سەبارەت بە...، دەربارەی...) لەگەڵ ئەو ناوە ، یان فرێزە ناوییەی لەدوایانەوە دێن ، دەبنە هۆی دەرخستنی زانیاریی سەرتۆپ، هەروەها دیارخەرەکانی ناو( ناساندن و ئاماژە) ڕۆڵدەبینن لە دەرخستنی زانیاریی زانراودا، وەك:

٣. دەربارەی [سارا]$_{س}$ مامۆستایە .

٤. سەبارەت بە[خانووەکە]$_{س}$ کەی تەواو بوو ئاگادارت دەکەمەوە.

پارتیکڵەکانی تایبەت بە دەرخستنی زانیاریی نوێ کەبەپێی جێکەوتەکانیان لە ڕستەدا دەگۆڕێت بریتین لە: (( جێناوی خۆیی، وشەی خود، وشەی دەرخەر، پارتیکڵی ئاوەڵکرداری تەنانەت و دیسانەوە، وشەی ڕادەی(هەموو) و(گشت)، پارتیکڵی(تەنها)، پارتیکڵی (هێشتا)، زۆربەی وشەکانی سوێند خواردن، پێشگری ئاوەڵکرداری ئاڕاستەیی (هەڵ_ودا_و ڕا_) پارتیکڵی(هەر))[٤] لەبەشی سێیەمدا لە پارتیکڵەکانی تیشکۆی هەستیار (تەنها،تەنانەت...) دواوین. لەگەڵ ئەم پێوەرانەدا بۆ ناسینەوەی زانیارییەکان لەزماندا، زانیارییەکانیش (لەسەر کەس یان شوێن یان شت بێت) بەپێی جۆری کۆمەڵگا و دەوروبەرەکەی و تایبەتێتیەکانی زمانەکە دەگۆڕێت، بۆ نموونە نازناوی زانستی و کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی ڕونکردنەوەی زانیارییەکە، وەك:

٥.ا.فەرەیدون عەبدول بەرزنجی (زانیارییەکە زانراوە)

ب.دکتۆر فەرەیدون (زانیارییەکە نەزانراوە)

لەڕستەی(٥.ا) دا زانیارییەکە کە بەهۆی وشەی(بەرزنجی)یەوە ڕونترەو زانراوترە و کەسەکەش بۆ کۆمەڵگای کوردی ناسراوترە، وەك ( شاعیرو دکتۆرێك)، بەڵام لە(٥.ب) دا، ناسراویەکەی دیاریکراوترە وەك لە(٥.ا)، بەهۆیی بوونی ناوی زۆر دکتۆر لەبواری جیاوازدا، بەناوی (فەرەیدون) ەوە، لەبەرئەوە (٥.ب) پێویستی بەم پرسیارەدەبێت (کام دکتۆر فەرەیدونە؟) ئەگەر گوێگر ئاگاداری دەوروبەری ئاخاوتنەکە نەبێت، بەڵام (٥.ا) ئەگەر گوێگر ئاگاداری دەوروبەری ئاخاوتنەکە بێت ونەبێت زانیارییەکە زانراوە بەگوێرەی ئاخاوتنەکە.

---

[٤] ئەم پارتیکڵانە (کاروان عومەر قادر) لەنامەی ماستەرەکەیدا زۆر بەوردی و پێڕەوبەندانە خستوونیەتەڕوو، بڕوانە، کاروان عومەر قادر(٢٠٠٨: ١٣٨–١٤٨).

## ١/٢) تایبەتمەندێتی ئاواز و دروستەی زانیاریی:

ئاواز، تۆن و هێز جۆرێکی ڕەوتن، زاراوەی ئاواز ئاماژەیە بۆ ڕودانی چەندبارەبووی تەرزەکانی ڕەوت، هەروەها چۆنیەتی و مەودای برگە دەرخستنەکان دیاریدەکات. لەواتایەکی فراواندا هەموو تایبەتیەکانی کێشی دەربڕاوی زمانەوانییە، کە نەبەستراوە بە دەنگێکی تاکەوە، تەرزی ئاواز وەك دروستەیەکی تاك نەناسراوە، بەڵکو وەك دروستەیەکی ئاڵۆز لە ڕێژەی ئاوازی جیاواز پێکهاتووە. تەرزەکانی ئاواز لە فیچەرە ئاوازییەکان ، یان نیمچە سیستمەکانی جۆر و هەڵبژاردنە جیاوازەکان پێکهاتوون، فیچەرەکانی ئاواز بریتین لە[5]:

١) تەرزەکانی ئاواز Intonational Contour (tune)

٢) دەرخستن/هێز Prominence (stress)

٣) برگە برگەکردنی ئاواز Intonational Phrasing

٤) پلە پێوەری ڕەوت Pitch range

فیچەرەکانی ئاواز ئەرکی دەربڕینی پەیوەندییە سیمانتیکیەکانە لە ڕستەدا، لەبەرئەوە دروستەی زانیاریی و ئاواز دوو فۆڕمی ئاستی ڕێزمانن، کە بەتوندی بەیەکەوە بەستراون، **تەرزەکانی ئاواز** دروستەی زانیاریی دەردەبڕن و ئاواز ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە نیشانەکردنی حاڵەتی زانیاریی دەربڕینەکان.

تەرزەکانی ئاواز، جوڵەی ڕەوت دەردەخات، کە بەستراوە بە فرەجارەی بنچینەییەوە($F^{\circ}$)[٦]. **پلە پێوەری ڕەوت**، دەست دەگرێت بەسەر سنوری ئاوازدا، لەکاتی بەرجەستەکردنی تەرزەکاندا . **برگە برگە کردن**، لە پاڵ جوڵەی ڕەوت و خێرایی ئۆرگانی دەنگ دروستکردندا، برگە برگە کردن ڕێگەیەکی دیارە، کە وشەکان لەدەربڕاوێکدا ڕێکدەخات، بەڕێگایەك کە لەپێکهاتووی سینتاکسیدا جیاوازن، یان زنجیرە یەك لەدوای یەکەکانی وشە دابەش دەکات بۆ یەکەکانی ئاواز ، کە بە فرێزی ئاواز ناسراون، سنوری فرێزەکانیش بەهۆی (وەستان ، سنوری تۆن و تەرزەکانی دووری ) نیشانەکراوە، وەك لەم نموونەیەدا دیارە:

٦.أ. دەزانم کە گەشاو حەزی لە درومانە ، بەڵام **گەردە** چی لاپەسەندە؟


**ب. (گەردە)(چنین** پەسەند دەکات).

---

[5] De Kuthy , K. (2009: 23_24).

[٦] فرەجارەیی بنچینەیی پیشانیدەدات ، کە چۆن ڕەوتەکە لە گۆڕانە دەنگییەکاندا بەناو دەربڕاودا دەڕوات.

کەوانەکان بڕگە بڕگە کردنیان دەرخستووە، لەوەڵامەکەدا (چنین) زانیاریی نوێیە و هێزدارە و دەرکەوتووە، (گەردە)ش هێزدارە، ئاوازەکە سنوری فرێزەکانی دیاریکردووە. نموونەیەکی لەم جۆرە ڕابەریمان دەکات بۆئەوەی دروستەی ئاواز پشت بە دروستەی سینتاکسی ڕوکەش ببەستێت. وەك لە نموونەکەدا دەرکەوت، کە تەرزەکانی دەرخستن/هێز پشت بە هەردوو جوڵەی ڕەوت و بڕگەبڕگە کردن دەبەستێت، شوێنی دەرخستن/هێز لە دەربڕاودا بەگشتی ئاماژەیە بۆ ڕەوتی ئەکسێنت.
بەپێی ئەو بۆچونەی کە، سینتاکس و سیمانتیك و ئاواز و دروستەی زانیاریی بیناى ڕێزمان تەواو دەکەن، پێشنیازی بیناکردنی ستاندەری ڕێزمان لەگەڵ دروستەی ئاواز کراوە[7] بڕوانە هێڵکاری ژمارە(١) .




هێڵکاری ژمارە(١)

بیناکردنی ستاندەری ڕێزمان لەگەڵ دروستەی ئاواز

بەگوێرەی ئەم بیرۆکەیە ، واتای لێکسیکی وشەکان و پێکهاتنە سینتاکسییەکانیان واتای ئاسایی ڕستە بە جفرە دەکەن، ئاستی دروستەی ڕوکەش میانگیرە لە نێوان فۆرمی فۆنۆلۆژی وفۆرمی لۆژیکی لەکاتێکدا ئاواز ئەرکی جیاوازی دەداتێ و ئاوازیش وەك ئاستێکی خۆبەڕێوەبردوو میانگیری دەکات لەنێوان LF وPFدا، کەواتە ئاواز لەسەرو سینتاکسەوەیە و زانیاریش لەسەرو سیمانتیکەوە دێت.

---

[7] Von Heusinger,K (1999: 4).

ئاواز پشت بە(ڕەوت، هێزی ڕستە و کێش) دەبەستێت، زاراوەکانی ئاواز، تەرزەکانی ئاواز، یان فیچەرەکانی ئاواز ئاماژەن بۆ بیری فۆنۆلۆژی ئەبستراکت. پێکهێنەرەکانی ئاواز ( تەرز، دەرخستن و پلەپێوەری ڕەوت) لە ئاستە فۆنۆلۆژییەکانی تری وەك لێکسیکی، یان ئاستەکانی پارا زمانەوانیدا دێت[٨]. Ladd ١٩٩٦، سێ پێوانەی ئەو تایبەتێتیە یان فیچەری ئاواز پیشاندەدات، وەك:

١)سەروسەگمێنتین.

٢)ئەرکەکانی واتا لە ئاستی ڕستەدا دەگوازنەوە.

٣)زمانەوانیانە دروستکراوە لەبەر ئەوە لە ڕێگای پارا زمانەوانیەوە جیاکراوەتەوە.

## ٢/١_١) سەروسەگمێنتی/Suprasegmentals/:

زمانی قسەکردن لەسەگمێنتەکان ڕێکخراوە(بزوێن و نەبزوێنەکان) کە بۆ دروستبوونی بڕگەکان و وشەکان و ڕستەکان لێکدراون. ئەمە لایەنی زارەکی قسەکردنی پێدەوترێت، ئێمە دەتوانین دەنگەکان بەهۆی مەودای فراوانی زرنگدەرەوەکان (تۆن) و ڕێگا بیستەنییەکانی تر، کە پێیان دەوترێت سەرو سەگمێنتی بگۆڕین، لەبەر ئەوەی تەنها کاریگەری یەك سەگمێنتیان لەسەر نییە، بەڵکو بەزۆر سەگمێنتی ترەوە پەیوەست بوون یان لە سەرو زنجیرە سەرەو ڕیزبوونی سەگمێنتەکان بڵاوکراونەتەوە، فیچەرە سەگمێنتەکان فیچەری ناوەکی سەگمێنتەکانن ئەوانەن کە وابەستەی دەق نین، بە واتای ئەوەی لەلایەن خۆیانەوە دەناسرێنەوە، بەڵام فیچەرە سەرو سەگمێنتەکان ئەو فیچەرانە دەگرنەوە کە بەسەر سەگمێنتەکاندا (بەسەر بڕگەیەکدا،بەسەر وشەیەکدا،بەسەر ڕستەیەکدا) دەکشێن، کەواتە دەوری نیشانە سەگمێنتەکان دەدەن. ئەکسێنت و ئاواز فیچەرە سەرو سەگمێنتەکان دروست دەکەن. بەهای فیچەرە سەروسەگمێنتەکان تەنها لەڕێی پەیوەندیانەوە بەدەقە دەنگیەکەی دەوروبەریانەوە دیاریدەکرێت[٩]. بەم شێوەیە سەروسەگمێنتی ئاماژەیە بۆ

---


[٨] فیچەرە پارا زمانەوانییەکان بەشێك نین لە سیستەمی زمانەوانی گونجاو وەك دەنگەکانی (چرپە، هەناسە، جیڕە، دەنگی بەرز...) و دەنگەکانی وەك (پێکەنین و گریان پێکەوە، لەرزین، هەنسك، ...) تایبەتییە نافۆنۆلۆژییەکانیش وەك (جوڵەی ئەندامەکانی لەش...) ، Roach et al ١٩٩٨، پێناسەی فیچەرە پارازمانەوانیەکانی کردووە بە ئەوانەی، کە بە ویست بەکاردێن لە لایەن قسەکەرەوەو فیچەرە نازمانەوانیەکانیش، بەبێ ویست بەکاردێن، وەك (تەمەن، حاڵەتی تەندروستی،...) بڕوانە :Von Heusinger,K(1999: 17)

[٩] د. محەمەد مەحویی (٢٠٠٨:٢٦٦).

تایبەتێتی دەربڕاو کە بەسەر گروپە سەگمێنتەکاندا جێبەجێ دەبێت نەك تاکە سەگمێنتێك، بۆ نموونە (هێز) بۆ بڕگە نیشانە کراوە نەك دەنگێکی تاك، سێ فیچەری سەرو سەگمێنتی سەرەکیمان هەیە ئەوانیش (هێز ، ئاواز و تۆن) ن .

(کریستاڵ) بە هێڵکاریەك باس لە فیچەرە سەرو سەگمێنتی و فیچەرەکانی ئاواز دەکات، کە فیچەرە سەروسەگمێنتییەکان بێجگە لە فیچەرەکانی ئاواز، فیچەری پارازمانەوانی و نازمانەوانیشیان هەیە[10]

ئەمەش ئەوە دەگرێتەوە کەزمانەکان هەندێ کاریگەری دەنگە ژێدارە سەرو سەگمێنتیەکانی تر بەکاردەهێنن، بەکارهێنانی مەودای گونجاندنە ئۆرگانیەکان کە لە ڕێگەی دەنگە ژێدارەکانەوە دروست دەبن. دەتوانرێت چالاکی قورگ و گەروو زارو لوت بۆ پێکهێنانی تۆنی دەنگ بەکاربهێنرێت کە زانیاریی زیاتر دەربارەی دەقەکە دەبەخشێت لە دەربڕاودا. گۆڕانە پارازمانەوانیەکان، وەك ( پێکەنین و گریان بەیەکەوە یان وەك هەنسك دان،... هتد) ئەمانە هەمووی توانای دەنگی مرۆڤن بۆ دەرکردنی ئەم دەنگانە ئاوازێکیان هەیە ، کە یارمەتی گوێگر دەدەن بۆ جیاکردنەوەیان، هەریەك لەمانەش باری سەرنجی قسەکەر دەردەخەن.





هێڵکاری ژمارە (٢)

[10] Von Heusinger,K .(1999:18).

## ٢_١/٢) کارلێککردنی فیچەرە ئاوازییەکان:

فیچەرەکانی ئاواز تاڕادەیەك سەربەخۆن، بەڵام بۆ هەمان بەشی ڕستە/ دەق پەسەند دەکرێت، کە لەگەڵ نیشانە لێکسیکیەکاندا (هێز، تۆن، ڕەوت) کارلەیەکدەکەن، هەروەها دەتوانین ئەم بەیەکداچونە ڕونبکرێتەوە لەگەڵ هەردوو فیچەری (دەرخستن ، تەرزی ڕەوت)، هێز/دەرخستن ، لەناو کەتیگۆری جیاوازی بەهێز یان لاواز ئاشکراکراوە و تەرزی ڕەوتیش وەك بەرزبونەوە و نزم بونەوە/ هەڵس وکەوت ئاشکراکراوە. ئەم هێڵکارییەی خوارەوە ئەوە پیشاندەدات، کە چۆن فیچەرەکانی ئاواز کار لەیەکتر دەکەن، یارمەتی دەرکەوتنی جیاوازییە نادیاریەکان لەواتای سیمانتیکیدا دەدەن :




هێڵکاری ژمارە (٣)

هەردوو تەرزەکانی ڕەوت، بەڕونی جیاوازن تەرزی نزم بونەوەی ڕستەی هەواڵی دەگەڕێتەوە بۆ وەڵامی پرسیارێکی وەکو، (چەندی تێچووە؟ ) تەرزی بەرزبونەوە ئاساییانە بۆ گواستنەوەی نادڵنییای یان هەندێ جۆری شێوازی پرسیارکردن بەکاردێت . تەرزی لاواز و بەهێز نیشانە نەکراوێکە ئەگەر هەموو فرێزەکان لەناو تیشکۆدا بێت و گونجاوبێت بۆ وەڵامی پرسیاری وەکو، چەندی تێچووە؟، لە دووەم تەرزدا جەخت خراوەتە سەر ژمارە(دە) ، لەوانەیە وەڵام بێت بۆ پرسیاری چەند دیناری تێچووە؟ وتت دە دینار؟[11]. فیچەرەکانی ئاواز بەگوێرەی سێ تایبەتمەندییەکانی پێشتر باسمان کرد، سەروسەگمێنتن و واتای لێکسیکی دەرنابڕن ، بەڵکو واتای ڕوکەش لە ئاستی ڕستە ، یان کردە قسەییەکان دەردەبڕن و فیچەری کەتیگۆری ئاشکرایان هەیە (نزم بونەوە و بەرزبونەوە _

[11] Farooq Jwad,H. (2007:83).

بەهێز و لاواز) ، بڕگە بڕگە کردن(جیاکەرەوەی یەك لەدوای یەکی وشەکان) و دەرخستنیش/هێز سەربەخۆیە ، هەروەکو لەم نموونانەی خوارەوەدا پیشاندراوە:

١.٧. (سارا) (هەمیشە دەڕوات بۆ **بازاڕ** لەشەممماندا).

ب. (سارا) (هەمیشە دەڕوات بۆ بازاڕ لە **شەممماندا).**

پ. (سارا هەمیشە دەڕوات بۆ) **(بازاڕ** لە **شەممماندا)**.

ڕستەی (١.٧) جیاوازە لە (٧.ب) تەنها لەشوێنی ڕەوتی ئەکسێنتەکەدا لەکاتێکدا بڕگە بڕگە کردنەکە هەمان شتە، لە لایەکی تریشەوە ڕستەی (١.٧) جیاوازە لەگەڵ (٧.پ) لە بڕگە بڕگە کردندا ، بەلاَم نەك لە شوێنی ڕەوتی ئەکسێنتەکەدا.

## ٢/١_٣)یەکەکانی ئاواز و دروستەی زانیاریی:

یەکەکانی ئاواز لە سەرجەمی ڕستەیەك یاخود لەبەشێکی ڕستەیەك پێکدێت، ئەم جیاکردنەوەیەش پشت دەبەستێت بە قسەکەر، کە بەمەش تێکڕای دەربڕینەکە و واتا گەیەنراوەکە یان دروستەی زانیارییەکە دروستیدەکەن، یەکەکانی ئاواز لەزمانی کوردیدا بەهۆی بەرزبونەوە ، یان نزم بونەوەی ئاواز نیشانە دەکرێن ، کە ئاسایی بەهۆی وەستانێکی کورت یان بەهۆی خاڵبەندی جیادەکرێنەوە، بۆ نموونە :

١.٨. کتێبەکەم بدەرێ.                                        (ڕستەیەکی ئاساییەو یەك یەکەی ئاوازە)

ب. کتێبەکەم، بدەرێ / وتم، کتێبەکەم بدەرێ          (لەحاڵەتی تووڕەبوندایە، دوو یەکەی ئاوازە)

پ. تارا وتی، ((یاریزانەکە بەتوانایە)). دوو یەکەی ئاوازە.

دەرخستن/هێز دەکەوێتە سەر بڕگەی هێزداری وشەی زۆر گرنگ لەیەکەی ئاوازدا، لەدەربڕاودا زانیاریی نوێ/تیشکۆ دیاریدەکات. ئاواز بەرزبونەوە و نزم بونەوە لە ڕەوتی یەکەکانی ئاوازدا دەگرێتەوە. بەرزبونەوەی ڕەوت بەزۆری لەگەڵ توخمی دەرکەوتووی/هێزداری هەر دەربڕاوێکدا دێت، بەرزبونەوە و نزمبونەوەی ئاواز لەلایەن قسەکەرەوە نیشانە دەکرێت ئەمیش بۆ مەبەستی ڕونکردنەوە، هاوبەشیکردن و پرسیار کردن بۆ دڵنیابون لە زانیاریی ، یان بۆ زانینی زانیاریی زیاتر بەکاردێت، بۆ نموونە:

١.٩. پێویستە تەلەفۆن بۆ [**دایکت**] ـ بکەیت.

ب. تەلەفۆنم **کرد** بۆ دایکم.

## ٢/١_٤) ئەرکەکانی ئاواز لە دیاریکردنی دروستەی زانیاریی ئاوازدا[١٢]:

ئاواز چوار ئەرکی سەرەکی هەیە:

١)ئەرکی دیاریکردنی باری سەرنجی قسەکەر: ئاواز ڕێگە بە قسەکەر دەدات بۆ دەربڕینی هەست و سۆزەکانی ،وەك ( تورەبوون، بێزاری، خۆشی، ئازار، سەرسوڕمان...) وەك:

١٠. دەبەسە ئیتر!

١١. وەیش کە هیلاکم!

٢) ئەرکی ئەکسێنتی: شوێنی هێز هەندێك جار بەهۆی ئاوازەوە دیاریکراوە ، هەروەها بەکاردێت بۆ نەهێشتنی تەمومژی ڕستەیەك، وەك:

١.١٢. من پلانم بۆ **ڕۆیشتن** هەیە. (واتە پلانی ڕۆیشتنم هەیە).

ب. من **پلانم** بۆ ڕۆیشتن هەیە (واتە هەندێ پلانم بۆ ڕۆیشتن هەیە (١،٢...)

٣) ئەرکی ڕێزمانی: ئاواز بۆ ناسینەوەی ڕێزمان و دروستەی سینتاکسی بەکاردێت، بۆ نموونە (سنوری نێوان وشە، دەستەواژە و ڕستە دیاریدەکات و جیاوازی لە نێوان ڕستەی هەواڵی و پرسیاریدا دەردەخات و بۆ نەهێشتنی تەمومژی ڕستەکی نوسراو بەکاردێت، کە بەهۆی ئاوازی جیاوازەوە واتای جیاواز هەڵدەگرێت، بۆ نموونە:

١.١٣. نرخی زێڕ بەرزە. (ڕستەیەکی هەواڵییە لەگەڵ تۆنی نزمدا)

---

[١٢] Crystal (٢٠٠٥) پێشنیازی شەش جۆر لە ئەرکی ئاواز دەکات ( هەست و باری سەرنجی گوێگر، ڕێزمانی، زانیاریی ، تێکستی، سایکۆلۆجی، بەراوردیindexical) ، Roach ١٩٩١ ، چوار ئەرکی ئاواز نیشانەدەکات (هەست و باریسەرنجی گوێگر، شێوەزاری، ڕێزمانی و ئاخاوتن) هەرچەندە ئەرکی شێوەزاری دەتوانرێت لە ناو ئاخاوتندا لێکبدرێتەوە، Haliday١٩٨٥ ، لە سێ ئەرکی ئاواز دواوە ( ڕێزمانی، زانیاریی وهەست و باری سەرنجی گوێگر). بڕوانە:
، Farooq Jwad,H. (2007:83) ، ئەرکەکانی ئاوازی لە خشتەیەکدا ڕونکردۆتەوە.

ب. نرخی زێڕ **بەرزە**؟     (ڕستەیەکی پرسیارییە لەگەڵ تۆنێکی بەرزدا)

١٤.أ. ئەوانەی کە یاریدەکەن زۆر، هیلاك دەبن.       ( بەواتای ئەوانەی کە زۆر یاریدەکەن، هیلاك دەبن)

ب. ئەوانەی کە یاریدەکەن ، زۆر هیلاك دەبن.   (بەواتای ئەوانەی کە یاریدەکەن، زۆر هیلاك دەبن)

٤) ئەرکی ئاخاوتن: گوێگر بەهۆی ئاوازەوە دەتوانێت هەست بەوە بکات چی وەك (زانیاریی نوێ) وەرگرتووە و چیشی وەك(زانیاریی زانراو) وەرگرتووە، لە حاڵەتی زانیاریی نوێدا، هێز دەکەوێتە سەر بڕگەی شیاوی وشەی تایبەت، کە گرنگی هەبێت، یان دەچێتە سەر ئەو وشەیەی کە ناوەرۆکێکی زانیاریی لە خۆگرتبێت، بۆنموونە:

١٥. زانا ڕۆیشت بۆ **کۆیە**.

١٦. دەمەوێت **مناڵەکە** ببەم بۆ پارك.

بواری تەرزەکانی ئاواز/ tune، بڕگە بڕگەکردن و ڕەوتی ئەکسێنت، جۆرەکانی واتا ، کە پەیوەستن بە هەریەك لەوبوارانەوە ئەوەیە کە تەرزەکانی ئاواز/ tune پەیوەستە بە کردە قسەییەکانەوە، بڕگەبڕگە کردن بەزۆری پەیوەستە بە دروستەی زانیارییەوە و ڕەوتی ئەکسێنتیش بەستراوە بە بیرۆکەی تیشکۆوە.

## ١/٢_٥) ئاواز و بنەما پێویستەکان بۆ دیاریکردنی تیشکۆ:

## ١/٢_٥_١) ئاواز و فرێزی تیشکۆ Intonation and Focus Phrase:

جۆرەکانی دروستەی تیشکۆ بەهۆی دەستەواژەی سەرەکی سینتاکسەوە دیاریدەکرێت، بۆ نموونە ،ئەگەر دەستەواژەیەك هەڵگری فیچەری[+ت] بوو، ئەوا دەستەواژەکەش دروستەی تیشکۆی ئارگومێنتی دەبێت، ئەگەر هەڵگری فیچەری[−ت] بوو، ئەوا دەستەواژەکە دروستەی تیشکۆی بەشەکرداری دەبێت و ئەگەر دەستەواژەکە نە فیچەری [+ت] و نە فیچەری [−ت] ی هەبوو ئەوا، دەستەواژەکە دروستەی تیشکۆی ڕستەی دەبێت. نواندنی سینتاکسی هەر دروستەیەکی تیشکۆ فرێزێکی ئەرکی هەیە، کە ڕاستەوخۆیانە بەسەر $\overset{=}{V}$ دا زاڵدەبێت. لە دەستەواژەی تیشکۆی ڕستەدا،

بەرزترین گرێیە. سەرەی تیشکۆی فرێزی تیشکۆ فیچەری [–ت] ی لە ڕستەی بەشەکرداردا هەیە و فیچەری [+ت] ی لە ڕستەی تیشکۆی ئارگومێنتدا هەیە.

زمانەکان لە گواستنەوەی فرێزی تیشکۆ ، واتە (XP) یە بۆ دیاریکردنی تیشکۆ جیاوازن، لە زمانی کوردیدا هەر (xp ) یەك لەتوانایدا هەیە ، ببێتە تیشکۆ ، ئەگەر زانیاریی نوێبێت، لە ئاخاوتنەکەدا.


لێرەشەوە پەیوەندی نێوان تیشکۆی ئاواز/intonational focus و سێ جۆرەکەی دروستەی تیشکۆ لە سێ خاڵدا ڕوندەکەینەوە:

١) لەڕستەی تیشکۆی بەشەکرداردا تەواوکەری تیشکۆ ڕێگا بەXP ی دەدات وەك پێکهاتوی "تیشکۆی ئاواز [i-focus] " دابنرێت ، یان لێکبدرێتەوە.

٢) لە ڕستەی تیشکۆی ئارگومێنتدا، دیاریکەری فرێزی تیشکۆ، ڕێگە بە XP دەدات وەك پێکهاتووی تیشکۆی ئاواز [i-focus] لێکبدرێتەوە.

٣) لە ڕستەی تیشکۆی ڕستەدا $\bar{\bar{V}}$ ڕێگەی پێدراوە وەك پێکهاتووی تیشکۆی ئاواز [i-focus] لێکبدرێتەوە.

هێڵکاری گریمانەی فرێزی تیشکۆ لەگەڵ ئاوازدا لەهێڵکاری (٤) ڕونکراوەتەوە:




هێڵکاری ژمارە ( ٤) گریمانەی فرێزی تیشکۆ لەگەڵ ئاوازدا

(وریا عومەر ئەمین) لەبارەی ئاواز لەزمانی کوردیدا دەڵێت: ((گۆڕینی لەرینەوەی ژێکان دەبنەهۆی گۆڕینی ئاوازی ڕستە هەرئاوازەش واتایەکی جیا دەبەخشێت بە ڕستە))[١٣].لێرەدا نموونەکەی وەردەگرین و پەیوەست بە دروستەی زانیارییەوە لێکی دەدەینەوە:

١٧. ئازاد دوێنێ هات.

ا. ئەگەر ڕستەکە هەواڵی بێت: ئەگەر ڕستەکە بەیەك ئاواز دەربڕابوو، (ئازاد) سەرتۆپە ،(دوێنێ هات) تیشکۆیە، بەڵام ئەگەر جەختخرایە سەر وشەی (ئازاد) ئەوا دەبێتە تیشکۆو ڕستەکەش دەبێتە(تیشکۆی بکەر، تیشکۆی ئارگومێنت)، ئەگەر جەختخرایە سەر وشەی (دوێنێ) ئەوا دەبێتە تیشکۆو تیشکۆی ئارگومێنتە، ئارگومێنت بەواتای ئارگومێنت داواکراو نایەت لێرەدا، بەڵکو وەکو جۆرێکی تیشکۆ هاتووە، ئەگەر جەختخرایە سەر وشەی (هات) ئەوا دەبێتە تیشکۆ و ڕستەکەش دەبێتە(تیشکۆی کردار، تیشکۆی بەشەکردار) ئەوەی دەمێنێتەوە لە هەریەك لەڕستەکان دەبێتە سەرتۆپ بەم شێوەیە:

**١٨.ا. [ئازاد]**ت [دوێنێ هات]س. (تیشکۆی بکەر)

ب. [ئازاد[**دوێنێ** ]ت [هات ]]س.

پ. [ئازاد دوێنێ] س[ **هات** ]ت. (تیشکۆی کردار)

ب.ئەگەر ڕستەکە پرسیاری بێت: بۆ دڵنیاکردنەوە و دوپاتکردنەوەی ئەو زانیارییەی مەبەستە لەڕستەکەدا بەکاردێت، ئەو وشەیەی مەبەستە جەختکردنێکی زۆری لەسەرە و قسەکەری هەر زمانێك هەست بەو جەختکردنە دەکات و تێدەگات قسەکەر مەبەستی چییە، بۆ نموونە هەریەك لە ڕستەی(١٨.ا،ب،پ) دەبنەوەڵام بۆ ڕستەکانی(١٨.ت،ج،ح).

**ت. ئازاد** دوێنێ هات؟

ج. ئازاد **دوێنێ** هات؟

ح. ئازاد دوێنێ **هات؟**

[١٣] وریا عومەرئەمین (٢٠٠٩:٢٨٩) .

ڕستەی پرسیاری بەهۆی وشەی (ئایا) وە،بەهەمان شێوەی (ت،ج،ح) ە، وشە پرسەکانی تر، لە (١٨.خ،د،ر) خراوەتە ڕوو،بە هەمان شێوە ڕستەکانی(١٨.ا،ب،پ) دەبنە وەلاَم بۆ یان،وەك:

خ. دوێنیٚ کیٚ هات؟

د. ئازاد کەی هات؟

ر. ئازاد دوێنیٚ چی کرد؟

## ١/٢_٥_٢)نیشانەکردنی تیشکۆبە هۆی کێشناسییەوە[١٤]:

تیشکۆ بەهۆی بوونی هێز لەسەر وشە تیشکۆدارەکە و جێکەوتەکەی کە کۆتایی ڕستە دەگرێت نیشانە دەکرێت ، سەرەو ڕیزبوونی وشە بەشێوەیەکی سەرەکی، بەگوێرەی ئاسانکردنی بەرهەمهێنان و پلان دانان هەڵبژێردراوە و بەتێکەڵکردنی لەگەڵ بۆچونەکانی تردا (کە ئەرکێکی کەمتر پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی مادەیەکی زانراو وەك لە مادەیەکی نویٚ، ئەمە واتای ئەوەیە کە دواخستنی مادەنوێیەکان، پرۆسەی بەرهەمهێنان ئاساندەکات )[١٥]، بە واتایەکی تر ڕێسایی لێشاوی زانیاریی لە سەرەوڕیزبوونی سروشتی زمانی کوردیدا لە زانیاریی زانراوەوە بۆ زانیاریی نویٚ دەگرێتەوە.

نیشانەکردنی تیشکۆ بە هۆی جێکەوتەکەی، ئەمەش بەهۆی هەردوو یاسای[١٦] :

ا.ڕێسای تیشکۆی کۆتایی (end-focus) : ئاماژە بەوە دەکات کۆتایی ڕستە و فرێزەکان گرنگترین شوێنە بۆ تیشکۆ، ڕستە یان فرێزەکان بەلایەنی کەمەوە تیشکۆیەکیان هەیە کە بەزۆری دەکەوێتە کۆتایی ڕستەوە.

ب. ڕێسای قورسایی کۆتایی (end-weight):

لەبەرئەوەی زانیارییە نوێیەکان پێویستە بەشێوەیەکی تەواوتر لەزانیارییە زانراوەکان باسبکرێن، بۆ نموونە (لەڕێگەی بەکارهێنانی پێکهاتەیەکی درێژتر و ئالۆزتر) لەبەر ئەوە لەبەشی دواوەی ڕستەدا دێن و ڕێسای end-weight بەهەماهەنگی و شانبەشانی ڕێسای end-focus کار دەکات.سەرەڕای ئەوەش ،کە جێکەوتەی سەرەتایش دەکرێت ، ببێتەجێکەوتەی تیشکۆ( بەلاَم لە

---

[١٤] فیچەرە کێشناسیەکان بریتین لە(هێز، ئاوازو ڕیتم(کێش).

[15] Dehe,N.(2002:109) .

[16] Xiao,R.(2010:3) .

حاڵەتی سەرەوڕیزبوونی ئاسایدا لە کۆتایدایە) یە ، بەمەبەستی ئەزمونبەندکردنی هەردوو یاساکە نموونەی (١٩.أ، ب) دەخەینە ڕوو.

١٩.ا. ڕەنگە کەمێك کاتیان لێبگرێت بەلاّم ، گرنگە تۆ پەیوەندییان پێوە بکەیت بۆ ئەوەی پێویستیەکانی خۆتیان پێبلێیت.

ب.ڕەنگە کەمێك کاتیان لێبگرێت، بەلاّم ئەوەی کە تۆ پەیوەندییان پێوە بکەیت و پێداویستیەکانی خۆتیان پێبلێیت ، گرنگە.

ڕستەی دووەم قورس و ئالۆزترەو لەڕووی پێکهاتنەوە ناهاوسەنگە، خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەدا دەبێت زۆر شت لەمێشکیدا بهێڵێتەوە پێش ئەوەی بگاتە کۆتایی ڕستەکە.

## ١/٢_٥_٣) نیشانەکردنی تیشکۆ بەهۆی( هێز)ەوە:

هێز، هێزێکی کۆکراوەیە بۆ بەخشینی کاریگەری، لەسەر یەکێك لە بڕگەکانی ڕستە، لەدەربڕیندا هەستی پێدەکرێت ((ئەگەر فرێزێك P بێت، وەك تیشکۆی ڕستەیەك هەڵبژێردراS، بەرزترین هێز لە ڕستەکە دا، لەسەر بڕگەیەکی فرێزەکە دەبێت، کە بەرزترین هێز بەهۆی –یاسای هێزی ئاساییەوە هەڵدەبژێرێت))[17] یاساکانی هێزی ئاسایی یاساکانی هێزی ناوەکیی دەگرنەوە، کە بە هۆیانەوە بەشێکی زۆر لەواتا ئاسان دەبێت:

٢٠. ا. ئازاد **نانە**کەی به [**گەرمی**]تیشکۆ **خوارد**.

ب. ئازاد [نانەکەی بە **گەرمی** خوارد] تیشکۆ.

پ. [ئازاد نانەکەی بە **گەرمی** خوارد] تیشکۆ.

لە هەموو ڕستەکاندا هێز لەسەر (گەرمی)یە ،ئەمەش واتای ئەوەیە بەپێی **یاساکانی جاکیندۆف**، لە (٢٠.ا) دا تیشکۆ دەتوانێت تەنیا (گەرمی) بێت هەرچەندە لەم ڕستەیەدا، بەرزترین هێز لەسەر (گەرمی) ەو هێزی سەربارێش ناتوانێ بە تەواوەتی بچێتە دەرەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە خێرایی دەربڕینی ڕستەکە هێزی ناوەندی توانای کەم دەبێتەوە، بۆ ئەمە یاسای هێز، هێزێك بۆ پێکهاتووی تیشکۆ دەستنیشاندەکات، ئەم یاسایە بە یەکەوە لەگەڵ یاسای کێش rhythm، ڕێ بە کەمکردنەوەی هێزی ناوەندی دەدەن[18]. لەڕستەی (٢٠.ب) دا هەموو فرێزە کرداریەکە فرێزی تیشکۆ بێت و لە(٢٠.پ) دا هەموو ڕستەکەبێت. ئەمانەش دەگەڕێنەوە بۆ ئەم پرسیارانە، بەپێی ڕیز:

٢١.ا. ئازاد نانەکەی بەچی خوارد؟

---

[17] جاکیندۆف (Jakendoff) ١٩٧٢،پێناسەی ئەم پەیوەندییە ی بەو جۆرەی سەرەوە کردووە، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (Erteschik-Shir,N.(2007:30.

[18] سەرچاوەی پێشوو:ل،٣٣.

ب. ئازاد چی کرد؟

پ. چی ڕویداوە؟

وەلامەکە بۆ پرسیاری یەکەم باشتر گونجاوە بۆ دەرخستنی هێزەکە وەك لە دووەم و سێیەم.

بیرۆکەی نیشانەکردنی تیشکۆ لای Selkirk :

١. بەهۆی یاسای بنچینەی تیشکۆوەیە، کە ئاماژەیە بۆڕەوتی ئەکسێنت، لەم بارەیەوە Selkirkدەلێت :((پێکهاتوویەك کە ئەکسێنتدارە/ڕەوتی ئەکسێنتی تێدایە تیشکۆ نیشانەکراوە))[١٩] ، واتە وشە هێزدارەکان بە تیشکۆ نیشانەکراون.

٢. بەهۆی یاسای تیشکۆی فرێزیی، کە یاساکانی پرۆژەی تیشکۆیە Focus Projection. یاساکانی پرۆژەی تیشکۆی ئاواز i- focus دەبنە هۆی دیاریکردنی پرۆژەی تیشکۆ/ Focus[٢٠] Projectionپرۆژەکە لەسێ خاڵ پێکهاتووە :

أ.نیشانەکردنی تیشکۆی سەرەی فرێزێك، ڕێگە بە نیشانەکردنی تیشکۆی فرێزەکە دەدات.

ب.نیشانەکردنی تیشکۆی ئارگومێنتی ناوەکی سەرەیەك، ڕێگە بە نیشانەکردنی تیشکۆیی سەرەکە دەدات.

پ.نیشانەکردنی تیشکۆی بۆگەڕاوەیی شوێنەواری چەپ بە هۆی فرێزی ناوی ، یان گواستنەوەی وشەی پرس، ڕێگەبە نیشانەکردنی تیشکۆی شوێنەوارەکە دەدات.

لەم یاسایانەدا ئەوە دەردەکەوێت، ئەگەر کردارێك یان بەرکارێك جەختی لەسەر کرابوو، پاشان دەرکەوتنی تیشکۆ/پرۆژەی تیشکۆ ڕێگە بە لێکدانەوەی فرێزە کرداریەکە دەدات وەك تیشکۆ، بە گوێرەی یاسای بنچینەیی تیشکۆ(کە توخمی ئەکسێنتدار تیشکۆ نیشانەکەرە)، جەختکردنە سەر کردارەکە ، واتای ئەوەیە، کردارەکە تیشکۆ–نیشانەکراوە.

---

[١٩] ڕەوتی ئەکسێنت pitch accent ، لەسەر برگەی هێزدار دیاردەبێت، بە ستراوە بە بیرۆکەی تیشکۆوە ، (وریا عومەر ئەمین) دەلێت : "لە زمانی کوردیدا هێزیش لەسەر برگەی کۆتایی برگەو وشەکان دەردەکەوێت " ڕەوتی بەرزو نزم هەیە، کە بە Hو L ئاماژەیان بۆ کراوە واتە (High and Low). ڕەوتی ئەکسێنت لە سەر هەر وشەیەك بێت دەرکەوتوودەبێت و لەزۆربەی زمانەکاندا ڕەوتی ئەکسێنتی*H بۆ نیشانەکردنی تیشکۆ دانراوە و Lیش بۆ سەرتۆپ، ئاستەکانی ڕەوت لە سنوری فرێزدا بە سنوری تۆنەکان نوسراون L% و H% و نیشانەی * ئەوە پیشاندەدات، کە تۆنێکی بەرزە و تۆنەکە لەگەڵ برگەی هێزداردایە وەك H*، ئەکسێنتی L نزمترە، کەواتە هەرفرێزێك ڕەوتی ئەکسێنت وەردەگرێت و هەرفرێزەش کۆتایی بە سنوری تۆن دێت.

[20] A. Kahnemuyipour, A .( 2009:159-172).
B. Dehé, N.(2002:153).

بە گوێرەی (ا) کردارەکە تیشکۆ نیشانەکراوە(F-marked) و فرێزەکرداریەکەش ڕێگە پێدراوە بۆنیشانەکردنی بە تیشکۆ . (ب) دڵنیا دەبێت ، کە نیشانەکردنی تیشکۆی بەرکارەکە ڕێگە بە تیشکۆ نیشانە کردنی کردارەکە دەدات، بەمەش ڕێگە بە فرێزە کرداریەکەش دەدات .نیشانەکردنی تیشکۆی( ف.ك) یەکە، ڕێگە بە نیشانەکردنی تیشکۆی، هەموو ڕستەکە دەدات بەهۆی ڕێگەپێدانی هاتنە ناوەوەی سەرەکان. یاسای (پ) مەبەستی لێکدانەوەی ئەوەیە، ئەگەر تیشکۆیەك لە جێگەی بنەڕەتی خۆیەوە بگوازرێتەوە بەهەمان شێوە ئەو شوێنەوارەی بە جێیدەهێڵێت بەتیشکۆ نیشانەدەکرێت،، وەك، ڕستەی وەڵامی پرسیارێکی وەك، چی ڕوودەدات؟

۱.۲۲. [ئەو [ نامەیەکی[ بۆ[**ئازاد** ] [نارد]ت]ت]ت]تیشکۆ

ب. [بۆ [ئازاد[(pro)[ نامەکەی[ t [نارد]]]]]]تیشکۆ.
j i i j

لە(۱.۲۲)دا، کە وەڵامە بۆ پرسیارێکی وەك(چی لەنامەکەکرد؟) ناوی(ئازاد) ئەکسێنتەکەی وەرگرتووەو بەم شێوەیە تیشکۆ نیشانەکراوە بەپێی یاسای بنچینەیی تیشکۆ، بەگوێرەی یاسای تیشکۆی فرێزیی(پرۆژەی تیشکۆ) لە فرێزە ناویەکەوە[ئازاد]پاشان بۆ پێشناوی (بۆ) پاشان بۆ هەموو فرێزە پێشناوییەکە و لەویشەوە بۆ سەر[نارد] (وەك سەرەکەی کە ف.پ.ن یەکە ئارگومێنتی ناوەکییە) و دوابەدوای بۆ هەموو ف.ك یەکە و لەکۆتایدا بۆ هەموو ڕستەکە.(۲۲.ب ) دەرخستنی یاسای(پ) ی پرۆژەی تیشکۆیە. یاساکانی فرێزی تیشکۆ وەك جێبەجێکراوە لە(۲۲) دا، لە (۲۳) دا بەهەمان شێوە جێبەجێکراوە، کە هەریەکەیان وەڵامن بۆ پرسیارێکی پەیوەندار، وەك:

۱.۲۳. سارا کتێبێکی دەربارەی تیشکۆی ئاواز [ **مێژوو**]ت کڕی .

ب. سارا کتێبێکی تیشکۆی ئاواز[ دەربارەی[**مێژوو**]] کڕی.

پ. سارا تیشکۆی ئاواز[ کتێبێکی دەربارەی[**مێژوو**]] کڕی .

ت. سارا تیشکۆی ئاواز [کتێبێکی دەربارەی[**مێژوو**] کڕی].

ج. تیشکۆی ئاواز [سارا کتێبێکی دەربارەی[**مێژوو**] کڕی] .

لە تێڕوانین لەنموونەکانەوە، ئەوە دەردەکەوێت ، کە تەنها فرێزە دەرخەریەکە(مێژوو) بەهۆی ڕەوتی ئەکسێنتی ئایتمی لێکسیکی (مێژوو) پێکهاتووی تیشکۆ نیشانەکراوی بەرزترە ، ئارگومێنتی ناوەکی فرێزی دەرخەری(مێژوو)و فرێزی پێشناوی (دەربارەی) لەگەڵ یاسای (ب) پرۆژەی تیشکۆدا دەگونجێن.

لەزمانی کوردیدا ئەم بنەمایانەی دیاریکردنی دروستەی زانیاریی ، یان بەسەربەخۆیی ، یان بە یەکەوە کاردەکەن، لێرەدا باس لە سینتاکس دەکەین لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ئەوەی تیشکۆ بەهۆی هێزەوە دیاریدەکرێت ، لەبەرئەوە لەسینتاکسیکشدا ناتوانرێت خۆی لێ لابدرێت.

## ٢/٢) سەرەوریزبوونی وشە و دروستەی زانیاریی:


سنورەکانی سینتاکس، دروستەی پێکهاتەکانی (بکەر ، بەرکار، فرێزی ناوی ، فرێزی ئاوەڵناوی،فرێزی پێشناوی) و ئەرکی ڕێزمانی(بکەر،بەرکاری ڕاستەوخۆ،بەرکاری ناڕاستەوخۆ) و ڕۆڵی بابەتانە (سیمانتیکی) دەگرێتەوە، بەمەش (سینتاکس بریتی دەبێت لە سیستەمێکی ئاوەزیی کە هێماکان و گروپە هێماکان بەهۆی ڕێگاکانی دووجۆرەکەی زانیاریی هێماکان و دروستەکەی ، کە فۆرمەکانیانە لێکدەدرێتەوە)[٢١]. نواندنی فرە ئاستیی مۆدێلەکانی ڕێزمان وەکو (RRG, CCG, LFG, HPSG) ڕێدەدات بە دروستەی زانیاریی بۆ ئەوەی وەك ئاستێکی ناوەندی ئارگومێنتی دروستە، سیمانتیك ...هتد لێکبدرێتەوە، لەبەرئەوە دروستەی زانیاریی سروشتیانە یەکدەگرێت، واتە دروستەو زانیاریی یەکدەگرێت و دەبێت بە دروستەی زانیاریی. فیچەرەکانی دروستەی زانیاریی لە ناو دوو ئاستی لێکدەرەوە ف.ل وف.ف دا لێکدراونەتەوە، کە پێکهاتووەکانیان پەیوەندیان هەیە لەگەڵ درکپێکردنی تەواو و پڕاوپڕو سیستەمی ئاوەزی بە ئەنقەست وەك نوێنراوە لە داری زمانی(١)دا[٢٢]:

---

[٢١] لە دابەشبوونی ڕستە بۆ یەکەکانی دروستەی زانیاریی و بەشێوەیەکی سەرەکی یەگرتنی (دروستەی باکگراوند–تیشکۆ) بۆ ناو دروستەی زانیاریی، چۆمسکی ١٩٧٢، دروستەی باکگراوند–تیشکۆ لەسەر پێوانەی جەختکردن (ئەکسێنت) دیاریدەکات ودەڵێت : ((ئەو فرێزانەی کە ئاوازی سەرەکییان تێدایە لە دروستەی ڕوکەشدا تیشکۆ و گریمانەی پێشینە دیاریدەکەن). هەروەها جاکیندۆف ١٩٧٢، ڕێگە بۆ یەکگرتنی دروستەی زانیاریی بۆ ناو سینتاکس خۆشدەکات، ڕستە دابەشدەکات بۆ ١. پێکهاتووەکانی تیشکۆ، زانیارییەکە لە ڕستەدا، لەلایەن قسەکەرەوە وادانراوە ، کە زانیارییەکی هاوبەش نییە لەنێوان خۆی و گوێگردا ٢. گریمانەی پێشینە ، زانیارییەکە لەڕستەدا،کە لەلایەن قسەکەرەوە وادانراوە کە زانیارییەکی هاوبەشە لەنێوان خۆی و گوێگردا. ئەم دابەشکردنی ڕستەیە بۆ ناو سینتاکس یەکیگرتووە، بەهۆی یاسای نیشانەکردنی تیشکۆوەFocus assignment rule. ئەمە بەپێچەوانەی چۆمسکییەوەیە لەوەدا ، کە تیشکۆ پشت بەهێز نابەستێت( واتە هێز تەنها هۆکار نییە بۆ دەرخستنی تیشکۆ) ، بەڵکو هێز لەسەر تیشکۆیە ئەمەش پێویستە ، بەڵام بەتەواوەتی مەرجێکی بەشکردوو نییە بۆ تیشکۆ، بڕوانە:

Dehe, N.(2002:112) .

[٢٢] بیناکردنی ڕێزمان لە ڕێساکان و مۆدێلی پاڕامێتەر(چۆمسکی ١٩٨١ ) پێشنیاز کراوە و بۆناو پرۆگرامی (کەمینە ١٩٩٥) گەشەیکردوە . بۆزانیاریی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە، بڕوانە :




داری زمانی(١) مۆدێلی ڕێزمان


لێرەدا دروستەی زانیاریی سینتاکسیانە بە جفرە کراوە بۆ ناو (ف.ل)و(ف.ف)، ئەوە دەردەکەوێت کە فیچەرەکانی دروستەی زانیاریی پێویستە هەردوو فۆڕمی لۆژیکی و فۆرمی فۆنۆلۆژیان هەبێت، لەبەر ئەوە پێویستە پێشتر لە سینتاکسدا ئامادەبن.

پەیوەست بە لێکدانەوەی سینتاکسی بۆ ڕستە، دروستەی زانیاریی زۆر لایەنی پەیوەنداری ڕێزمانی بۆ ناو ئاخاوتن وەردەگرێت (ئاخاوتن مۆدولێکی ئاوەزییە ، کە ڕستەکان بۆ ناو دروستەی داڕشتەی ئاخاوتن کۆدەکاتەوە)[٢٣]. لە مۆدێلی پراگماتیکیشدا فیچەرە پەیوەندارەکان تەرخانکراون بۆ چوونە ناو بابەتی سینتاکسی بۆ پێکهاتووەکان لە جێکەوتەیەکی دیاریکراودا، ئەمەش بە و واتایە دێت، کە لە جێکەوتە جیاجیاکاندا فیچەرە پەیوەندارەکان دەچنە سەر واتای بابەتێکی دیاریکراو، بەم پێیە دروستەی زانیاریی بابەتی سینتاکسی سەربارانە لەگەڵ فیچەرەکان لەلایەن پراگماتیکەوە تەرخانکراوە بۆ دروستکردنی ئاخاوتنی کاریگەر، لەمەشەوە ئامادەیە بۆ ناو دروستەی ئاخاوتن نەخشە بکێشرێت، هەروەها ئەوەش دەردەکەوێت ، کە بیرۆکەی دروستەی زانیاریی بەشداری

a/Erteschik- Shir ,N.(2007:55).
b/Schwabe ,K.& Winkier ,S.(2007:11).m

[٢٣] Luis Lopez ئاخاوتن بە سیستەمی تێکەڵکردن دادەنێت ، کە ڕستەکان لە فۆرمی تێکستی نوێ کۆدەکاتەوە ،بۆ گەیاندنی جۆراوجۆر ،بڕوانە:(Lopez, L.(2009:21. دروستەی زانیاریی لای لامبرچێت ١٩٩٤وابینراوە وەك دەگەڕێتەوە بۆ ڕستەی ڕێزمانی و تایبەت نییە بە ئاخاوتن، بەڵکو لەگەڵ ڕێکخستنی ڕستە لەناو ئاخاوتندا دێت، بڕوانە:
. Breul, C.(2004:75)
ڕۆبێرت ١٩٩٦ زاراوەی دروستەی زانیاریی زیاتر بە بیرۆکەی ئاستی ئاخاوتن دەبینێت وەك لە بیرۆکەی ئاستی ڕستە،بڕوانە : (Bott, S,(2007:129 .

شیکردنەوە ئاوەزییەکان دەکات، کە دروستەی سینتاکس بۆ ناو حاڵەتی بیرکردنەوە، دەگوێزرێتەوە. بەمەش لە مێشکی قسەکەردا نەخشەیەکی ئاوەزییانە دەکێشرێت. بەم پێیە زمان پەیوەندی هەیە لە گەڵ مۆدولێکی دەرەکیشدا، بڕوانە هێڵکاری ژمارە(٥) :




(هێڵکاری ژمارە(٥)[٢٤] پەیوەندی سینتاکس بەئاوەز و مۆدیلی دەرەکییەوە دەردەخات)

حاڵەتەکانی زانیاریی بە بەهێزی بەستراون بە جێکەوتەی ڕستەوە، ئەمەش لەپەیوەندیدا هاوبەشە لەگەڵ پەیوەندی لەنێوان ئاوەز و بەجفرەکردنی دروستەیی چەمکەکانی دروستەی زانیاریی، کە بەلێشاوی زانیاریی ناومان بردووە.لەلایەکی ترەوە لەبەرئەوەی دەربڕینی کەتیگۆریەکانی دروستەی زانیاریی کاریگەری یەکگرتنیان لەنێوان دروستەی زانیاریی دروستەی کێش هەیە، لێرەوە دروستەی زانیاریی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەپڕۆسەکانی گۆڕینی سەرەوڕیزبوونی وشەدا ((گۆڕان لەبەجفرەکردنی دروستەی زانیاریدا ڕابەریمان دەکات بۆ گۆڕان لەبنچینەی سەرەوڕیزبوونی کردار و

---

[٢٤] CHL کورترکراوەی (Computation system of human language) بابەتی سینتاکسی بیناکردنی پێڕەوی ئاوەزی زمانی مرۆڤی لەخۆگرتووە، ماوەی گواستنەوەی زانیارییەکان، کە بەیەکدا دەچێت لە گەڵ مۆدولی پراگماتیکیدا ، فیچەرەکانی [ ±ئە] و[ ±ج ]بۆ پێکهاتووەکان بەگوێرەی جێکەوتەکەی و جۆرەکەی دەستنیشاندەکەن. ماوەی گواستنەوە ڕێگایەکی نوێیە لە مۆدولکردنی سیستەمی ئاوەزیی زمانی مرۆڤ لە پەیوەندی لە نێوان دارشتنی سینتاکسی و ئاستی نواندن کە بەئاستی (ف.ل) و(ف.ف) ناسراون دەردەخات، بڕوانە: (Lopez, L.(2009:23.

تەواوکەرەکانی))[25]، بۆ نموونە لەسەرەوڕیزبوونی (SOV)ی ڕستەی هەواڵی زمانی کوردیدا، بەواتای ئەوەی هیچ جێگۆڕکێیەك بە دروستەی پێکهاتووەکان نەکرابێت و ڕستەکە لە ئاوازێکی ئاسایدا دەربڕابێت، جێکەوتەی زانیاریی کۆن پێش زانیاریی نوێ دەکەوێت، بەڵام لەحاڵەتی وەڵامی ڕستەی پرسیاریدا و لە جێگۆرکێپێکردنی کەرەستەکاندا دەگۆڕێت. لەبەر ئەوە لێرەدا پێویستە باس لەو پرۆسە و یاسایانەبکەین ، کە گۆڕان لە سەرەوڕیزبوون وشەدا دروستدەکەن و پەیوەستن بە نیشانەکردن و دیاریکردنی جۆرەکانی زانیاریی لە سینتاکسدا. کردەی گواستنەوە بریتییە لە ڕێسای لێکچووی ئاوەزیی ، کە کەتیگۆری بۆ جێکەوتەی مەبەست بەرزدەکاتەوە، دوو جۆر یاسای گواستنەوە هەیە، یاسای گواستنەوەی لەبریدانان و یاسای گواستنەوەی هەڵواسین، (یاسای لەبریدانان) ئەو یاسایەیە ،کە پێکهاتەیەکی ڕستە دەگوێزێتەوە بۆ جێکەوتەیەکی بەتاڵ لە ڕستەکەدا. یاسای هەڵواسین ،ئەم یاسایەش بریتییە لە هێنانەپێشەوەی فرێزی ناو [26]، دروستەی سینتاکسی ڕستە بەسەرەوڕیزبوونی وشەو فرێزەکان لەناو ڕستەدا دەکرێت، ئەمەش هۆکاری دەرخستنی دروستەی زانیارییە بە ڕێگای جیاواز، لێرەدا باس لەو پرۆسە و کردانە دەکەین ، کە پەیوەستن بە (ڕوونکردنەوەی) دەرخستنی دروستەی زانیارییەوە:

---

[25] Hinterholzl,R.&Petrova, S.(2009:67).

[26] بۆ تێگەیشتن لە یاساکانی کواستنەوە لەزمانی کوردیدا، بڕوانە :

کاروان عومەر قادر(٢٠٠٨: ٢٠–٤٢) .

## ٢/٢–١) پرۆسە و یاساکانی سینتاکس لە دروستەی زانیاریدا :

### ٢/٢_١_١)جێگۆڕکێ/Dislocation/:

ئەم پرۆسەیە بریتییە لەجێگۆڕکێکردن بە کەرەستەی ڕستەیەك لە دەرەوەی چوارچێوەی سینتاکسی کەرەستەکە خۆی، جێگۆڕکێ لەپێکهاتەیەکدا ڕوودەدات ، کە جێناوێك(کلیتیکێك)[٢٧] لە دەستەواژە سەرەکیەکەیدا هەبێت بەواتای هێنانە پێشەوەی توخمێکە لە ڕستەدا، بەڵام کلیتیکی ئاماژەیی ئامادەیە لە جێکەوتە کرۆکەکەی کە پێکهاتووی هێنراوە پێشەوەکەدا، کە ئەرکی نیشانەکردنی سەرتۆپەکە ، یان بۆ ڕوونکردنەوەی بەکاردەهێنرێت ، دوو جۆر جێگۆڕکێکردن هەیە:

### ٢/٢_١_١_١) جێگۆرکێکردن بۆ لای چەپ[٢٨]:

ئەم چەشنە لە جێگۆڕکێکردن بریتییە لە گواستنەوەی/ هێنانە پێشەوەی پێکهاتەیەکی ڕستە بۆ سەرەتای ڕستە، فیچەرێکی سەرباری هەیە ، کە جێناوییە، واتە جێناوێك لەجێکەوتەی بنچینەیی توخمەکە بەجێدەهێڵێت، جێگۆڕکێی چەپ بۆ پێشکەشکردنی زانیاریی زانراو/سەرتۆپ خزمەتدەکات، بۆنموونە:

٢٤. [قاپەکان]س.م، من دەیانشۆم.

لەم نموونەیەدا، دروستەی پێش جێگۆرکێپێکردنەکەی (من قاپەکان دەشۆم)ە، لە دروستەی پاش جێگۆرکێپێکردنەکەی دا، فرێزی ناوی قاپەکان کلیتیکێك بەکردارەکەوە بەجێدەهێڵێت، ئەو فرێزەی هێنراوەتەسەرەتاوە سەرتۆپە و زانیاریی زانراوە.

---

٢٧ جێگۆڕکێ فیچەری ئەنافۆریکی هەیە [ +ئە]، بەواتای کەرەستەیەك پێشتر هەبووە و پاشان جێگۆرکێی پێکراوە ، واتە جێگۆڕکێ پێویستە بەسترابێتەوە بە پێشوترەوە و ئەنافۆریکە. ئەنافۆریکی بەهێز سێ تایبەتێتی هەیە:بەخورتی بەستراوە بە پێشوترەوە ، مەرجی شوێن(ناوچە)ی هەیە،دروستەی پێڕەوی ناوەکی لەنێوان ئەنافۆر و پێشوتردایە، بڕوانە:

.Dehe, N.(2002:112)

28 Brinton, L.&Brinton, D.(2010:330-337).

٢٥. قاپەکان، ئەوە من دەیانشۆم.

لەم نموونەیەدا، جێناوی (ئەوە) دەگەڕێتەوە بۆ قاپەکان، کە لەدوای جێگۆڕکێپێکردنی جێناوی (ئەو)ی بەجێهێشتووە.

## ٢/٢_١_١_٢)جێگۆڕکێکردن بۆ لای ڕاست:

ئەو یاسایەی کەرەستەیەك ، یان پێکهاتەیەك دەباتە لای ڕاست ، پێیدەوترێت جێگۆڕکێکردن بۆ لای ڕاست، ئەم جۆرە جێگۆڕکێپێکردنە لەزمانی کوردیدا ڕێگە پێنەدراوە[٢٩].بۆنموونە:

٢٦. زۆر بەهێواشی قسەدەکات، ئازاد.

---

[٢٩]لە زمانی کوردیدا جێگۆڕکێ، لە جۆری یەکەمە واتە جێگۆڕکێ بۆلای چەپە، لە ئەلف وبێی لاتینیدا ،بەلاَم لە ئەلف وبێی عەرەبیدا پێچەوانەدەبێتەوە، لەجێگۆڕکێی ڕاستدا( کاروان عومەر قادر) دوو خاڵی بەنموونەوە خستۆتەڕوو : (ا) بەهۆی ئەوەی ئاراستەی پێکهاتە جێگۆڕکێ پێکراوەکە بۆلای ڕاستە، لەکاتێکدا لەزمانی کوردیدا بە پێچەوانەوەیە. (ب) لەم یاسایەدا کەرەستەی هاونیشانە لەگەڵ فرێزی جێگۆڕکێ پێکراوەکەدا، دەبێت (pro) یەك بێت، ئەمەش مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ ڕێگەدان بە هێنانە دەرەوەی پێکهاتەکە، لەزمانی کوردیشدا، پێکهاتە جێگۆڕکێ پێکراوەکە نە هیچ ڕێکەوتنێکی هەیە لەگەڵ (pro) یەکدا و نە لەبنەڕەتیشدا(pro)مان هەیە، تاڕێکبکەوێت و هاونیشانە بێت لەگەڵیدا بڕوانە، نموونەی (١.ا،ب)

(١.ا) [لاس ]س [ پاسکیل لێدەخوڕێت]ت.

(ب) *[لاس]س[ t ] [ لێدەخوڕێت]ت [ پاسکیل]ت.

i ← i

بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: کاروان عومەر قادر(٢٠٠٨: ٦٢–٦٥) .

## ٢/٢_١_٢) سکرامبلینگ[٣٠] Scrambling/:

هەندێك لە زمانەکان لەدروستەکانیاندا، پێکهاتەکانی لە سەرەوڕیزبوونی ڕووکەشی جۆراوجۆردا دەردەکەون، بەبێ گۆڕینی کرۆکی واتای ڕستەکە، بەئەم حاڵەتە دەوترێت سکرامبلینگ، یاسای سکرامبڵینیگ بریتییە لە:

ا+ب+پ+ت ⟵ ا+پ+ب+ت

ئەگەر هەریەك لە (ا، ب، پ، ت) پێکهاتووەکانی ڕستەبن بە ڕیز.

بۆنموونە:

٢٧. [سەیارەکە ]س [لەپڕ کۆنترۆڵی لەدەستدا]ت

٢٨. [سەیارەکە]س [کۆنترۆڵی لەپڕ لەدەستدا]ت

لەم نموونەیەدا ئەوە ڕوندەبێتەوە کە گۆڕان لە سەرەو ڕیزبوونی کەرەستەکاندا ڕویداوە، بەلاّم گۆڕان لە واتا و زانیارییەکانیدا ڕوینەداوە.

## ٢/٢_١_٣) هێنانە پێشەوە/Preposing/:

هێنانە پێشەوەی توخمێکە لە توخمەکانی ڕستە وەك، هێنانە پێشەوەی کەتیگۆرییەکانی فرێزی ناوی، فرێزی ئاوەڵناوی و ، فرێزی پێشناوی، فرێزی ئاوەڵکرداری دەگرنەوە. زۆرجار ئەو توخمەی هێنراوەتە پێشەوە بۆ زانیارییەك دەگەڕێتەوە ، کە پێشتر باسکراوە یان هەندێکجار جیاوازیەك دروستدەکات لەگەڵ ئەو زانیارییەدا، هێنانە پێشەوە باوڕۆیشتوانە پێی وتراوە باسمەند، هەردوو لێکۆڵەر (Prince,Ward) بە پشت بەستن بە ئاوازو دروستەی زانیاریی ، هێنانەپێشەوە ،بۆ دووجۆر دابەشدەکەن[٣١]:

ا. هێنانەپێشەوەی تیشکۆ Focus Preposing

ب. پرۆسەی باسمەند Topicalization

---

[٣٠] لەهەندێك لە لێکۆڵینەوەکاندا وادانراوە ، کە هەموو گواستنەوەی پەیوەندار بەدروستەی زانیارییەوە، باووڕۆیشتوانە لەژێر بیرۆکەی سکرامبڵینگ یەکخراوە. بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی (ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا) دەگەینە ئەوەی کە هەردوو پرۆسەی جێگۆڕکێکردن و سکرامبلینگ، هاوشێوەی پرۆسەی باسمەندن، بڕوانە:

١. کاروان عمر قادر(٢٠٠٨:٥٩).

B/Erteschik-Shir, N.(2007:124-125).

[31] Ward, G.(2008:14).

## ٢/٢_١_٣_١) هێنانەپێشەوەی تیشکۆ:

گواستنەوەی پێکهاتووی تیشکۆدارە بۆ سەرەتای ڕستە، پێکهاتووی هێنراوەپێشەوەی ( هێنانەپێشەوەی تیشکۆ ) تیشکۆی دەربڕاوەکەی تێدایە، کە هەڵگری ئەکسێنتی سەرەکییە، ئەوەی لەڕستەکە دەمێنێتەوە هەڵگری ئەکسێنت نییە. هێنانەپێشەوەی تیشکۆ **جیاوازی**[٣٢] دروستدەکات:

٢٩.أ. تۆ کەوچکەکەت دایە؟

ب. [نا، **چەقۆکە**]ت.چ/ت $_i$ [(من) [ $t_i$ داومەتیٚ]] س

وەڵامی ڕستەکە بەم جۆرەیە(نا کەوچکەکە من نەمداوەتیٚ، چەقۆکە من داومەتیٚ)، بەڵام لەوەڵامی (٢٩.ب)دا زانیارییە زانراوەکە دوبارە نەکراوەتەوەو مۆرفیمی نەکردن (نا) جیاوازی دروستکردووە، ئەوەی هێنراوەتە سەرەتا تیشکۆیەو جیاوازیشی دروستکردووە.

لەهەندێك سەرچاوەدا هێنانەپێشەوە و جێگۆرکێی چەپ بەیەك پرۆسە دانراون، جیاوازی لەنێوانیاندا ئەوەیە لەجێکەوتەی چەپدا جێناوێك هەیە، کە هەمان ئاماژەی هەیە لەگەڵ توخمی جێگۆڕکێپێکراو، ئەگەرچی لەزمانی کوردیدا ئەمە بە جیاوازی سەرەکی دانانرێت لە نێوانیاندا، بەهۆی بوونی کلیتیکەکانیەوە، کە ئاماژەن بۆ توخمەکانیان لەڕستەدا. بڕوانە نموونەی(٣٠ ، ٣١):

٣٠. کتێبەکە، من خوێندمەوە.

٣١. ئێوە، من دەتانبەمەوە.

هەرکەرەستەیەك ، کە بتوانێت ببێتە تیشکۆدەتوانێت ببێت بە هێنانە پێشەوەی تیشکۆ، واتە دەتوانرێت بهێنرێتەپێشەوە، ئەمەش جیاوازییەکە لەگەڵ جێگۆرکێی چەپ، چونکە جێگۆرکێی چەپ پێویستی بەوە هەیە ، کە پێکهاتووی جێگۆرکیٚ پێکراو بەسترابێتەوە بەکەرەستەیەکەوە کە پێشتر بیرخرابێتەوە، بەڵام لە هێنانەپێشەوەی تیشکۆدا پێکهاتووەکە بیرخستنەوەیەکی نییە، چونکە نوێیە.

[٣٢] بۆ ڕونکردنەوە (جیاوازی) بڕوانە (٣/٢) ئەم لێکۆڵینەوەیە.

## ٢/٢_١_٣_٢) پرۆسەی باسمەند Topicalization:

پرۆسەی باسمەند بە سەرتۆپکردن(هێنانە پێشەوەی) کەرەستەیەکە بۆ سەرەتای ڕستە[٣٣]، باسمەند لە دروستەی زانیاریدا، پێکهاتوویەك دەگرێتەوە کەهەڵگری زانیاریی زانراو/سەرتۆپە، کاتێك ئەم پێکهاتووە دەخرێتە سەرەتای ڕستەوە(بەسەرتۆپ دەکرێت) شوێنەوارێك لەجێکەوتە بنچینەییەکەی بەجێدەهێڵێت، کە بە هاونیشانەکردن بەیەکەوە دەبەسترێنەوە. لە ڕستەی باسمەنددا، پێکهاتووی هێنراوەپێشەوەکەی جیاواز لەتیشکۆ بەشداریدەکات، چونکە هەڵگری فرە ڕەوتی ئەکسێنتە، بەلایەنی کەمەوە یەکێك لەسەر پێکهاتەی هێنراوەتە پێشەوە و یەکیشیان لەسەر تیشکۆی نەهێنراوەپێشەوە دادەنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو جۆری هێنراوەپێشەوەکە پێویست بەڕستە ناوەرۆکی کراوە و گرنگ و دەرکەوتوو دەکات ( گۆڕاوێك یان زیاترە کە لەلایەن قسەکەرەوە گرنگە و دەرکەوتووە لەو کاتەی ئاخاوتندا) کە لەگەڵ تیشکۆی ئاخاوتنەکەدا دەگونجێت.

١.٣٢. نەسرین چی دەکات؟

ب. [نەسرین]س [ قبوڵی لێدەنێت]ت ڕستەی سەرتۆپی

١.٣٣. کێ قبوڵی لێی دەنێت؟

ب.[ **نەسرین**]ت [ قبوڵی لێدەنێت]س (ڕستەی سەرتۆپی)

پ.[ قبوڵی]س.هـ، [**نەسرین**]ت [ t [لێی دەنێت]]س (ڕستەی باسمەند)

i ⟶ i ⟶ i

لەنموونەی (٣٢) دا سەرەوڕیزبوونێکی ئاسایی یەو هیچ هێنانە پێشەوە و جێگۆڕکێ پێکردنێك بەکەرەستەکان نییە و لە نموونەی (٣٣) دا، پرسیارەکە سەرەوڕیزبوونی ئاسایی زمانی کوردی هەیە،بەلأم لە (١.٣٣) هەر سەرەوڕیزبوونێکی ئاساییە بەلأم جەختخراوەتە سەر وشەی (نەسرین) و

---

[٣٣] کاروان عومەر قادر، لەنامەکەیدا زۆر بەپێڕەوبەندانە، یاساکانی باسمەندی خستۆتە ڕوو:

(١.١) $S^{=} \leftarrow$ TOP $\bar{S}$

(ب) $\bar{S} \leftarrow$ COMP $\{_{S^{=}}\}_{\bar{S}}$

(٢) [ X– ف.ن–Y ] ← ف.ن[ X–t–Y ]

١ ٢ ٣ ← ٢[ ١– t –٣]

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە،بڕوانە،

کاروان عومەر قادر(٢٠٠٨: ٦٨–٦٩).

لەگەڵ وشەی پرسی وەڵامەکەدا گونجاوە و بووەبە تیشکۆ، پاشماوەی ڕستەکەش سەرتۆپە، لە(٣٣.پ)دا سەرتۆپەکە هێنراوەتەپێشەوە و هاونیشانەیە لەگەڵ کلیتیکی(ی) جێکەوتەی بنەڕەتییەکەی، بووە بە(سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە) ئەمەش پرۆسەی باسمەندە[٣٤].

## ٢/٢_١_٤) جێکەوتەی سەربار/Extraposition/ :

جێکەوتەی سەربار گواستنەوەی دەستەواژەی بکەر، یان بەرکارە بۆ دەرەوەی جێکەوتەی ئاساییەکەیان[٣٥]،کاتێك ئەمە ڕوودەدات جێناوی (ئەو) لە جێکەوتەی بکەری دەستەواژەی سەرەکی دا دێت، دەستەواژەی هێنراوەپێشەوەکە وەك بکەری لۆژیکی هەژماردەکرێت ، جێکەوتەی سەربار یارمەتیدەردەبێت بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی ڕستە. جێکەوتەی سەربار چوار جۆری هەیە:

١.جێکەوتەی سەرباری دەستەواژەی (کە): جێناوی ئەو، ئەرکی بکەر دەبینێت لە کاتێکدا (دەستەواژەی –کە) گوازراوەتەوە بۆ جێکەوتەی کۆتایی، وەك:

٣٤. [**ئەوە**] ئاشکرایە ، [کە زانا پێشبڕکێکە دەباتەوە].(<ئاشکرایە کە زانا پێشبڕکێکە دەباتەوە).

٢.گۆڕینی شوێنی دەستەواژەی (وشە پرسەکان): لێرەدا (ئەو) ئەرکی بکەر دەبینێت لەکاتێکدا، فرێزی وشە پرسەکە ، گوازراوەتەوە بۆ بەشی کۆتایی، وەك:

٣٥. [**ئەوە**] ئاشکرانییە [چۆن ڕوداوەکە ڕویداوە].(<ئاشکرانییە چۆن ڕوداوەکە ڕویداوە).

٣.گۆڕینی شوێنی دەستەواژەی (چاووگی ): لێرەدا (ئەو) دەبێتە بکەر و دەستەواژە چاوگییەکەش دەچێتە کۆتایی ڕستەوە، وەك:

٣٦. [**ئەوە**] گرنگە [خوێندنەوەی هەموو کتێبەکە تەواو بکەیت دواتر بگەڕێیتەوە بۆ ئەم بابەتە].(<گرنگە خوێندنەوەی هەموو کتێبەکە تەواو بکەیت دواتر بگەڕێیتەوە بۆ ئەم بابەتە) .

٤.گۆڕینی شوێنی دەستەواژەی (بەردەوام لە کرداردا)، وەك:

٣٧. [**ئەوە**] زۆر گرانە ، [ئامێرەکان ببڕێن بۆ سەر شاخەکە]. ( < زۆر گرانە ئامێرەکان ببڕێن بۆ سەر شاخەکە).

لە ڕوانگەی دروستەی زانیارییەوە دەتوانرێت بگوترێت، کە لە هەموو نموونەکاندا جێناوی (ئەو) سەربارە و دەتوانرێت لاببرێت.

---

[34]Brinton,L.&Brinton, D.(2010:334-335).
[35]Xiao R.(2010:10).

## ٢/٢_٢) تایبەتییەکانی دروستەی زانیاریی و سینتاکسی جێناوەکان لە زمانی کوردیدا:

بۆ ئەوەی لە دروستەی زانیاریی ڕستەکانی زمانی کوردی بگەین و پێکهاتەکانیان بخەینەڕوو، ئەو ڕاستییە بەسەر لێکۆڵینەوەکەدا دەچەسپێت، کە شیکردنەوەکە بۆ ئەم بوارانە بخرێتەڕوو:

١.جۆرەکانی تیشکۆ

٢.بواری تیشکۆ

٣.جێکەوتەی سەرتۆپ وتیشکۆ

٤.مەودای ڕادە و دروستەی تیشکۆ

٥.گواستنەوەی وشەی پرس

### ٢/٢_٢_١) فیچەرەکانی دروستەی زانیاریی :

تایبەت بەدروستەی زانیاریی ، Zybatow,Junghanns پێشنیازی دوو فیچەریان کردووە، فیچەری [ ت] وەك فیچەری تیشکۆیی و فیچەری[تۆپ] وەك فیچەری سەرتۆپی ئەم فیچەرانە پشت بە سینتاکس دەبەستن، کە بۆ پێکهاتووی شیاو تەرخانکراون، لە هەمان کاتدا فیچەرەکان پشت بە مەبەستی قسەکەر دەبەستن ئەرکی پراگماتیکیشیان دەبێت بەتایبەت جەختکردنی زانیاریی گرنگ لەچوارچێوەیەکی زانراودا. بەشێکی سەرەکی سیستەمی فیچەری کەمینە میکانیزمێکە، کە ڕێگە بە پاڵاوتنی بەهای فیچەرەکان دەدات لەمیانەی بوارە ناوخۆییە گونجاوەکاندا، ئەم سیستەمەش پێی دەوترێت ڕێکەوتن[٣٦]. لەگەڵ ئەوەشدا فیچەری[ ±ت ] جیاوازە لە فیچەری کەتیگۆریی و سینتاکسی، فیچەری [ت ] فیچەری سەرەنییە، بەڵام تەرخانکراوە بۆ کەتیگۆری فرێزیی. سەرەڕای ئەوەش،[ت] نەبەستراوە بە کەتیگۆریەکی دیاریکراوەوە، وەك[کۆ] بۆ کەتیگۆری (ناو)، بەڵکو تەرخانکراوە بۆ هەر کەتیگۆریەك کە هەڵگری زانیاریی تیشکۆیە. تەرخانکردنی تیشکۆ بۆ کەتیگۆریەکی دیاریکراو بەتەواوەتی پشت بە حاڵەتی ئاخاوتن دەبەستێت. گواستنەوەی ئاشکرا بۆ جێکەوتەیەکی دیاریکراو لەناو بواری ئەرکی فرێزی کرداریدا بەهۆی فیچەرەکانی دروستەی زانیارییەوە دەستپێکردووە.

---

[٣٦] ڕێکەوتن گونجاندنە لەنێوان دوو یان زیاتر لەتوخمی ڕستە لەپەیوەندی لەگەڵ کەتیگۆری مۆرفۆسینتاکسی (دۆخ،کەس،ژمارە، ڕەگەز) ڕێکەوتن، پەیوەندی سینتاکسی نیشانەدەکات وەك دوو پێکهاتوو بۆ هەمان پێکهاتووی ئاڵۆز دەگەڕێتەوە،سەرەڕای ئەوەش ئەرکی سینتاکسی وەك بکەر... پیشاندەدات، بڕوانە:

[A] Dehe,N.(2002:113-114).

[B] Bussmann,H.(1996:33) .

## ٢/٢_٢_٢) جۆرەکانی تیشکۆ(دروستەی تیشکۆ):

لێکۆڵەرەکان لەگەڵ باسکردنی دروستەی زانیاریدا، باسیان لە سێ جۆری دروستەی تیشکۆ کردووە، ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستدان، زاراوەی جیاوازیان بۆ بەکارهێناوە وەك لەم خشتەیەدا ڕونکراوەتەوە[٣٧] :

| نوسەرەکان | جۆرەکانی دروستەی تیشکۆ | | |
|---|---|---|---|
| Sasse ١٩٨٧ | ڕستەی کەتیگۆری Categorical sentences | ڕستەی سیتیك Thetic sentence | |
| Lambrecht ١٩٩٤ | تیشکۆی بەشەکردار Predicate focus | تیشکۆیڕستە Sentence focus | تیشکۆی ئارگومێنت Argument focus |
| Carsten ٢٠٠٤ | ڕستەی کەتیگۆری Categorical sentences | ڕستەی سیتیك Thetic sentence | ڕستەی دیاریکردن Identificational sentence |
| Emma ٢٠١٠ | تیشکۆی بەشەکردار Predicate focuse | تیشکۆی ڕستە Sentence focuse | تیشکۆی مەودا تەسك Narrow focuse |

خشتەی ژمارە (١)

[٣٧] بەگوێرەی لامبرچێت ١٩٩٤ پەیوەندی سەرتۆپ و تیشکۆ خۆیان لەسێ جۆری دروستەی تیشکۆدا پیشان دەدەن، دروستە تیشکۆی بەشەکردار، دروستەی تیشکۆی ئارگومێنت، دروستەی تیشکۆی ڕستە، ئەم سێ جۆرەی دروستەی تیشکۆ لەگەڵ سێ بنچینەی ئەرکی پەیوەندیکردن دەگونجێن، بۆنموونە (تیشکۆی بەشەکردار : ئەرکی سەرتۆپ_کۆمێنت)ی هەیە، واتە دروستەی ڕستەکە(سەرتۆپ–کۆمێنت)ە، (تیشکۆی ئارگومێنت: ئەرکی دیاریکردن(ناساندن))ی بۆ ڕستە ناوەڕۆکێکی زانراوهەیە، (تیشکۆی ڕستە: ئەرکی ناساندن) ی ڕستە ناوەڕۆکێکی نوێی هەیە. بڕوانە : Breul,C.(2004:9)

ڕێگای مۆرفۆسینتاکسی بۆ دەربڕینی حاڵەتی پراگماتیك ئاخاوتنی توخمەکان لە ڕستەدا پێی دەوترێت دروستەی تیشکۆ[٣٨]، بەپێی شیکردنەوەی چۆنیەتی بەستنەوەی دروستەی زانیاریی بە دروستەی سینتاکسەوە ڕستەکان بڕی جیاوازیان لە زانیاریی نوێ تێدایە، بواری تیشکۆ لەوانەیە پێکهاتوویەك بێت ، یان هەموو ڕستەکە ، یان هەندێك بەشی ڕستەکەبێت، واتە بواری تیشکۆ ، یان مەودا تەسکە یان مەودا فراوانە، تیشکۆی مەودا فراوان بریتییە لە (تیشکۆی بەشەکردار و تیشکۆی ڕستە) و تیشکۆی مەودا تەسك بریتییە لە (تیشکۆی ئارگومێنت) ، سێ جۆری دروستەی تیشکۆ لە زمانەکاندا پیشاندراوە:

**١/<u>تیشکۆی ڕستە</u>:** لە پێکهاتنی تیشکۆی ڕستەدا هەموو ڕستەکە تیشکۆدارە[٣٩](سەرتۆپی تێدانییە) زۆربەی چیرۆك و گفتوگۆکان بە تیشکۆی ڕستە دەستپێدەکەن، تیشکۆی ڕستە لەوانەیە وەڵام بێت بۆ پرسیارێکی وەك (چی ڕویداوە؟) وەڵامەکە هەمووی دەبێتە تیشکۆ، بۆ نموونە:

١.٣٨. چی ڕویداوە؟

ب. [ $(pro_i)$ سەیارەکە$\underline{م}_i$ شکاوە]ت.

---

[٣٨] ئەو لقەی بۆ دروستەی تیشکۆ بەکارهاتووە لە ناو تیۆری ڕۆڵ و ئاماژەی ڕێزمانیدا پشت بەتیۆریەکەی لامبرچێت(١٩٩٤) دەبەستێت ،کە پێشنیازیکردووە ، کە چەندبارەبوونەوەی تەرزەکان لە ڕێکخستنی زانیاریی بەدرێژایی زمانەکان بوونی هەیە و ئەمەشی بە جۆرەکانی تیشکۆ ناوبردووە،کە پێیان دەڵێت (تیشکۆی بەشەکردار،تیشکۆی ئارگومێنت وتیشکۆی ڕستە)، بڕوانە:(Schwabe, K.&Winkler, S.(2007:256

[٣٩] لە زمانی ئینگلیزیدا بکەرەکە هێزی سەرەکی وەردەگرێت، لەئیتالیدا بکەرەکە لەدوای کردارەوە دێت و هێزی سەرەکی لەسەرە، لەژاپۆنیدا فرێزەناویەکە و بەشەکردارەکەش هێزیان لەسەرە. لەزمانی کوردییدا ، بەپێی وەڵامی گوێگردەگۆڕێت، ئەگەر ڕستەکە هەمووی بەیەك ئاواز دەربڕابوو، ئەوا بکەر هێزی لەسەر نییە، ، بەڵام ئەگەر بکەر هێزداربوو ئەوا بەلای گوێگرەوە گرنگ بووە، لەبەر ئەوە هێزخراوەتە سەری وەك پێکهاتوویەکی تیشکۆ لەناو بواری تیشکۆدا، کە هەموو ڕستەکەیە. بڕوانە : (Pavey,E.(2010:275 .

**٢/ تیشکۆی بەشەکردار:** تیشکۆی بەشەکردار بریتییە لە نیشانەنەکراوی جۆری دروستەی تیشکۆ، ڕستەکان لەگەڵ تیشکۆی بەشەکرداردا پێکهاتووی سەرتۆپی تێدایە. واتە دوپاتکردنەوەی ، دەربارەی ئەو سەرتۆپە تێدایە، گریمانەی پێشینە لەو ڕستانەدا ئەوەیە، کە سەرتۆپ ناسراوە بۆ گوێگر(وەك زانیاریی باکگراوند) بواری تیشکۆ هەموو پێکهاتوویەك دەگرێتەوە، بێجگە لە سەرتۆپ، هێزی سەرەکی لەسەر فرێزی بەشەکردارە، بۆ نموونە:

٣٩.أ. چی بەسەر سەیارەکەتدا هاتووە؟

ب. [سەیارەکەم]س [**شکاوە**]ت.

**٣/تیشکۆی مەودا تەسك:** لەناو تیشکۆی مەودا تەسکدا بواری تیشکۆ لە تەنها پێکهاتوویەك پێکهاتووە، پێشیدەوترێت تیشکۆی ئارگومێنت و بەزۆری بۆپێدانی ناسنامەی ئاماژە بەکاردێت ، یان بۆ ڕاستی و **جیاوازی** بەکاردێت، وەك:

٤٠.أ. بیستم ، هونەر مارەکەی کوشت؟

ب. نا، ئەوە **هاوڕێ** بوو ، کە مارەکەی کوشت.

## ٢/٢-٢-٣) جێکەوتەی سەرتۆپ و تیشکۆ[٤٠]:

**جێکەوتەی سەرتۆپ:**

جێکەوتەی سەرتۆپ، لەڕستەی هەواڵی ئاوازێکی ئاسایی سەرەوڕیزبوونی (SOV) زمانی کوردیدا، لە سەرەتای ڕستەدایە، جێکەوتەی سەرەتاش جێکەوتەی بنەڕەتی سەرتۆپە، بەڵام لەحاڵەتی ئاخاوتنی پرسیار و وەڵامدا جێکەوتەکەی دەگۆڕێت، لە بەر ئەوە جێکەوتەی بکەر و جێکەوتەی سەرتۆپ چونیەك نین، واتە جێکەوتەی نابکەریش دەتوانێت ببێتە سەرتۆپ، وەك:

٤١.أ. کێ خانووەکەی فرۆشت؟

ب. [ئازاد]ت [خانووەکەی فرۆشت]س.

---

[40] Fiedler, I.&Schwarz, A.(2010:123-130).

**جێکەوتەی تیشکۆ:**

جێکەوتەی بنەڕەتی تیشکۆ لە سەرەوڕیزبوونێکی ئاوازی ئاساییدا لە کۆتای ڕستەدا دێت، بەڵام لە حاڵەتی جێگۆڕکێپێکردنی و بوونی ئاوازی بەرزونزم و پرسیارو وەڵامدا جێکەوتەکەی دەگۆڕێت، وەك:

**٤٢. ئازاد** فەرشێکی کڕی.      وەڵامە بۆ(کێ فەرشی کڕی؟) **تیشکۆی بکەر.**

٤٣. ئازاد **فەرشێکی** کڕی. وەڵامە بۆ(ئازاد چی کڕی؟) **تیشکۆی بەرکار.**

٤٤. لازۆ **قسە ناکات. (تیشکۆی کردار).**

جێکەوتەی سەرتۆپ وتیشکۆ لەڕستەدا هەریەکەیان بەستراوە بەئەوەی تریپانەوە، وەك لە بەشی یەکەمدا باسکراوە، هاتنیان بەیەکەوە دەبێتە هۆی کارلێککردنیان و گۆڕانی جێکەوتەکەشیان.

لەزمانی کوردیدا ،کلیتیکی بکەری کەڕێکەوتنی بکەرو کردار پیشاندەدەن، ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە پێچانەوەی زانیاریی ناو ڕستەدا، جگە لەمانەش پۆلەکانی جێناوی نیشانە و جێناوی لکاوی خاوەنداری و کلیتیکی بەرکاریی بەهەمان شێوە کاریگەریان هەیە، لەزمانی کوردیدا جێناوە کەسییە سەربەخۆکان یەك دەستەن(/من، ئێمە،تۆ،ئێوە،ئەو،ئەوان/)
جێناوەلکاوەکانیش دوو دەستەی سەرەکین:

**دەستەی یەکەم:**/م،ین، یت،ن،ێت(Ø)،ن/
ئەم دەستەیە بەردەوام بەکردارەوە لکاون، جێناوی لکاوی ڕێکەوتنی نیشانەنەکراون(ئاساین)[٤١]،کلیتیکەکان لەگەڵ ئاماژەکانیان هەڵگری زانیارین:
**یەکەم:** ئەگەر ئەم کلیتیکانە، هەڵگری زانیاریی زانراو/سەرتۆپن لەسەرەوڕیزبوونی ئاسایی زمانی کوردیدا، ئەگەر بکەرەکە دەربڕابێت ، یان دەرنەبڕابێت :

ا.ئەگەر دەربڕابێت، بەهۆی پرۆسەی هاونیشانەکردنی بکەرەکە لەگەڵ کلیتیکەکە، ڕۆڵی بابەتانەو دۆخی ڕێزمانی پێدەبەخشرێت:

٤٥. $[\text{ئازاد}]_{\text{س}\,i}$ $[\text{ڕۆیشت}\ Ø_i]_{\text{ت}}$

---

[٤١] محەمەد مەحویی(٢٠١١:٢٦).

٤٦.أ. کێ ڕۆیشت؟

ب. [ئازاد]ت [ڕۆیشتØ]س

i i

٤٧. [نەسرین]س [کولێرە دەکات] ت

لە نموونەی (٤٧) دا (نەسرین) سەرتۆپە و (کولێرەدەکات) تیشکۆیە، بەڵام لەناوبەشی تیشکۆدا کلیتیکێك(ات) هەیە، کە ئاماژەیە بۆ بکەرەکە، کە سەرتۆپەکەیە.

ب. ئەگەر بکەرەکە دەرنەبڕابێت، ئەوا کلیتیکی ناو کردارەکە لەجیاتی بکەرەکەیە، واتە کردارەکە ڕۆڵی بابەتانە و دۆخی ڕێزمانی خۆی لەکلیتیکەکەدا خاڵیکردۆتەوە و لە ڕێگەی پرۆسەی (هاونیشانەکردن)ەوە لەگەڵ جێناوی بکەری سفردا (pro) هاونیشانە دەکرێن، بەمەش ڕستەکە دروستەیەکی زانیاریی تەواو و پڕاوپڕی لێ بەرهەم دێت، وەك لە (٤٨.أ.ب )دا خراوەتە ڕوو:

٤٨.أ. نەسرین چی دەکات؟

ب. [(pro)] [کولێرە]ت دەکات]س

i i

لەم نموونەیەدا توخمەکە(pro) و ئاماژەکە لەهەمان بواری زانیاریدان، سەرتۆپن.

دووەم: هەروەها ئەم کلیتیکانە دەبنە ئاماژە بۆ زانیاریی نوێ/تیشکۆ، ئەگەر بکەرەکە تیشکۆ بێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ، کە ئەم کلیتیکانە بەپێی جۆری زانیاریی ئەو توخمەی ئاماژەی بۆ دەکەن جۆری زانیارییەکەیان دەگۆڕێت، بۆ نموونە ڕستەی پرسیاری هۆکاری سەرەکی دەرخستنی زانیاریی نوێیە،زانیاریی سەرتۆپ دەتوانرێت، بەکلیتیك ئاماژەی بۆ بکرێت لەبەر ئەوەی لەئاخاوتنی پێشودا بیرخستنەوەیەکی هەبووە، وەك (٤٨) ، بەڵام زانیاریی نوێ ، پێویستە دەرببڕێت، واتە خورتییە، نەك بەتەنها کلیتیکێك ئاماژەی بۆبکرێت، وەك:

٤٩.أ. ئێوە بەهاران بۆ کوێ دەچن؟

ب.[ (ئێمە) بەهاران بۆ[**لادێ** ] ت دەچین]س

i ⟶ i

٥٠. کێ بەهاران بۆ لادێ دەچێت؟

ب. [**ئێمە**]ت [بەهاران بۆ لادێ دەچین]س.

i ⟶ i

لەهەردوو نموونەکەدا، پێکهاتەکانی (لادێ،ئێمە) بوونێکی خورتیان هەیە، ناتوانرێت بکرێن بە کلیتیك ، چونکە زانیاریی نوێن ( تیشکۆدارن) گونجاون لەگەڵ وەڵام بۆ وشەی پرسەکە، ئەمەش تایبەتییەکی زمانە بکەرخراوەکانە. ئەگەر چی لە ڕستەی (٥٠.ب) دا بەشێوەیەکی سەرپشکییانە دەکرێت (ئێمە) دەرنەبڕدرێت ، چونکە لە ڕێگەی پرۆسەی هاونیشانەکردن لەگەڵ کلیتیکەکەیدا لەناو پێکهاتەی کرداردا هەمان ئەرك و زانیاریی دەبەخشێت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەگەر بکەرەکە دەرنەبڕدرابێت، لەڕوی دروستەی زانیارییەوە نادروست دەبێت، ئەگەر چی لەڕوی دروستەی سینتاکسیشەوە دروستبێت.

٥١.ا. کێ لەگەڵ خۆتان دەبەن؟

ب. [ (pro) $_{i}$ [**دراوسێکان**]$_{\text{ت}}$ دەبە<u>ین</u>$_{i}$]$_{\text{س}}$

پ. # دە[یان] $_{\text{ت}}$ بە[ین]$_{\text{س}}$

ئەم ڕستەیە لەڕووی دروستەی مۆرفۆسینتاکسی زمانی کوردییەوە ڕستەیەکی تەواوەو ڕێگەپێدراوە، بەڵام لە ڕووی دروستەی زانیارییەوە بۆ پرسیارێکی وەك (٥١) ناپەسەندە، چونکە ناکرێت زانیاریی نوێ بەتەنها کلیتیکێك دەرببڕێت، دەتونین ئەمانەی کە باسمانکرد دروستەکەی بەم جۆرە بخەینە ڕوو وەك(٥٢):

یاساکانی(٥٢) لە (١، ٢، ٣، ٤) دا ،دەرخراون:

١. (ا)$_{\text{ت}}$ +(ب)+ (پ) کلیتیکی تیشکۆ

٢. (ا)$_{\text{س}}$ +(ب) +(پ) کلیتیکی سەرتۆپ

٣. (pro)$_{\text{س}}$ +(ب) +(پ)کلیتیکی سەرتۆپ

٤. #(pro)$_{\text{ت}}$+(ب)+(پ)کلیتیکی تیشکۆ

ئەگەر(ا) بکەربێت، (ا)$_{\text{ت}}$ بکەرێکی هەڵگری زانیاریی تیشکۆ بێت ،(ب) بەرکاربێت ،(پ) کرداربێت،(ا)$_{\text{س}}$ بکەری هەڵگری زانیاریی سەرتۆپ بێت، واتایی یاساکان بەم جۆرە لێکدەدرێنەوە:

ئەگەر بکەر(ا) تیشکۆ بێت، کلیتیکێك لەم دەستەیە بەکردارەکەوە بەجێدەهێڵێت، کە هەڵگری هەمان زانیارییە و ئەگەر بکەر(ا) سەرتۆپ بێت، کلیتیکی سەرتۆپ بە کردارەکەوە جێگیردەکات.ئەگەر بکەر دەرنەبڕدرێت پێویستە ئاماژەبێت بۆ زانیاریی زانراو/سەرتۆپ، ئەگەر بکەر زانیاریی تیشکۆ/نوێ بێت، پێویستە دەربڕدرێت ،چونکە ناپەسەند دەبێت لە ڕوانگەی پێچانەوەی زانیارییەکانی ناو دەربڕاو.

**دەستەی دووەم**:/م،مان،ت،تان،ی،یان/

ئەم دەستەیە، لەکرداری ئالۆزدان، لێرەدا بەبەرکارەوە لکاون، ڕێکەوتنی بکەروبەرکارپیشاندەدەن، جێناوی نیشانەکراون(نائاسایین)، ئەم کلیتیکانەش هەڵگری زانیارییەکانی بۆ گەڕاوەکانیانن، وەك:

ا.ئەگەر بکەرەکە سەرتۆپ بوو ئەمیش ئاماژەیە بۆ سەرتۆپەکە، ئەگەر بکەرەکە تیشکۆبوو، ئەمیش ئاماژەدەبێت بۆ زانیاریی نوێ، بۆنموونە:

٥٣. [من ]س [باخەکەم ئاودا]ت .

سەرتۆپ

ئەم نموونەیە، سەرەوڕیزبوونی ئاساییەو سەرتۆپ لەپێشەوەیەو تیشکۆبەشی بەشەکردارە، ئەگەر بکەرەکە دەرنەبڕێت بەهەمان شێوە کلیتیکی(م) هەڵگری زانیاریی سەرتۆپەکەدەبێت، وەك:

٥٤. [(pro)]س [باخەکەم ئاودا]ت .
i i

٥٥.ا. کێ باخەکەی ئاودا؟

ب. [**من**]ت [باخەکەم ئاودا]س .
i i

لەم نموونەیەدا، لەناو چوارچێوەی زانیاریی زانراو/سەرتۆپەکەدا، کلیتیکی هەڵگری زانیاریی تیشکۆ(م)هەیە ، دەگەڕێتەوە بۆ بکەرەکە، دروستەی ئەم دەستەیەش بەم شێوەیەیە، لەیاسای (٥٦) خراونەتە ڕوو ئەمانیش دوو یاسان:

١. (ا)ت + [(ب)کلیتیکی تیشکۆ+ (پ)]سەرتۆپ

٢. (ا)س +[(ب)کلیتیکی سەرتۆپ + (پ)]تیشکۆ

کاتێك (ا) بکەربێت ، (ب) بەرکار ، (پ) کردار،ئەوا ئەم یاسایانە بەم جۆرە لێکدەدرێنەوە:

ئەگەر (ا) تیشکۆ بێت کلیتیکی تیشکۆ بە بەرکارەکەوە جێگیر دەکات، کاتێك بەرکارەکە لەناو بواری سەرتۆپدابێت و ئەگەر [ا]سەرتۆپیش بێت کلیتیکی سەرتۆپ بە بەرکارەکەوە جێگیر دەکات، کاتێك بەرکارەکە لەناو بواری تیشکۆدابێت.

بەلام لە هەریەك لەنموونەكاندا، ئەگەر پرسیارێكی وەك (چی ڕوویداوە؟) بكرێت، وەلامەكان دەبنە هەموو ڕستەكە بەمەش ڕستەكە دەبێتە**تیشكۆی ڕستە**، واتە هەموو كلیتیكەكان، دەبنە ئاماژە بۆ تیشكۆ.

## ٢/٢_٢_٤) بواری تیشكۆ:

بواری سینتاكسی لەناو ڕستەیەكدا كە پێكهاتووی تیشكۆ دەردەبڕێت پێی دەوترێت بواری تیشكۆ، بواری تیشكۆ بوارێكی سینتاكسییە ، كە بە سروشتی هەمیشە فرێزییە، نەك لێكسیكی بێت، ئەمە لەبەر ئەوەی دروستەی زانیاریی ملكەچی وشە و واتاكەی نییە، پەیوەندی نییە لەنێوان واتای وشەكە، فرێز ، یان ڕستەكانیان ، بەڵكو لەگەڵ كۆنترۆڵی پراگماتیكدا پەیوەندی لەنێوان قەوارە و بارودۆخەكەی(حاڵەتەكەی) لەناو شیكردنەوەی ئاخاوتنی زانراودا هەیە ، كە سینتاكسیانە دەربڕاون لەناو كەتیگۆری فرێزدا، نەك لەناو ئایتمی لێكسیكیدا، بواری تیشكۆ بەهۆی نیشانەكردنی فیچەری تیشكۆ بۆ كەتیگۆری فرێزیی و بۆ بەرزترین فرێزی دەسەلاتدار(XP) دەستنیشان كراوە. بواری تیشكۆ ڕستەیەكی تەواوە، یان بەشی كرداری ڕستەیەكە (تیشكۆی فراوان) ، یان فرێزێكی دەرخەریە (تیشكۆی مەودا تەسك) شوێنی فیچەری تیشكۆ سنورێكی بەرزتری لەناو بواری تیشكۆدا هەیە و فیچەری تیشكۆ زاڵە و دەگونجێ لەگەڵ لە فۆنۆلۆجیدا، بەگوێرەی باووڕۆیشتوانەی چۆمسكی–جاكیندۆف فیچەری تیشكۆ، فۆنەتیكیانە لەڕێگەی هێز یان ڕەوتی ئەكسێنتەوە ئاشكراكراوە لەسەر ئایتمی لێكسیكی لەڕستەدا، فیچەری تیشكۆ بەپێی ڕێسا دیاریكراوەكان بۆ پێكهاتویەكە كە زاڵە، ئایتمی لێكسیكی هەڵگریەتی، Von Stechow بەوە پێناسەی تیشكۆ دەكات، كە:(( بریتییە لەپێكهاتویەك لەگەڵ فیچەری تیشكۆ)) بواری تیشكۆش بەوە پێناسەدەكات، كە(( بەرزترین فرێزە كە هەڵگری فیچەری تیشكۆیە))[٤٢]. ئەم تێگەیشتنی دروستەییە كە لەلایەن سینتاكسەوە بەرهەمهاتووە، كە پەیوەست بووە بەژمارەیەك بنچینەی نواندنەوە لەناو ئەم دروستەیەدا جیاوازە تەنها لەوەدا كام پێكهاتوو لەناو بواری تیشكۆدا هەڵگری پرۆژەی فیچەری تیشكۆیە. وەك پێشتر باسكراوە، لە سینتاكسدا نیشانەكردنی تیشكۆ یان فۆنۆلۆژیانەیە یان بەهۆی هێنانە پێشەوەیەتی:

٥٧. من **[تارا]**ت م بینی.

٥٨. **[ تارا]**ت من بینیم.

---

[42] Breul,C.(2004:79).

له(٥٧) دا، تیشکۆ سینتاکسیانه نیشانەکراوە، فۆنۆلۆجیانە ناسراوەتەوە بەهۆی ڕەوتی ئەکسێنتەوە. لە (٥٨) دا، بەهۆی سەرەوڕیزبوونی وشەوە تیشکۆ هێنرراوەتە پێشەوە لەگەڵ بوونی ڕەوتی ئەکسێنتیش لەسەر کەرەستەکە.

تیشکۆی(بچوکترین و ناوەندی و گەورەترین) دەتوانرێت هەموویان دەستنیشانبکرێن بەهۆی دەستنیشانکردنی [+ت] بۆ پێکهاتووە پەیوەندیدارەکان لەناو ڕستەدا، ئەگەر[+ت] تەرخانکرا بۆ(ف.ك ) وەك فرێزێکی زاڵ، ئەوا هەموو پێکهاتووەکان کە (ف.ك) پێکدێنن بەشێکن لەبواری تیشکۆ (وەك ئەدڤێرب...) هەروەها تەنها پێکهاتووی تیشکۆدار دەمێنێتەوە لەناو بواری تیشکۆدا (واتە مەرج نییە هەموو بواری تیشکۆ، تیشکۆدار(جەختلەسەرکراو) بێت ) .بوارەکە بەستراوە بە کردەی گواستنەوە و کردەی گواستنەوەی پەیوەندار(سکرامبلینگ)ە، بواری تیشکۆ وەك پێشتر باسکراوە یان فراوانە(تیشکۆی بەشەکردار و تیشکۆی ڕستە) یان تەسکە(تیشکۆی ئارگومێنت)،بۆنموونە:

٥٩.أ. ماسیەك یان مارماسییەکی گەورەت بینی؟

ب. [ **مارماسیەکی** گەورە]ت م بینی.

٦٠.أ. ماسیەکی گەورە یان مارماسییەکی گەورەت بینی؟

ب. [**مارماسیەکی**]ت گەورەم بینی.

٦١.أ. ماسیەکی گەورە یان مارماسییەکی بچووکت بینی؟

ب. ماسیەکی [**گەورە**]ت م بینی.


لەنموونەکاندا ڕەوتی ئەکسێنت بە تۆختر نیشانە کراوە و تیشکۆکانیش خراونەتە کەوانەی شکاوەوە، لە حاڵەتی تیشکۆی بچوکتریندا ، کە تەنیا توخمی پوختەکراو لەڕێگەی پرسیارەکەوە هەڵگری زانیاری تیشکۆیە، وەك (مێوژ) لەم نموونەیەدا، هەردوو ( بکەروکردار )ەکە وەك هەڵگری زانیاریی زانراو لە پرسیارەکەدا بەجێدەمێنن و شوێنەوارەکەیان نیشانەکراون بۆ[− ت ] ، واتە[+تۆپ] و دەریدەخەن، کە بکەرو کردارەکە بەشێك نین لە بواری تیشکۆ، وەك:

٦٢.أ. چ شەربەتێك دەخۆیتەوە؟

ب. شەربەتی [مێوژ]ت دەخۆمەوە.

ڕێگای بە جفرەکردنی سینتاکسی جۆرەکانی تیشکۆ بەم شێوەیە:

تیشكۆی بەشەكردار و تیشكۆی مەودا تەسك تایبەتمەندكراون بە هۆی بوونی فرێزی تیشكۆوە، ڕستەی تیشكۆی ڕستە، فرێزی تیشكۆی نییە. هێڵكاری ژمارە (٤) لە هێڵكاری ژمارە( ٦) دا دوبارەكراوەتەوە:




هێڵكاری ژمارە ( ٦)

ئاوەڵكردار وەك نموونەی بواری تیشكۆ وەردەگرین وەك پێكهاتەیەكی فرێزی كرداری/سەربەكردار، چونكە لێكدانەوەی ئاوەڵكردار بەزۆری پشت بە جێكەوتەكەی لە ڕستەدا دەبەستێت، ئاوەڵكردارەكان جێگۆڕكێ پێكردنیان ئاسانە، بۆ نموونە دەتوانرێت قورسایی بخرێتە سەر و لەسەرەتای ڕستەدا بێن، لەم نموونانەدا ئاوەڵكردارەكانی (دوێنێ و لەبازاڕ) دەتوانن بەیەكەوە و بەتەنیاش هەر یەكێكیان لە هەموو جێكەوتەكانی ڕستەكە دا بێن، وەك:

٦٣. دوێنێ/لەبازاڕ، ئێمە زانامان بینی.

٦٤. ئێمە دوێنێ/لەبازاڕ زانامان بینی.

٦٥. ئێمە زانامان دوێنێ/ لەبازاڕ بە شپرزەیی بینی.

٦٦. ئێمە زانامان بە شپرزەیی دوێنێ/لەبازاڕ بینی.

ئاوەڵكردار پەیوەست نییە بەدۆخی ڕێزمانییەوە، هەر بۆیە تاڕادەیەكی زۆر ئازادن لە جێگۆڕكێ پێكردنیاندا، ئاوەڵكرداری شوێن لەگەڵ گروپی( بەركاری ناڕاستەوخۆ و فرێزی پێشناویدا)، لەكاتی هێنانە پێشەوەیاندا بۆ دیاریكردنی تیشكۆ یان سەرتۆپ ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرە

ڕێزمانییەکانیانەوە دۆخی ڕێزمانیان پێدەبەخشرێت، بەڵام ئاوەڵکردارەکانی (کات و چەندێتی و چۆنیەتی) کاتێك دەهێنرێنە پێشەوە بۆ دیاریکردنی تیشکۆ یان سەرتۆپ بەهۆی ڕێسای هاونیشانەکردنی لەگەڵ(کلیتیك) یان جێکەوتەی بنەڕەتییاندا هەم ڕۆڵی بابەتانە و هەم دۆخی ڕێزمانیان پێدەبەخشرێت[٤٣]، وەك:

٦٧.ا. ئێوە کەی ماسیتان گرت؟

ب. [ ئێمە[دوێنێ]ت ماسیمان گرت]س

پ.[دوێنی] ھ.ت، [(ئێمە)] [ t ] ماسیمان گرت]]س تیشکۆی ئارگومێنت

i ⟶ i

٦٨.ا. وەرزشەوانەکە چی کرد؟ تیشکۆی بەشەکردار

ب.(pro) [بەشاخەکەدا سەرکەوت ∅ ]ت

i ⟶ i

چی ڕویداوە؟

٦٩.[(**بەنهێنی**) سەربازەکە (**بەنهێنی)**نامەکەی(**بە نهێنی**) گەیاند( **بەنهێنی**)]ت.

لە نموونەی (٦٩) دا ، ئەو پێکهاتوانەی لەناو کەوانەکاندان، بەواتای لە هەریەك لەو جێکەوتانەدا دێن لەناو ڕستەدا و سەرپشکین.

---

[٤٣] بۆزانیاریی لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە:

ا.کاروان عومەر(٢٠٠٨:٨١)

ب.ئازاد ئەحمەد حسێن(٢٠٠١: ٦٧–٦٨)

پ. محەمەد مەحویی(٢٠١١ :٢١٧–٢٢٦)

ت.عبدولجەبار مستەفا(٢٠١٠: ٦٦–٦٧)

ئاوەڵکردارەکان لەبەر ئەوەی لەزۆربەی جێکەوتەکاندا دێن، دەتوانن ببنە سەرتۆپیش، ئەمە بەڕوونی لەنامەکەی (کاروان عومەر)دا دیارە:

[ ئێمە]ت [دوێنێ ماسیمان گرت]س

[دوێنێ]س.ھ ، ([ئێمە]س) [ t ] ماسیمان گرت] ت

ئاوەڵکردارەکان لەسنوری دروستەی زانیاریدا، بەپێی جۆری تیشکۆکە، ڕەفتاردەکەن لە ڕستەی (٦٧ ) تیشکۆی ئارگومێنتدا پرسیار لە کات کراوە، لەبەر ئەوە پێویستە وەڵامەکەی گوێگر ڕاستەوخۆ بدرێتەوە بۆ بەردەوام بوون لە ئاخاوتن، بەمەش جێکەوتەی سەرەتایی دەبێتە تیشکۆ و جێکەوتەی ئاوەڵکردارەکەش، لە تیشکۆی بەشەکرداردا، لە ڕستەی( ٦٨)دا پرسیار لە فرێزی کرداری کراوە، لەبەر ئەوە سەرتۆپەکە نایەتەوە لەبەر خێرایی گەیاندنی زانیارییەکە، ئاوەڵکردارەکەش یان لەپێش کردارەکەوە یان لەپاش کردارەکەوە دێت، لەتیشکۆی ڕستەدا، ئەگەر زانیاریی ناو ئاوەڵکردارەکە گرنگ و مەبەست بوو ئەوا تیشکۆدار دەبێت و لەجێکەوتەی سەرەتای ڕستەشدا دێت ،لەناو بواری تیشکۆی فراوانیشدا، وەك لە ( ٦٩) دا بینراوە، ئەگەر بەلای گوێگرەوە مەبەست نەبێت ئەوا، یان هەرنایەت یان لە جێکەوتەیەکی تر لە ڕستەکەدا دێت لەناو بواری تیشکۆکەدا.

## ٢/٢_٢_٥) دروستەی تیشکۆو مەودای ڕادە:

زۆربەی دیاردە سینتاکسییەکان لە ئاستی فۆرمی لۆژیکی یان لەزاراوەکانی گواستنەوەی شاراوەدا یان دیاریکردنی نواندنی فۆرمی لۆژیکی ئەبستراکت بەیەکدەگەن (بۆنموونە بابەتی مەودای ڕادە و گواستنەوەی–wh ) لەو زمانانەدا کە وشەی پرس بەئاشکرایی لەجێگەی خۆیدا دیارە، بۆنموونە:

١.٧٠. هەموو قوتابیەکان کۆمپیوتەرێکیان کڕی.


ب. (i)هەر قوتابیەك کۆمپیوتەرێکی جیای کڕی (بۆهەرقوتابیەك کۆمپیوتەرێکی جیاهەیە [ ∀x, ∃y (y,x کڕیَ ) کاتێك x = قوتابی ، y = کۆمپیوتەر] )

(ii) هەموو قوتابیەکان یەك کۆمپیوتەریان کڕی (یەك کۆمپیوتەر هەیە بۆ هەموو قوتابیەکان [ ∃y , ∀x (y,x کڕیَ ) کاتێك x = قوتابی ، y = کۆمپیوتەر])

پ. یەك کۆمپیوتەر لەلایەن هەموو قوتابیەکانەوە کڕاوە.

ڕستەی (١.٧٠) تەمومژاوییە، لە(٧٠.ب)دا لەیاساکان و تیۆری پارامێتەردا، وادانراوە کە دوو لێکدانەوە وەردەگرێت لەپەیوەندی سینتاکسی جیاواز لەنێوان دوو ڕادەدا، ڕادەی هەبوونی کە مەودایەکی فراوانتری هەیە وەك لەڕادەی گشتی. ڕستەی (٧٠.پ) هەمان خوێندنەوەی (ii.٧٠) هەیە، خوێندنەوەی(ii.٧٠ ) پەسەندترە وەك لە( ٧٠. i ) لەبەرئەوەی ڕادەی هەبوونی دێت لەسەری درەختەکە وەك لە ڕادەی گشتی. بەپێی تیۆریەکان جێکەوتەی گواستنەوەی شاراوەی ڕادەی

هەبوونی بۆ جێکەوتەی گونجاو لە درەختەکەدا لە فۆرمی لۆژیکی و هەبوونی تەمومژی لەڕستەی (١.٧٠)دا وەك بەڵگە وەرگیراوە، کە دارِشتەی ئەبستراکتی فۆرمی لۆژیکی پێویستیان هەیە[٤٤]. داری زمانی(١) لە داری زمانی(٢) دا  دووبارەکراوەتەوە.




داری زمانی (٢) ڕێکخستنی ڕێزمانی لەڕێسا و تیۆری پارامێتەردا

دروستەی تیشکۆ بەبەهێزی کار لە لێکدانەوەی ڕادە دەکات، ڕێسای کارلێکردنی لێکدانەوەی مەودای ڕادە،  لە (٧١) دا خراوەتە ڕوو:

٧١) ڕادەی سەرتۆپ > ڕادەی تیشکۆ          topical Q>focal Q2

ئەوە دەردەکەوێت ، کە ڕادەی سەرتۆپ مەودایەکی فراوانتر وەردەگرێت وەك لە ڕادەی تیشکۆ، وەك:

١.٧٢. هەموو قوتابییەکان **کۆمپیوتەرێکیان کڕی.** = (٣٠.ب( i))

**ب. هەموو قوتابییەکان** کۆمپیوتەرێکیان کڕی. =  (٣٠.ب(ii))


ئەم ڕێسایە لەوە دەدوێت کە ڕادەی سەرتۆپ مەودایەکی فراوانتری بەسەر مەودای تیشکۆدا هەیە. ئەمە پێشبینی دەکات لەڕستەیەکی وەك (١.٧٢)دا، ئەنجامی لێکدانەوەکە پێویستە بەسترابێت بە دروستەی تیشکۆوە، تیشکۆی بەشەکردارە و هێزخراوەتە سەر بەشی کرداری ڕستەکە. لەبەر ئەوە

[٤٤] لەبارەی  یاساکانی مەودا و فۆرمی لۆژیکی ، بڕوانە :

١.کاروان عومەر قادر(٢٠١٠: ٦٦,٨٨).

ب.(Buring,D.(1997:88.

ڕادەی گشتی سەرتۆپە و ڕادەی هەبوونی تیشكۆیە، لە ( ٧٢.ب)دا تیشكۆی ئارگومێنتە لەم حاڵەتەدا ڕادەی هەبوونی سەرتۆپە و ڕادەی گشتی تیشكۆیە، هەروەها (١.٧٢) مەودایەكی فراوانتری هەیە. ئەم جیاوازیە لەشێوەی (٢) دا خراوەتەڕوو:




داری زمانی (٣) تیشكۆی بەشەكردار و تیشكۆی مەودا تەسك لەلێكدانەوەی ڕادەدا

### ٢/٢_٢_٦)گواستنەوەی– wh:

وشەی پرسیار لە زمانی كوردیدا هیچ جۆرە گواستنەوەیەكی بەسەردانایەت((ڕستەی پرسیاری لەزمانی كوردیدا لە ئاستی دروستەی قوڵدا بەرهەمدێت هیچ گواستنەوەیەكی خورتی تیانییە، بەڵكو سەرجەم ڕستە پرسیارەكانی زمانەكەمان لۆژیكییانە گواستنەوەی سەرپشكین و لەڕێگەی (جەختكردن/تیشكۆوە) خراونەتە ژێر كاریگەری پرۆسەی باسمەندییەوە))[٤٥] بۆ نموونە:

٧٣. [كێ]i ،[ t ]i [ دەرگاكەی داخست]؟          ڕستەی باسمەندی

[٤٥] كاروان عومەرقادر(٢٠١٠: ٦١) .

گواستنەوەی وشەی پرس لەجێکەوتەی بنەڕەتییەوە بۆ جێکەوتەی comp یاسایەکی گواستنەوەی سەربەخۆیە بەتەنها ڕوودەدات لەبارەی هەڵگواستنی ئاستی (د.پ) بۆ (ف.ل)، Rizzi لەشیکردنەوەکەیدا بۆ ڕستەی تەواوکەری،دەڵێت: ((فرێزی- wh لە ڕستەی comp دەگوازرێتەوە، بۆ دیاریکردنی فرێزی تیشکۆ ))[٤٦]لەبەر ئەوەی گواستنەوەی –wh بۆ دیاریکردنی فرێزی تیشکۆیە و فرێزی تیشکۆش ڕێگە بەهەندێك یەکگرتن دەدات وەك لەم نموونەیەدا دیارە:

٧٤. نەسرین بە شیرینی گوتووە، کە ئازاد چی بۆ کێ کڕیوە؟

٧٥. نەسرین بە شیرینی گوتووە، کە[ **چی**]$_i$ [ **بۆکێ**]$_j$ ، ئازاد $t_i$ $t_j$کڕیووە.(پرۆسەی باسمەند ودەرهێنانی لۆژیکی)

٧٦.ا.پارەکەی بەخێرای لەسەر کام مێزە دانا ؟

ب.[ **کام مێزە**]$_i$، [**بەخێرایی**]$_j$ پارەکەی لەسەر $t_i$ دانا $t_j$ ؟ (گواستنەوەی فرێزی–whبۆ دیاریکردنی تیشکۆ)

٧٧.ا.نامەکەی بۆ کام شوێنەگەیاندبەنهێنی؟

ب.کام شوێنە iبوو نامەکەی [بۆ ti]گەیاند بەنهێنی؟(سکرامبلینگی فرێزی پێشناوی)

٧٨. ئەوە کێ$_i$ بوو کە $t_i$ پرسیاریکرد؟ (پرسیارکردنی پرسار بەهۆی ڕستەی شەقبووەیە)

---

[46] K. A. Jayaseelan.(2008:43)

فیچەری هاوبەش لەنێوان سەرتۆپ وتیشکۆدا فیچەری **جیاوازییە**:

## ٣/٢) وەچە چەشنەکانی دروستەی زانیاریی:

**سەرتۆپی جیاوازوتیشکۆی جیاواز**/ Contrastive Tpic and Contrastive Focus :

سەرتۆپ و تیشکۆ و جیاوازی، بیرۆکەی نیمچە سەربەخۆی دروستەی زانیارین کە بە ڕێگای پێڕەوبەندانە لەسینتاکسدا بەیەکدا دەچن[٤٧]. بەواتای زۆربەی پێکهاتەکانی کەهەڵگری فیچەری تیشکۆ یان سەرتۆپن، لەهەلومەرجی سینتاکسی جیاوازدا هەڵگری فیچەری جیاوازیشن.

ڕێکخستنی سینتاکسیی سەرتۆپ و تیشکۆ و جیاوازی :

| | سەرتۆپ | تیشکۆ |
|---|---|---|
| | سەرتۆپی ناجیاواز<br>[سەرتۆپ] | تیشکۆی ناجیاواز<br>[تیشکۆ] |
| جیاوازی | سەرتۆپی جیاواز<br>[جیاوازی] [سەرتۆپ] | تیشکۆی جیاواز<br>[جیاوازی] [تیشکۆ] |

خشتەی ژمارە (٢)

لەم خشتەیەدا لە خانەی یەکەمدا (خوار سەربابەتی سەرتۆپ وتیشکۆ) سەرتۆپی ناجیاوازو تیشکۆی جیاواز کە هەردوکیان (سەرتۆپ وتیشکۆ) دەگرنەوە بەبێ بوونی فیچەری جیاوازی، لەخانەی دووەمدا ،سەرتۆپی جیاواز کە هەردوو فیچەری [سەرتۆپ] و[ جیاوازی] دەگرێتەوە و تیشکۆی جیاوازیش هەردوو فیچەری [ تیشکۆ] و[ جیاوازی] دەگرێتەوە، واتە جیاوازی فیچەری هاوبەشی هەردوو سەرتۆپ و تیشکۆشە. چۆنیەتی هاتنی ئەم فیچەرانە ڕوندەکەینەوە:

---

[٤٧] بۆدۆزینەوەی یاسای یەکگرتووی پەیوەست  بە سەرتۆپ ، یان بە تیشکۆ یان تەنها بە جیاوازی Neeleman ٢٠٠٩، دەڵێت :کە ژاپۆنی و ڕوسی و هۆڵەندی یاسای یەگرتووی جیاکەرەوەیان دەربارەی سەرتۆپ تیشکۆ و جیاوازی هەیە، بڕوانە: Vermeulen, R.(2009:335).

## ٢/٣-١) سەرتۆپی ڕستە:

لێرەدا باس لە سەرتۆپی ڕستە دەکەین نەك سەرتۆپی ئاخاوتن ، **سەرتۆپی ڕستە** ، کەتیگۆرییەکی سینتاکسییە کە ئاماژەیەکی نوێت دەداتێ وەك ئەوەی کە پاشماوەی ڕستەکە دەربارەی چییە. لەکاتێکدا **سەرتۆپی ئاخاوتن** ، ئەوسەرتۆپەیە کە هەموو ئاخاوتنەکە دەربارەی چییە و لەبەرئەوە زۆر ئەبستراکتە (گشتییە)[٤٨].

ئەم دوو جۆرەی سەرتۆپ بە ئاشکراو بەتوندی بەیەکەوە بەستراون **ئاماژە**، بەزۆری بەهۆی سەرتۆپی ڕستەوە ناسێنراوە **ئەرك** ، وەك سەرتۆپی ئاخاوتن، سەرتۆپی ڕستە وەك ئایتمی X ناسێنراوە لەوەلاّمدا بۆ داواکردنی ( پێم بلێ دەربارەی X) بەپێی پرسیارەکە بە تەواوەتی گوێگر بۆ ناساندنی X ئاڕاستە دەکات ، بۆ نموونە :

١.٧٩. ئەی دەربارەی سارا ؟

ب. سارا خوێندکارە لە هەولێر .

لەم نموونەیەدا لەوەلاّمدا سارا سەرتۆپی ڕستەیە، هەروەها سەرتۆپی ڕستە پێویستە لە ئایتمی ئاخاوتنی زانراودا دیار بووبێت کە ئاماژەیەو بۆی دەگەڕێتەوە.

١.٨٠. دوێنێ سارا کێی بینی؟

ب. ئەو دوێنێ ساڤەی بینی.

سارا لە پرسیارەکەدا سەرتۆپی ڕستەیە، هەرچەندە جێناوی (ئەو) لەوەلاّمەکەدا سەرتۆپی ڕستە نییە ، بەڵکو ئایتمی ئاخاوتنی زانراوە، لەبەرئەوەی ئەو ئاماژە ناکات وەك ئەوەی ڕستەکە دەربارەی چییە ، تەنها ئایتمی ئەنافۆری ئاخاوتنە کە بۆگەڕاوەیە بۆ بوونی سەرتۆپی ڕستە (ئاماژەکەی

---

[٤٨] سەرتۆپی ڕستە لەلای نوسەران، زاراوەی جیاوازی بۆ بەکارهاتووە، وەك (زنجیرە سەرەتای ) Givon 1983, بەستنەوە (link) Vallduvi 1992 یان سەرتۆپی دەربارەی Frascarelli & Hinterholzl 2007 ،بڕوانە: (Vermeulen, R.(2009: 337 ، ڕینهارت ١٩٨١دەڵێت کە: سەرتۆپ بەرهەم هێنراوە بەهۆی دەربڕینی (سەبارەت بە...)یان (پێم بلێ دەربارەی...)یان سەرتۆپ پێویستە ئاماژەیی بێت، بڕوانە: (Lopez,L.(2009:26

دەگەڕێتەوە بۆ سەرتۆپی ڕستە) دەربڕاوەکانی وەڵامەکە شیدەکرێتەوە وەك پێکدێت لە سەرتۆپی ئاخاوتن و کۆمێنت/بواری تیشکۆ .

تیشکۆ کە جەختکردنێکە لەسەر پارچەیەکی زانیاریی لەناو ڕستەدا، زانیاریی نوێ پیشاندەدات. بەم شێوەیە وەڵامی پرسیاری وشەی پرس دەتوانێت ئەم ئایتمە دیاری بکات بۆ نموونە (ساڤە) لە (٨٠.ب) تیشکۆیە، پێکهاتوویەکە، کەنیشانەکراوە بە [+ت] لەوانەیە لە جێی خۆی بمێنێتەوە یان هێنانە پێشەوەی پێبکرێت یان جێگۆرکێی چەپی پێبکرێت، بێجگە لە هەردوو فیچەری کارپێکردنی شیکردنەوەی سینتاکسی [+ت] و[+تۆپ] دوو فیچەری تر کە ڕێمان دەدەن بۆ تێگەیشتن لە کاتێکدا پێکهاتوو جێگۆڕکێ دەکات یان دەهێنرێتە پێشەوە یان لە جێی خۆی دەمێنێتەوە، ئەوانیش فیچەری [+ئە] ئەنافۆریك و[+ج]جیاوازین. جێگۆڕکێ ،ئەنافۆریکەو واتای ئەوەیە کە بە خورتی بەستراوە بە پێشوترەوە، **تیشکۆی ئاسایی و تیشکۆی جیاوازیش** ئەنافۆریك نین، واتە بۆ گەڕاوەیان نییە و نوێن بەنیسبەت ئاخاوتنەکەوە[٤٩]. هەردوو فیچەری [+ج] و[+ئە] بەم جۆرە ناسێنراون:

تیشکۆی ئاسایی [ -ئە،-ج] یە، هێنانە پێشەوەی تیشکۆ[ -ئە،+ج] یە، هێنانە پێشەوەی سەرتۆپ وجێگۆڕکێ [+ئە]یە.

## ٢-٣/٢) جیاوازی/contrast/:

بیرۆکەیەکە **هاوبەشە** لەنێوان سەرتۆپ و تیشکۆ، **جیاوازی** پێکهاتوویەك لە ئاخاوتنێکدا جیاوازدەبێت، لەگەڵ بۆگەڕاوەیەك ئەگەر پێکهاتووەکە یەکسان نەبێت بە بۆگەڕاوەکە و بۆگەڕاوەکە دانە بێت لە پێکهاتووەکە، واتە ئەگەر بۆگەڕاوەیەك دانەش بێت لە پێکهاتوویەك وەك پیتزا جۆرێکە لە خواردن ، ئەوا ئەو دووپێکهاتووە یەکسان نابن، بەم جۆرە:

ا ≠ ب ، [ب ] ∋ [ا]

ئەگەر(ا) پێکهاتوویەك بێت، (ب) بۆگەڕاوەیەك/زانیاریەکی زانراو بێت.

بیرۆکەی (**جیاوازی**) زیاتر پشت دەبەستێت بە بیرۆکەی زانیاریی نوێ، چەند لێکدانەوەیەکی جیاواز لەنێوان سەرتۆپی جیاواز و تیشکۆی جیاواز هەیە :

---

49 Lopez,L.(2009:37)

## ٢/٣-٢-١)تیشكۆی جیاواز:

**تیشكۆ** بریتییە لە بیرۆكەی ڕستە ناوەڕۆك، **جیاوازی** بەلایەنی كەمەوە نەرێكردنی یەك گۆڕاو لە كۆمەڵە گۆڕاوە پەیوەندارەكان دەگەیەنێت، كە بەهۆی تیشكۆی جیاواز و سەرتۆپی جیاوازەوە بەرهەمهێنراوە[٥٠].لەبەر ئەوە پێكهاتەی نەكردن دەبێتە هۆی دەرخستنی جیاوازی، بەم شێوەیە **تیشكۆی جیاواز** بەلایەنی كەمەوە نەرێكردنی یەك گۆڕاوی ڕستە ناوەڕۆكە، ئاخاوتنی ئاسایی پێویستی بە تیشكۆی جیاواز هەیە لە حاڵەتەكانی ڕاستكردنەوەدا، وەك لە نموونەی( ٨١):

ا.٨١. دانا هەواڵە وەرزشیەكانی خوێندەوە.

ب. نا، [**هەواڵە ئابورییەكانی**]ت.ج خوێندەوە.

ڕونكردنەوەی (ب) ڕاستە بەهۆی(ا)ەوە لەڕستەی (ب)دا ( هەواڵە ئابورییەكان ) تیشكۆی جیاوازە بەهۆی دەربڕینی ڕستەكەوە و دەیسەلمێنێت كە گۆڕاوی ڕستە ناوەڕۆك ئاشكرا كراوە بەهۆی دەربڕاوی (ا)تیشكۆی جیاواز كە هەڵەیە، دەقێك كە داوای سەرتۆپی جیاواز دەكات ڕونكراوەتەوە بەهۆی توخمەكانییەوە، لەم نموونەیەدا:

ا.٨٢. بۆچی لانە دەگری؟

ب. تەنها [**سارا**]ت.ج ی **هاوڕێی هەڵبژێراوە**.

(سارا) لەگەڵ پرسیاری (بۆچی) چونیەك نییە، زانیاریی نوێ و جیاوازیی دروستكردووە.

## ٢/٣-٢-٢) سەرتۆپی جیاواز:

**سەرتۆپ** بیرۆكەیەكی ئاستی دەربڕاوە، **سەرتۆپی جیاواز** بەلایەنی كەمەوە نەرێكردنی یەك گۆڕاوی دەربڕاوە.

وەك:

ا.٨٣. ئەی دەربارەی دانا. هەواڵی وەرزشی دەخوێنێتەوە ؟

ب. **هیچ** دەربارەی دانا نازانم ، بەڵام [تارا]س.ج **هەواڵی** وەرزشی دەخوێنێتەوە.

---

[٥٠] هەرلەسە ر جیاوازی بڕوانە:
Hinterholzl, R.&Petrova, S.(2009:141-149)

پرسیارەکە دەربارەی (دانا) یە بەڵام وەڵامەکە دەربارەی (تارا)یە، لەبەر ئەوە(تارا) سەرتۆپێکە کە جیاوازانە لێکدراوەتەوە. بەهۆی دەربڕینی ڕستەکەوە، (ب ) وادەگەیەنێت دوپاتکردنەوەی گۆڕاو دەربارەی دانا ناتوانرێت دروست بکرێت، لێرەدا ئەوەی نەفی کراوە دەربڕاوێکەو لەبەر ئەوە هۆکارەکە بۆ ئەم نەفی کردنە پڕاگماتیك بووە. قسەکەر بەهای ڕاستییەکانی ڕستەناوەرۆکی ئاشکرا کراو نازانێت بەهۆی گۆڕاوی دەربڕاوەوەکەوە، وەك بەڕونی پیشاندراوە لە (ب) دا.

## ٤-٣/٢) بەستنەوەی سەرەوڕیزبوون لەنێوان سەرتۆپی جیاواز و تیشکۆی جیاواز:

چەند پێشبینی کردنێك دەربارەی دابەشکردنی سینتاکسی سەرتۆپی جیاواز و تیشکۆی جیاواز سەبارەت بەهەریەکەیان هەیە پێشبینیکردنەکە لە تێکەڵکردنی یاسای پێشنیازکراو بۆ [سەرتۆپ] و [جیاوازی] دادەڕێژێت ، بە تەواوەتی ئەو بیرە دەپارێزێت کە تیشکۆ ڕستە ناوەرۆکی واتادارە، لەکاتێکدا سەرتۆپ بریتییە لە بیرۆکەی ئاستی دەربڕاو، لە ئاستی دروستەی زانیاریدا دەربڕاو دابەش بووە بۆ سەرتۆپ و کۆمێنت و کۆمێنتیش بۆ تیشکۆ و باکگراوند وەك لە ( ٨٤)دا دیارە، کە کۆمێنت ناوەڕۆکی ڕستەی واتادارە کە دراوەتە پاڵ سەرتۆپ بەهۆی کردەی دوپاتکردنەوە بەسەریدا زاڵ دەبێت کە تیشکۆ بیرۆکەیەکی ڕستەناوەرۆکی واتادارە :

٨٤. [ دەربڕاو <u>سەرتۆپ</u> [ کۆمێنت تیشکۆ [ باکگراوند ]]]

ئەگەر تیشکۆ بیرۆکەیەکی ڕستەناوەرۆك بێت ، بواری جیاوازی بۆ تیشکۆی جیاواز ، کە پەیوەندارە بە لێکدانەوەی تیشکۆی جیاواز هەروەها پێویستە تەنها کەرەستەی ڕستە ناوەرۆکی تێدا بێت. زانراوە کە سەرتۆپ بیرۆکەی ئاستی دەربڕاوە، ئەمە ئەوە دەگرێتەوە کە ناتوانێت لەناو ڕستەناوەرۆکی واتاداردا بێت و نەك لەناو (بواری جیاوازی ) بۆ تیشکۆی جیاواز بێت. وەك لە (٨٥.ا و ب )دا :

٨٥.ا. (ت.ج.....س.ج)

ب. (س.ج.......ت.ج)

ئەم دووپێشبینیکردنە ئەوە دەگەیەنێت کە( تیشکۆی جیاواز وسەرتۆپی جیاوان) دەتوانن لە پێش یان لەدوای یەکتر بێن، بەڵام بەگوێرەی ئاخاوتنەکە، وەك:

٨٦.ا. دوێنێ ، سارا لە ئاهەنگەکە چی خوارد؟

ب. **هیچ** دەربارەی سارا نازانم بەڵام...

دانا لە سەعات **هەشتدا** تەنها لەفەیەکی خوارد ( س.ج......ت.ج ).

پرسیار لە(ا) دەربارەی سارایە بەڵام وەڵامەکە لە لە (ب) دا دەربارەی (دانا)یە و سەرتۆپی جیاواز دروست دەکات ، **هە**بوونی (تەنها) و بەرکارەکە (تەنها لەفەیەك) دڵنیادەبین کە تیشکۆیە و جیاوازانە لێکدراوەتەوە، لە (١.٨٦) دا سەرتۆپی جیاوازو تیشکۆی جیاواز لە جێکەوتەی بنچینەیی خۆیان دیاردەبن لە سەرەوڕیزبوونەکەدا. لە (٧٦.ب) دا تیشکۆی جیاواز سکرامبڵکراوە لەناو سەرتۆپی جیاوازدا وەك دەرخراوە گۆڕاوەکان ئەوە پیشاندەدات کە پێشبینی کردنی (٨٥.ب) دروستە :

١.٨٧. کێ کێکی خوارد لە ئاهەنگەکە دوێنێ؟

ب. نازانم بۆ کێك ، بەڵام...

تەنها **سارا** لەفەیەکی لە سەعات ٨ دا خوارد. (ت.ج....س.ج)

پ. #لەفە تەنها **دانا** لە سەعات ٨ دا خواردی.

# بەشی سێیەم

## دروستەی زانیاریی و لێکدانەوەی واتایی

## ٣) دروستەی زانیاریی و لێکدانەوەی واتایی:

بەسەرنجدان لەوەی چۆن جۆرە جیاوازەکانی کۆزانیاریی، بەهۆی دەوروبەرەکانەوە باکگراوند بۆ تێگەیشتن لە دەربڕاوەکان دروستدەکەن، لەمەشەوە قسەکەرەکان بەهۆی دروستە جۆراوجۆرەکانی زانیارییەوە هەڵسەنگاندنێك بۆ کۆزانیاریی گونجاوی گوێگرەکانیان دەکەن، ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە، کە دروستەی زمانەوانی ئەم هەڵسەنگاندنە پەرچدەکاتەوە، یان بە واتایەکی تر ئەم هەڵسەنگاندنانەی کۆزانیاریی لە ڕێگەی ڕێزمانەوە دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین پێچانەوەی زانیاریی و دەربڕینی قسەکەر بۆی و وەرگرتن و هەژمارکردنی ئەم هەڵسەنگاندنی کۆزانیارییە لەلایەن گوێگرەوە بە دروستەی سیمانتیکی ناودەبرێت، چونکە لایەنێکی بنچینەیی لە دروستەی زانیاریدا واتایە ، واتا هۆکارێکی گرنگە لە دامەزراندنی پەیوەندی دەربارەی دەربڕاوەکان و هەر ئەمانیش بناغەی دابەشکردنی ئەو مەبەستانەن، کە دەوروبەرەکان لە پراگماتیکدا دەیبەخشن و دروستیدەکەن ((واتای سێمانتیکی بریتییە لە (واتای فەرهەنگی + کاریگەریی ڕێزمانی) ، بەڵام واتای پراگماتیکی بریتییە لە (واتای سیمانتیکی + واتای دەوروبەر) ، یان پراگماتیك لە واتای ئەو دەربڕاوانە دەکۆڵێتەوە کە لە مەرجی ڕاستەقینەی ڕستەکانەوە بەرهەم نایەن: پراگماتیك = سیمانتیك – مەرجی ڕاستەقینە))[١] بۆ نموونە:

١. وەزارەتی تەندروستی بڕیاریدا خواردنگەکان بەسەر بکاتەوە.

لەم نموونەیەدا، واتای سیمانتیکی ڕستەکە بریتییە لە واتای ئاسایی ڕستەکە (واتای فەرهەنگی وشەکان ) واتای پڕاگماتیکی، ئەمانە دەگەیەنن:

–گریمانەی جۆری هەبوون (وەزارەتی تەندروستی بوونی هەیە، خواردنگەکان بوونیان هەیە).

–بەخشکەیی دەربڕین (گرفت هەیە لەپاکوخاوێنی خواردنگەکاندا).

---

[١] بڕوانە:

أ.هۆگر مەحمود فرج (٢٠٠٠: ٦٠–٦٤) .

ب . بەکر عومەر عەلی (٢٠٠٠: ٨٠–٨٣) .

پ. بێستون حەسەن ئەحمەد(٢٠١١ :٣٠).

بە مەبەستی گونجاندنی جێبەجێکردنە کارەکییەکانی ئەم بەشە، هەوڵدەدرێت بەشەکە لە دوو پاری سەرەکیدا بخرێتە ڕوو:

١.بنەما واتاییەکان و لێکدانەوەی دروستەی زانیاریی .

٢.جێبەجێکردنی لێکدانەوە واتاییەکان لەسەر جۆرەکانی ڕستە.

## ١/٣) بنەما واتاییەکان و لێکدانەوەی دروستەی زانیاریی:

لێکدانەوەی واتایی لەسەر هەردوو ئاستی سیمانتیك و پراگماتیك، پێکهاتەکانی ( سەرتۆپ و تیشکۆ) لەخۆدەگرن، لەم بەشەدا جەختیی تەواومان لەسەر تیشکۆ دەبێت ، ئەمەش بەو واتایە نایەت، کە سەرتۆپ خرابێتە لاوە، بەڵکو لەڕێگەی لێکۆڵینەوەی تیشکۆوە دەچینەوە ناو سەرتۆپ، یاخود بەپێچەوانەوە ئەگەر سەرتۆپ نەبێت گرنگی تیشکۆ دەرناکەوێت، چونکە هەردووکیان تەواوکەر و یەکتربڕی یەکترن، تەنها لەچەند حاڵەتێکی کەمدا نەبێت، کە ڕستەکە تەنها لەتیشکۆ پێکهاتووە و سەرتۆپی تێدانییە ( وەك سەرەتای ئاخاوتنەکان ،یان لەوەڵامی پرسیارێکی وەك، چی ڕوویداوە؟) کە دەتوانین بەم شێوەیە بیانخەینەڕوو:

## <u>یەکەم / سەرتۆپ</u>:

کاتێك باس لە سەرتۆپ دەکەین، سەرتۆپی ڕستە و سەرتۆپی ئاخاوتن و سەرتۆپی جیاوازیش دێنە ناوەوە:

سەرتۆپی ڕستە: سەرتۆپی دەربارەیشی پێدەوترێت، سەرتۆپی ڕستە دەربڕینێکە، کە ئاماژەی ئاخاوتنی دەرکەوتوو نیشانەدەکات، ڕستەی سەرتۆپ لەگەڵ هەندێك فرێزی دیاریکراو لەناو ڕستەیەکدا دەگونجێت و سەرتۆپەکان هەمیشە زانراون.

١.٢. ئەی دەربارەی سەیارەکەت؟

ب. [ سەیارەکەم]س [بە ئازاد فرۆشت]ت.

لەم نموونەیەدا، سەیارەکەم سەرتۆپی ڕستەیە، چونکە ئەو بابەتەیە کە ڕستەکە دەربارەیەتی.

١.٣. چیت بە ئازاد فرۆشت؟

ب. [سەیارەکەم]ت [بە ئازاد فرۆشت]س.

ئەم چەمکی سەرتۆپە بەستراوە بە سەرتۆپی ئاخاوتنەوە، بیرۆکە بنچینەییەکە ئەوەیە ، کە بەگشتی ئاخاوتن بە هۆی پرسیاری زانراوی ئاشکرا یا شاراوە بەرهەمدێت، لەڕستەی (٣) دا بۆ نموونە ڕستەی پرسیارەکە (١.٣) ە، کە دروستەی ئاخاوتنەکە لە دوای یەك هەردوو ڕستەکەیە و پێکدێت لە (١.٣) و(٣.ب). لەم واتایەدا پرسیارەکە لە (١.٣) بریتییە لە سەرتۆپی ئاخاوتن لە (٣) دا، ئەم سەرتۆپی ئاخاوتنە، لە دروستەی تیشکۆی (٣.ب) دا پەرچکراوەتەوە، ئەمە لە لقی ڕستەناوەڕۆکی دروستەیی بۆ تیشکۆ  دا دیارە: پرسیار لە (١.٣) نیشانەی ئەوەیە تایبەتێتی " $\lambda x$ . من x فرۆشت بە ئازاد "، کە چونیەکە لەگەڵ بەشی ناتیشکۆی ڕستەناوەڕۆکی دروستەی < $\lambda x$ . من x فرۆشت بە ئازاد، سەیارەکەم > ئەمە لێکدانەوەی دروستەی تیشکۆیە لە (٣.ب). لەم واتایەدا بەشی ناتیشکۆدار سەرتۆپی دەربڕاوەکە دەنوێنێت، ڕستەیەکی وەك (٤) ئاماژەیە بۆ سەرتۆپی ئاخاوتن. سەرتۆپی ئاخاوتن بەشێکی دەرکەوتووی بنچینەی هاوبەشە:

٤.١.چۆن کێك دروست دەکەیت؟

ب. لە کەرەستە پێویستەکانی، هێلکە، شیر، پیکی پاودەر، ئارد، هێلکەکە جوان بشێوێنە....

لەنموونەی (٤) دا سەرتۆپەکە نەهاتۆتەوە، بەڵکو کلیتیکێك ئاماژەی بۆدەکات، چونکە پێشتر بیرخراوەتەوە.

ڕستەیەك، کە هەموو پێکهاتووی وەڵامەکە لە ڕستەی پرسیارەکەدا ئامادەبن، وەك:

٥.١. کێ شەربەتەکەی ڕشت؟ لاس یان نازێ؟

ب. [**لاس** ]س.ج شەربەتەکەی ڕشت.

لە ڕستەی (٥.ب) پێکهاتووەکان، لە پرسیارەکەوە هەڵهێنجراون و پێکهاتووی (لاس) جیاوازە و ڕەوتی ئەکسێنتی وەرگرتووە.

لە نموونەی(٦) دا، دەڕوانینە خودی پرسیارەکە خۆی، بۆ نموونە:

١.٦. **[تۆ]**ت چیت به ئازاد فرۆشت ؟

ب. [من]س.ج **[سەیارەکەم ]**ت/س.ج به ئازاد فرۆشت.

وەك هەر دەربڕاوێکی تر، پرسیارەکان بەشێکن لە ئاخاوتنی ئالۆز، هەڵگری دروستەی تیشکۆن، لەنموونەی (٥.ب) بەشی ناتیشکۆی وەڵامەکە لەگەڵ سەرتۆپدا گونجاوبوو، لەبەر ئەوە پرسیاری (١.٦) تایبەتێتی مۆدیلی تیشکۆ نیشانە دەکات. دروستەی تیشکۆکە دروستەی پرسیاری < λyλx . y x بە ئازاد فرۆشت ، تۆ> نیشانە دەکات ، بەشی ناتیشکۆی ئەم دروستەی پرسیارە دەگونجێت لە گەڵ لێکدانەوەی ( کێ چی بەلاس فرۆشت؟) سەرتۆپەکە پرسیارێکی زانراوە بەستراوە بە ئاخاوتنەکەوە ، کە پرسیارێکی گشتییە. لێرەدا دروستەی تیشکۆی پرسیارەکە لە(١.٦)دا تەنها سەرتۆپی ئاخاوتن پەرچناکاتەوە، بەڵکو کاریگەری گرنگی لەڕێگەی وەڵامی (٦.ب) بۆ(١.٦)ی پرسیارەکەوە هەیە، کە دەربڕاوە و وەڵامێکی کورتی ویستووە، کە (سەیارەکەم)ە، (١.٦) ڕستەناوەرۆکی دروستەی لە(٧.ب) دا نیشانەدەکات:

١.٧. **[من]**ت [سەیارەکەم]ت/س.ج [بە ئازاد فرۆشت]س.

ب.< λy .<λx .y x بە ئازاد فرۆشت ،من > سەیارەکەم >

**جاکیندۆف**، دەربارەی لێکدانەوەی هەردوو جۆری ئەکسێنتی بەرزو نزم دەڵێت (( ئەکسێنتی بەرز لەسەر گۆڕاوێکە، کە بەهاکەی یەکەم جار هەڵبژێردرابێت، ئەو دانەیەیە کە قسەکەر پرسیاری دەربارەدەکات. ئەکسێنتی نزم لەسەر گۆڕاوێك دێت، کەبەهاکەی دووەم جار هەڵبژێردرابێت، بەگوێرەی دروستکردنی ڕاستی ڕستەکە بۆ بەهای گۆڕاوەکانی تر))[٢]. بەواتایەکی تر ئەکسنتی بەرز هەڵسانێك دەدات بە گروپی پرسیاری جیاوازی فۆرمی ( y چی فرۆشت بە ئازاد؟) y دەرکەوتووە، لەنموونەی (٨)دا هەموو ئەم پرسیارە جیاوازانە دەربارەی هەمان سەرتۆپ لە ئاخاوتندا دەدوێن (کێ ، چی بەئازاد فرۆشت؟)

2. Reich,I.(2010:29).

ا.٨. هێمن چی بەئازاد فرۆشت؟

ب. ئارام چی بە ئازاد فرۆشت؟، ...هتد

## دووهەم / تیشکۆ[٣]:

وەك پێشتر ئاماژەمانپێدا، یەکەکانی دروستەی زانیاریی دابەش دەبن بۆ ( سەرتۆپ و تیشکۆ) و بە دوو شێوە لێیان دەکۆڵرێتەوە، کە بریتین لە (لێکۆڵینەوەی شێوازبەندی و لێکۆڵینەوەی لێکدەرەوەیی)، بەشی شێوازبەندی لە (سینتاکس و کێشناسی) پێکهاتووە، بەشی لێکدەرەوەیی (سیمانتیك و پراگماتیك) دەگرێتەوە، کە سیمانتیك دەربارەی پەیوەندییە ڕاستەوخۆکانی نێوان فۆرم و واتای دروستەکانە لەکاتێکدا پراگماتیك دەربارەی لایەنی ئەرکیی و پەیوەندیکردنی ڕستەیە، هەر لەبەر ئەم حاڵەتەش پێویستە پەیوەندییەکانی دروستەی زانیاریی بە لێکدانەوەی واتاییەوە لە چەند ڕوانگەیەکەوە بخەینەڕوو:

١.کاریگەری سەرەوڕیزبوونی دروستەیی لەسەر لێکدانەوەی واتایی.

٢.کاریگەرییە واتاییەکان لەسەر تیشکۆی سیمانتیکی و پراگماتیکی.

### ٣/_١_١) کاریگەری سەرەوڕیزبوونی دروستەیی لەسەر لێکدانەوەی واتایی:

گەیاندنی واتایی و لێکدانەوەکانی بە شێکی سەرەکییە لە دیاریکردنی دروستەی زانیاریی ڕستەکاندا/گوتەکاندا، ئەم لایەنە واتاییە وەك لێرەدا پێشکەشی دەکەین وابەستەی پێکهاتە و دروستەی ئەو زانیارییە زمانییانەیە، کە قسەکەر ئاڕاستەی گوێگری دەکات، بە ڕووکارێکی تردا دەتوانین بڵێین واتا و لێکدانەوەی واتا لەژێر کاریگەری خستنەپاڵ و ڕیزبەندی دروستەی ڕستە / گوتەکاندایە.
لە ڕاستیدا بۆ ئەوەی لێکدانەوەی سیمانتیکی یەکە زمانییەکان لە ڕاستی و ڕاستەقینەکانی زمان نزیکمان بکاتەوە ، پێویستە لە زنجیرەی شێوازبەندی دروستەکان بکۆڵینەوە و ئێمە لێرەدا لێکدانەوە بۆ دوو چەشنی دروستە دەکەین وەك نموونە بۆ واتا و واتالێکدانەوە :

١.لێکدانەوەی واتایی زانیارییە دەرخراوە ناوییەکان( فرێزی ناوی فراواننەکراو ).
٢.لێکدانەوەی واتایی فرێزی ناوی فراوانکراو.

---

٣ بەگشتی، کۆی گشتی لێکدانەوەی ئەم بەشە، لێکۆڵینەوەیە لەتیشکۆ، بۆیە لێرەدا باسی ناکەین.

### ١/٣_١_١) لێکدانەوەی واتایی زانیارییە دیارخەرییە ناوییەکان :

ڕێگەیەکی بنچینەی بۆ گواستنەوەی بۆ چونەکانی قسەکەر ، کە زانیاریی زانراوبن، بریتییە لەبەکارهێنانی ناوێکی ناسراو[٤]، لە زمانی کوردیشدا ئەم حاڵەتە بەهۆی ئامرازی (_ەکە) ەوە دروستدەبێت ، بۆ نموونە :

٩. أ.من دەچم بۆ ئاهەنگەکە.

ب.من دەچم بۆ ئاهەنگێك.

لە نموونەی (٩.أ ) دا ئامرازی ناسراویەکە، ئەوە نیشاندەکات، کە قسەکەرەکە گریمانەی ئەوەی کردووە، کە گوێگرەکە ئاماژەکە (ئاهەنگەکە) دەناسێتەوە، بەڵام تەرزی گفتوگۆکردنی ئاسایی بۆ ئەو ئایتمانەی، کە بەهۆی ناوی نەناسراوەوە بەرهەمهاتوون، لە(٩.ب)دا دەرکەوتووتر دەبێت بۆ کاتێك لە کاتەکانی ناو ئاخاوتنەکە، بە واتایەکی تر ناوەکە نەناسراو بێت و پێشتر قسەکەر نەتوانێت پێشبینی بکات و وەك ناوێك لەگەڵ نیشانەی نەناسراوی دەربکەوێت ئەوا ئەو واتایەی لێیدەکەوێتەوە، نوێ دەبێت و دەبێتە تیشکۆ[٥]، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە نموونەی (١٠):

---

[٤] بۆتێگەیشتن لە دیارخەرەکان و فرێزی دیارخەریی زمانی کوردی، بڕوانە:

ا ئەبوبەکر عومەر قادر(٢٠٠٣: ٢٩–٣٥).

ب عەبدولجبار مستەفا مەعروف( ٢٠١٠: ١٦–٢٦).

[٥] لەنموونەی (١٠) ی سەرەوەدا، ئەگەر دووبارە ئاهەنگەکە بیرنەخرابۆوە ئەوا، دەرکەوتنەکەی کەمتر دەبێتەوە و ، بۆ ئەمەش پێویستە بەهۆی دروستە جیاوازەکانی وەك( ئەم ئاهەنگە، ئەو ئاهەنگە...هتد ) ئاماژەی بۆ بکەینەوە، لێرەوە وەك هەبوویەك کاتێك پەسەندتر دەبێت، کە بەهۆی جێناوێکەوە ئاماژەی بۆکرابێت، بۆ نموونە:

ا.ئاهەنگەکە سەعات حەوت دەستپێدەکات و (pro) دووسەعاتیش بەردەوام دەبێت.


i i i

لە ڕستەی (ا) دا ،جێناوی لکاوی (ێت) ئاماژەیە بۆ (ئاهەنگەکە) و ، ناتوانین لە ڕستەکەدا جێناوی (ئەو) لە بری ( ئاهەنگەکە) دابنێین، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە جێکەوتەکەی بە(pro) بەستراوەتەوە و بەم پەیوەندییەش کە لە نێوان جێناوەکە و (ئاهەنگەکە)دا هەیە، دەوترێت پەیوەندی ئاماژەیی ناڕاستەوخۆ و (ئەنافۆر)، کە تێیدا ناوەکە ( ئاهەنگەکە) پێی دەگوترێت ( بۆگەڕاوە/وەچە بەستێنەر) و جێناوەکە پێی دەگوترێت جێناوی ئەنافۆریك. تەریبیەك لەنێوان بەکارهێنانی ئەنافۆریکی جێناوەکان، کە وەك ئاماژە لە ئاخاوتندا دەرکەوتووە و بەکارهێنانی جێناوەکان وەك ئامراز(deictic) هەیە، کاتێك ئاماژەکە پەسەندە لەبەرئەوە بەشێوەیەکی فیزیکی ئامادەیە لە

١٠.أ.من سەعات حەوت دەچم بۆ ئاهەنگێك.

ب.ئاهەنگەکە سەعات حەوت دەستپێدەکات.

هەستیاری جۆرەکانی ناو بەرێگای جۆراوجۆر بۆ دروستەی زانیاریی پەسنکراوە و ، لێکدانەوەی ڕێکخستنی هەرەمی ناسراوی identifies بۆ (ناو) جیاوازی دیاریکردنەکان و بە جفرەکردنی جێناوەکان دیاریدەکات وەك بەشێك لە واتای ئاسایی و پیتیی، هەروەها لێکدانەوەی ڕێکخستنی هەرەمی وایدادەنێت، کە زانیاریی لەلایەن قسەکەرەکەوە دەربارەی حاڵەتی (چۆنیەتی) درککردنەکانێتی و ، ئەم درککردنانەی قسەکەریش ئاماژەی مەبەستدار لەمێشکی گوێگردا دروستدەکەن ، هەروەها هەرەمەکە پەیوەندی واتای لە ئەم حاڵەتانەی ناسینەوەدا پێناسەدەکات:




خشتەی –١–

هەرەمی ناسراوی [7]

ئەو فۆرمانەی کە حاڵەتەکان بەجفرەدەکەن لەناو ڕێکخستنی هەرەمەکەدا یارمەتی گوێگر دەدەن، لە دیاریکردنی داڕشتەی مەبەستدار بەهۆی بەخشینی زانیاریی تەواو دەربارەی لە کوێ وچۆن و بەمەش بە داڕشتنی هۆشەکی ئاماژەکە دەگەین. ئەم هەرەمە زۆر حاڵەتی (جیاوازی) زانیاریی ئاماژەیی دیاریدەکات، لەڕاستەوە بۆ چەپ لەزانیاریی زانراوەوە بۆ زانیاریی نوێ، بڕوانە نموونەکانی (١١

---

چوارچێوەی دەربڕاودا.بۆ نموونە، ئەگەر کەسێك پیشانی یەکێك بدەین و بڵێین (ئەوە **ئەوە**)، لەم نموونەیەدا (ئەوە) وەك ئاماژە دەرکەوتووە و ئەنافۆریکە.

[6] هەر یەکێك لەم یەکانەی لێرەدا ناوبراون بەشێکن لە ناسینەوەکانی ڕێکخستنی هەرەمی ناسراوی

[7] ئەم ڕێکخستنی هەرەمە لەلایەن Gundel,Zocharski,Hedberg ١٩٩٣ دانراوە، بڕوانە:
.Saeed, J.(2009:205-208)

و١٢)دەگرێتەوە، کاتێك نموونەی(١١) چوارچێوەیەك دەدات و نموونەی (١٢) بەردەوام بوونێکی گونجاو لە حاڵەتی ( جیاوازی) زانیاریی دەدات، لەگەڵ ناوە پەیوەندارەکان:

١١.شەوی ڕابردوو خەوم لێنەکەوت.

١٢.ا. **منداڵێکی دراوسێمان** خەوی زڕاندم.

ب.**ئەم منداڵەی دراوسێمان** خەوی زڕاندم.

پ.**منداڵەکەی دراوسێمان** خەوی زڕاندم.

ت.**ئەو منداڵەی دراوسێمان** خەوی زڕاندم.

ج.**ئەم منداڵە/ئەو/ئەم** خەوی زڕاندم.

ه.**ئەو** خەوی زڕاندم.

لەڕستەی (١٢.ا) دا ئامرازی نەناسراوی (_ێك) لەگەڵ ناوەکەدا بەکارهاتووە، تەنها بۆ ئەوە بەکارهاتووە، کە گوێگر جۆری شتە ئاماژەبۆکراوەکە بناسێتەوە واتە پەیوەست بوونە بەجۆری داڕشتەکەوە، ئاماژەییانە بەکارهێنانی نەناسراوی (ئەم) لە ڕستەی (ب) دا پەیامی زیاتر نیشانە دەکات، کە قسەکەرەکە دەیەوێت ئاماژە بۆ منداڵێکی تایبەت بکات.ئامرازی ناسراوی (_ەکە) لە ڕستەی (پ) دا ئەو بۆچونە نیشانە دەکات ، کە گوێگرەکە دەتوانێت ئاماژەکە بناسێتەوە. ئامرازی نیشانەی (ئەو) لە (ت) دا ناسراوێتی پێشوو بە ئاماژەکە لە بەشی گوێگردا دادەنێت، ئامرازی نیشانەی (ئەم) و جێناوی( ئەم) و(ئەو) لە (ج)دا ئەوە نیشانەدەکات، کە ئاماژەکە بیرخراوەتەوە یان ((چالاککراوە))لە ئاخاوتنەکەدا، واتە پەیوەست بوونە لە کارکردنی ئاوەزدا. لە کۆتاییدا جێناوی(ئەو) لە ڕستەی (ه) دا پیشانیدەدات، کە ئاماژەکە چالاککراوە و ئێستا لە گفتوگۆکردندایە. لە ڕستەی (١٢) دا ئەوەمان بینی، کە گوێگر دەبێت توانای دروستکردنی ئاماژەی هەبێت لەسەر بنچینەی هەندێك فۆڕمی کورتکراوە وەك جێناوەکان و ، ئامرازەکانی ناساندن دەبنە هۆی دەرخستنی زانیاری زانراو، و ئامرازی نەناسراویش دەبێتە هۆی دەرخستنی زانیاری نوێ.

### ١/٣_١_٢) لێکدانەوەی واتایی فرێزی ناوی فراوانکراو:

لێرەدا ئاوەڵناو وەك دیارخەرێکی فرێزی ناوی باسدەکەین، سیمانتیکیانە ناوی گشتی و ئاوەڵناو تایبەتێتین و، هەمان جۆریان هەیە ، بەتەواوەتی <t،e> ن ، دیارخەری ناوی سەرەیەك α بەهۆی ئاوەڵناوێکەوە β لە سیمانتیکی ئاسایدا لێکدراوەتەوە، وەك یەکتربڕینی بەهای سیمانتیکی ئاسایی (سەرەیەك) α لەگەڵ بەهای سیمانتیکی ئاسایی(ئاوەڵناوێك) β. بەهای گۆڕاوی دیارخەر بریتییە لەو گروپەی کە پێکدێت لە ئەو گروپانەی کە داڕێژراون بەهۆی یەکتربڕینی توخمێکی گروپی گۆڕاوی α لەگەڵ توخمێکی گروپی گۆڕاوی β، کاتێك R توخمی گروپی گۆڕاوی α و Q توخمی گروپی گۆڕاویβبێت[8] وەك:

ا. $[[\beta]]_o \cap [[\alpha\ \beta]]_o = [[\alpha]]_o$

ب. $[[\alpha\ \beta]]_A = \{Q \cap R \mid Q \in [[\alpha]]_A \quad R \in [[\beta]]_A\}$

ئەم پێناسانە ڕێماندەدات بۆ داڕشتنی بەدواداهاتنی تێکەڵکردنی فیچەری تیشکۆ لە پێکهاتنی دیارخەر–سەرەیەك وەك، (پرۆفیسۆری زمانەوانی)، واتە ئەگەر سەرە ، یان دیارخەر تیشکۆداربوو، ئەوا بەهای گۆڕاوەکانیان بریتین لە یەکتربڕینی توخمێکی گروپی گۆڕاوەکانیان لەگەڵ گروپەکەی تردا کە تیشکۆدارنییە ،وەك:

١.١٣ [[ [پرۆفیسۆری ت/ø زمانەوانی ت/ø[ت/ø]]ₒ = پرۆفیسۆر' ∩ زمانەوانی'

ب. [[پرۆفیسۆری زمانەوانی]]A = {پرۆفیسۆر' ∩ زمانەوانی'}

پ.[[پرۆفیسۆری **زمانەوانی** ت ]]A = { R∩Q I R∍ [[ پرۆفیسۆر]]A Q ∍[[**زمانەوانی** ت ]]A }

[8] Schwabe, K. and Winkler, S.(2007:485-488).

= { Q∩R | R∍{پرۆفیسۆر ٛ } Q∍{ زمانەوانی ٛ ، زەوی ناسی ٛ} }

= { پرۆفیسۆر∩ ٛ زمانەوانی ٛ ، پرۆفیسۆر ٛ ∩زەوی ناسی ٛ **}**

ت.[[**پرۆفیسۆری** ت زمانەوانی ]]A = { Q ∩R R | ∍ [[ **پرۆفیسۆر**ت ]]A Q ∍ [[زمانەوانی]]A
}

= { Q ∩R | R∍ { پرۆفیسۆر ٛ ، خوێندکار ٛ} Q ∍ { زمانەوانی ٛ}}

= { پرۆفیسۆر ٛ ∩زمانەوانی ٛ ، خوێندکار∩ ٛ زمانەوانی ٛ }

لە چوارچێوەی (پرۆفیسۆر) گۆڕینی بە گۆڕاوی تری وەك (قوتابیەکان) و ، (زمانەوانی) گۆڕینی بە گۆڕاوی تری وەك (زەوی ناسی)، بەهای سیمانتیکی ئاسایی هەمان شتە بۆ تێکەڵکردنی هەموو فیچەرە جیاوازەکانی تیشکۆ، بەتەواوەتی یەکتربڕینی" گروپی زمانەوانی لەگەڵ گروپی پرۆفیسۆرەکان " وەك(١٣.ا) ،بەهای سیمانتیکی گۆڕاوی تێکەڵکردنی ناتیشکۆدار لە ١٣.ب دا کارتێکە بەهای سیمانتیکی ئاسایی تێدایە. لە (١٣،پ)دا (زمانەوانی) جەختی خراوەتە سەر و ، تیشکۆیە ،لەبەر ئەوە گۆڕاوەکان بەرهەمهێنراون بەهۆی "پرۆفیسۆری **زمانەوزانی** ت " بریتین لە بەیەکداچوونی(یەکتربڕینی) گروپەکان کە بەرهەم هێنراون بەهۆی ئاوەڵناوی "**زمانەوانی** ت " لەگەڵ گروپە کارتەکە کە (گروپی پرۆفیسۆرەکانی ) تێدایە. لە (١٣.ت) دا پێکهاتنی ناوی دیارخەر "**پرۆفیسۆری** ت زمانەوانی" تایبەتێتی تیایە، کە بەهۆی تێکەڵکردنی تایبەتێتی زمانەوانی لەگەڵ تایبەتێتی گۆڕاو بۆ بوون بە پرۆفیسۆر، بەتەواوەتی تایبەتێتیەکە لە بوون بە پرۆفیسۆر یان بە قوتابیی، واتە توخمی تیشکۆدار دەگۆڕێت بۆ گۆڕاوی هەمان جۆر[٩].

ڕستەی سەرجێناوی لەجۆری <t،e> یە، تایبەتێتیەك ئاشکرادەکات ، یان وەك ئاوەڵناوA یان وەك بەشەکردارێك ئارگومێنتێك ون دەکات. جێناوی سەر جێناوی لێکدانەوەی سیمانتیکی وەرناگرێت، تەنها دەریدەخات، کە ئارگومێنتی بەشەکرداری ڕستەی سەرجێناوی بەستراوە بە سەرەی ناوەوە. ئێستا شیکردنەوەی ناوی گشتی ئاڵۆز، وەك (ژنەکە کە **سارا** ت ی بە **هانە** ناساند) دەکەین، سیمانتیکی ئاسایی وگۆڕاوی فرێزی کرداری (**سارا** ت ی بە **هانە** ناساند) باسکراوە وەك لە ١٣.ب

٩ بۆ تێگەیشتن لە گۆڕواوی سیمانتیکی و واتای ئاسایی و واتای تیشکۆ، بڕوانە(٣/١–٢–٢) ی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

و١٣.ت دا. واتای ئاسایی هەموو ناوی گشتیەکە تایبەتێتی بوونی ژنێکە و ناساندنی سارایە بە هانە وەك لە ١٣.ت دا.گۆڕاوەکان بەهۆی هەموو فرێزەکەوە بەرهەم هێنراون، و (تێکەڵکراون) لەواتای ناوی سەرەکە (**ژن**) لەگەڵ گۆڕاوە بەرهەمهێنراوەکان بەهۆی (ف.ك) یەکەوە، "(X)(ه) ناس՝| X ∍ گۆڕاوی (س)" گۆڕاوی واتایی بریتییە لە گروپێکی گروپە تاکەکان، بەو پێیەی کە هەریەك لە گروپەکان (ئەوژنەی کە یەك کەسی تایبەتی بە هانە ناساند) دەگرنەوە، بۆ نموونە: { (س)(ه) ناس՝،(ن)(ه) ناس՝ ، (ب)(ه) ناس՝ ،...} کاتێك (ن) نەرمین بێت و(ب) بەناز بێت، (ز) زریان بێت، بەو جۆرە هەرناوێکی تر بێت... وەك لە ڕستەی (١٤) دا دەرکەوتووە:

ا.١٤ ئەوژنەی کە **سارا**ت ی بە هانە ناساند.

ب.[[ **سارا** ت ی بە هانە ناساند]]o = (س)(ه) ناس՝

ت.[[**سارا**ت ی بەهانە ناساند]]A= {(X)(ه)**ناس՝** | X ∍ گۆڕاوی (س)

بۆ نموونە:**{** (س)(ه) ناس՝، (ن)(ه) ناس՝ ، (ب)(ه) ناس՝ ،**...}**

پ.[[ئەو ژنەی کە**سارا** ت ی بەهانە ناساند]]o= λx [ ژن′ (x) & **(x** ) **(س) (ه) ناس′ ].**

**ه**.[[ ئەو ژنەی کە**سارا** ت ی بەهانە ناساند]] A

= {Q ∩ R | Q ∍ [[ژن]] A   R ∍ [[**سارا** ت بەهانە ناساند]] A }

= {Q ∩ R | Q ∍ {**ژن՝**} R ∍ [[ (ز) (ه) ناس՝| ز ∍ گۆڕاوی (س)}}

= {p|p = λx [ ژن՝ & (x) (ز) (ه)] ز ∍ گۆڕاوی(س)}}

بۆنموونە:{λx [ ژن՝ & (x ) (س)(ه)] ، λx [ ژن՝(x) & (x) (ن) (ه) ناس՝، λx [ ژن՝(x) (ب)(ه)] ،...}

## ٢_١/٣) كاریگەرییە واتاییەکان لەسەر تیشکۆی سیمانتیکی[١٠] و پراگماتیکی:

ئاواز و سەرەوڕێزبوونی وشە و دروستەی سینتاکس، لایەنەکانی تری فۆرمی زمانەوانی بەتوندی بەستراون بەیەکەوە، ئەم لایەنانەی فۆرمی زمانەوانی لەپەیوەندی لەنێوان دەربڕاو و چوارچێوەدا دەشکێنەوە، لەبەر ئەوە ڕێکخستنی زانیاریی تەنها لەگەڵ ئەم ئاستانەدا بەیەکدا ناچێت، بەڵکو ڕۆڵێکی بنچینەیش لە هەندێك لایەنی واتایی زمانەوانیدا دەنوێنێت، سیمانتیکی تیشکۆ ئاماژەیە بۆ زانیاریی نوێی سەلمێنراو یان ئەو بەشەی ڕستەیە کە بریتییە لە وەڵامی پرسیاری – wh ی پەیوەندار، لەچوارچێوەیەکی تایبەت بەو ڕستەیەی تێیدا بەکارهاتووە. سیمانتیکی تیشکۆ چوارچێوەی چالاك و توخمی ئاخاوتنی کۆنیش دەگرێتەوە، وەك:

.١٥[ زانا]س وتی ئەوە[ **ئەو**]ت (= زانا) بووە ، کە تەلەفۆنی کردووە.

لەم نموونەیەدا، کەسی سێیەم بەناوی زاناوە قسەدەکات و دەڵێت (ئەوە ئەو(زانا) بووە کە تەلەفۆنی کردووە)، بەم هۆیەوە سیمانتیکی تیشکۆ هەندێجار دەکەوێتە سەر ئەو توخمەی پێشتر بیرهاتنەوەیەکی هەیە، بەبێ کارکردنە سەر حاڵەتەکەی وەك تیشکۆ، لەبەر ئەوە بەپێی ئەم پێناسەیە پێویست نییە هەموو کەرەستە تیشکۆدارەکان سیمانتیکیانە نوێبن بە نیسبەت ئاخاوتنەکەوە.

خاڵێکی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کەدوورمان دەخاتەوە لەسەرلێشێواندن، ئەویش ئەوەیە، کە هەموو شتێك لەگەڵ دەرکەوتنی ئاوازدا تیشکۆ نییە، ڕەچاوی ڕستەیەك دەکەین، کە هەردوو سەرتۆپی جیاواز و تیشکۆشی تێدایە، بۆنموونە:

١٦.ا. مناڵەکانت لەکوێ دەژین؟

ب. مناڵە [گەورەکەیانم]س.ج لە [هەولێر]ت دەژی و [ناوەنجیکەم]س.ج لە [سلێمانی]ت و [بچوکەکەشیان]س.ج لە [دەرەوەی وڵات]ت .

[١٠] چۆمسکی لە ساڵی١٩٧٢ گفتوگۆی لەسەر دروستەی زانیاریی کردووە لە چوارچێوەی جیاکردنەوەکەی لە نێوان دروستەی قووڵ و دروستەی ڕوکەشدا، دروستەی قووڵ واتای ڕستەکە دیاریدەکات، هەرچەندە ئەو جیاوازیەی ئاواز دروستیدەکات، لە ئاستی ڕوکەشدایە و جیاوازی واتایی پێڕەوبەندانە دەخاتەڕوو. چۆمسکی تیشکۆ و باگراوندی بەو جۆرە جیاکردۆتەوە، بڕوانە:(Barbara H.patee.(2009:3-5

سەرتۆپی وەڵامەکە (مناڵەکانم) ە و، بکەری هەردەستەواژەیەك سەرتۆپی جیاوازە، لەبەر ئەوە پێویستە وەڵامی جیاواز بۆ هەریەك لەمناڵە جیاوازەکان بدرێت، ئەگەر هەموویان لە هەولێر بژیانایە، وەڵامەکە بەم جۆرە دەبوو ( مناڵەکانم لە هەولێردەژین) .

بۆ دیاریکردنی لایەنی واتایی دروستەی زانیاریی و هۆکارەکانی، لەبەشەکانی پێشوتردا باسکراون دەبنە هۆی دیاریکردنی واتاییانەی دروستەی زانیاریی، لێرەدا جەخت دەکەینەوە سەر پارتیکڵی تیشکۆی هەستیار و هەردوو تیۆری "گۆڕاوی سیمانتیکی و واتای دروستەیی"

## ٣/١_٢_١) تیشکۆی هەستیار و لێکدانەوەی واتایی :

لەسنوری لێکدانەوەی واتایی تیشکۆدا، بە پشت بەستن بە پێشبینییەکەی جاکیندۆف[١١]، دوو تیۆری کاریگەری پەیوەست بەتیشکۆوە باسکراون، کە ئەوانیش "أ.گۆڕاوی سیمانتیکی ب. واتای دروستەیی" ن .

---

١١ جاکیندۆف ١٩٧٢ دەڵێت، تیۆری شێوازی سیمانتیکی تیشکۆ پەیوەست دەبێت، بە ڕستەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دروستە سەرەکییەکەی پەرچەدەکاتەوە. ئەم قەوارەیە بەزۆری پێی دەوترێت کاریگەری لێکدانەوەی تیشکۆfocus-induced interpretation. دروستەی ڕووکەش داڕشتەی سینتاکسی وەردەگرێت و داڕشتەی زانیاریی پێکهاتووەکانی ڕستە دابەش دەبن بۆ بەشی تیشکۆ و باکگراوند، بەهای تیشکۆ، وەك نیشانەی ئاسای دەربڕینی تیشکۆدار بریتییە لە بەشێك لە گروپە گۆڕاوەکان، گروپی گریمانەی پێشینە. ئەو بەشەی کە دەمێنێتەوە لە ڕستەکە لەگەڵ دروستەی سیمانتیکیدا دەگونجێت ، کە پێی دەوترێت، دروستەی گریمانەی پێشینە p-skeleton، کە لەڕێگەی گۆڕینی دەربڕینی تیشکۆدار لەگەڵ گۆڕاوە شیاوەکاندا پێکهاتووە، p- skeleton،گروپی گۆڕاوەکان و بەهای تیشکۆ بە ڕێگای جیاواز تێکەڵ دەکرێن بۆ فۆرمی assertion و گریمانەی پێشینەی ڕستەکە.

بۆ نموونە:

ا.لانە [سارا]ت ی بەهانە ناساند. <<دروستەی گریمانەی پێشینە: لانە X بە هانە ناساند.

Rooth ەوە گەشەیکرد بۆ هەژمارکردنی سیمانتیکی و پراگماتیکی (أ. لقی واتای دروستەیی [structured meaning][12] ب. گۆڕاوی سیمانتیکی Alternative semantic[13])

## أ. واتای دروستەیی:

ئەم لقە یەکەم جار لەناو سیمانتیکی بەرهەمهێناندا لەلایەن ( جاکیندۆف) ەوە پێشنیازکراوە، بۆ چونیەکیی ئەو بیرە کۆنەی کە ئاواز ڕستە بۆ بکەری سایکۆلۆژی و بەشەکرداری سایکۆلۆژی یان بۆ باس و خواس دابەشدەکات، لەلقی واتای دروستەییدا ،تیشکۆ کاریگەری دروستەی ڕستەناوەرۆکی هەیە، کە بەهۆی ڕستەوە نیشانەکراوە، بەهای سیمانتیکی کاریگەری تیشکۆی دەستەواژەیەك لەگەڵ تیشکۆیەکی تاکدا پێکدێت لە:

ا. هەبوونی تایبەتێتیەك کە بەهۆی لامدای($\lambda$) ئەبستراکتەوە، لەسەر جێکەوتە تیشکۆدارەکە وە دەستیکەوتووە.

ب.لێکدانەوەی سیمانتیکی فرێزی تیشکۆدار. بۆ نموونە، بەهای سیمانتیکی (١٧.اوب) بریتییە لە(١٨.ا وب):

١٧.ا. لانە [سارا]ت ی بە هانە ناساند.

ب. لانە سارای بە[هانە]ت ناساند.

١٨.ا. <$x\lambda$ [(لانە،x ،هانە)ناساند] ،سارا>.

---

١٢ تیۆری واتای دروستەیی تیشکۆلەلایەن Krifka(1992)و Stechow(1981),Stechow&Cresswell(1983),Jacobs(1983), گەشەیکردووە.

١٣ تیۆری گۆڕاوی سیمانتیکی تیشکۆ لەلایەن Rooth(1985) گەشەیکردووە، لەساڵی (١٩٩٢) تیۆرییەکەی گشتگیرکرد بۆ هەردوو لێکدانەوی سیمانتیکی و پراگماتیکی تیشکۆ.

ب. <yλ [(لانه،سارا،y)ناساند]،هانه>.

یاخود، دەتوانین هەموو ناوەكان بكەین بە هێما وەك :

۱.۱۹. <λx [(ل، x، هـ) ناساند]، س <

ب. <λy[(ل،س،y) ناساند] ، هـ <

## ب. گۆڕاوی سیمانتیكی Alternative semantics:

هەر ڕستەیەك (دەربڕینێك) دوو لێكدانەوەی مۆدوڵی ئاشكرای تیۆری وەردەگرێت، یان بەواتایەكی تر گۆڕاوی واتایی لەنێوان دوو پێوانەی واتایی دەناسرێتەوە، بەهای سیمانتیكی ئاسایی( بەم شێوەیە دەنوسرێت°[[ ]] ) هەروەها گۆڕاوی واتای (بەم شێوەیە دەنوسرێت A[[ ]] ) گۆڕاوەكان بەهۆی ئەركی گۆڕاوەوە پێكهاتوون و بەسەر واتایی ئاسایی دەربڕینی تیشكۆداردا جێبەجێكراون، بەهای گۆڕاوی دەربڕینێك بریتییە لە گروپێك كە توخمەكانی هەمان جۆری وەك واتا ئاساییەكەی تێدایە. گۆڕاوەكان بەرانبەر بە پێكهاتنی واتای ئاسایی بەپرۆسەكراون هەتا دەگاتە كردەی تیشكۆی هەستیار، كە گروپێكە لە هەموو ڕستە ناوەرۆكەكان دەتوانرێت بە هۆی گۆڕینی هەر تیشكۆیەك بە گۆڕاوێك لە هەمان جۆر دەست بكەوێت.

بەهای سیمانتیكی تیشكۆی ۱۸. ۱ وەك [[لانە **[سارا]** ت ی بە هانە ناساند]]ت. لە ۲۰. ۱دا پیشاندراوە. لە ۲۰.ب دا ڕونكراوەتەوە لە ژێر بۆچوونی كە تەنها تاكەكان لە Dدا بریتین لە (لانە، سارا ، نازدار، دارا)[14]

۱.۲۰ {ڕستە ناوەرۆكی كە لانە d بە هانە ناساند: D ∍d }

ب. [[لانە لانەی بەهانە ناساند]]°،[[لانە سارا ی بە هانە ناساند]]°،
[[لانە نازدار بە هانە ناساند]]°،[[ لانە دارای بە هانە ناساند]]°

بۆڕونكردنەوەی ئەم تیۆریە، نموونە وەردەگرین و شیدەكەینەوە لە ۱.۲۱. لە ۲۱.ب دا دەربڕینی تیشكۆداری ( **سارا** )ت گروپی گۆڕاوەكان بەرهەمدەهێنێت، لەكاتێكدا لێكدانەوەی گۆڕاوەكانی

14 De Kuthy,K.(2009:22).

(لانە،هانە،ناسان) کارتێکن singleton کە واتای ئاساییان تێدایە، سیمانتیکی ئاساییە داواکردنی بەشەکرداری (ناساند) بۆ ئارگومێنتەکانی (سارا و هانە) تایبەتێتی" (س) (ن) ناس′ " بەرهەمدەهێنێت، وەك ٢١.پ. بەهای گۆڕاوی ئەم داواکردنە بریتییە لە گروپێك تایبەتێتی لە ناساندنی کەسێك بە هانە پێکدێت (کە بەهای گۆڕاوە بۆ سارا)، سیمانتیکی (تەنها) دەسەلمێت لە ٢١.خ دا، کە تەنها یەك تایبەتێتییە، پێکدێت لە ناساندنی سارا بە هانە (هیچ تایبەتێتییەکی تر نییە لەناساندنی کەسی تر بە هانە)، ئەمە کۆکراوەتەوە لە ٢١.ج دا لە گەڵ بەرهەمهێنانی بکەری نواندنی سیمانتیکی دروست بۆ ڕستەکە ، بەتەواوەتی کە لانە سارای بە هانە ناساند و بۆ هەموو بەشەکردارەکە، کە بەهۆی پەسنکردنی (ناساندنی کەسێك بە هانە (ئەگەر لانە هەبێت) ئەوا چونیەکە لەگەڵ تایبەتێتی ناساندنی سارا بە هانە.

٢١.ا. لانە ف.ك[ تەنها [سارا ت ی بە هانە ناساند]].

ب.[[سارا ت]] o= س                [[سارا ت]]A = گۆڕاوی(س) = De

پ.[[لانە]]o = ل                [[لانە]]A= {ل}

[[هانە]] o = هـ                [[هانە]]A= {هـ}

[[ناساند]]o = ناس'                [[ناساند]]A = { ناس' }

ت.[[سارات ی بەهانە ناساند]]o = (س)(هـ) ناس'

[[ سارات ی بە هانە ناساند]]A = {(X) (هـ) ناس'I ∍x گۆڕاوی (س) }

بۆ نموونە: {(س)(هـ) ناس' ، (ب)(هـ) ناس'، (ش)(هـ) ناس' ،...} کاتێك (ب) بەنازبێت و(ش) شیرین بێت.

خ. [[ تەنها سارات ی بەهانە ناساند]]o = λX [ (س)(هـ)(X) ناس' &

p∀∍{ناس (y)(هـ)| y∍ گۆڕاوی (س)} P(X) ← P = (س)(هـ) ناس'

ج. [[ لانە تەنها سارات ی بە هانە ناساند]]o=(س)(هـ)(ل) ناس'

& P ∀ ∍{ ناس'(y)(هـ)| y ∍ گۆڕاوی(س)} P(ل) ← P = (س)(هـ) ناس'

## ٣-١/٣) هەژمارکردنی سەرتۆپ لەناو گۆڕاوی سیمانتیکیدا:

پێکهاتوویەك لە دەقێکدا زانیاریی سەرتۆپ/زانراو دەبێت، ئەگەر ئەو پێکهاتووە بۆگەڕاوەیەکی لە ئاخاوتنی پێشودا هەبێت، ئەمەش دوو نیمچە حاڵەتی لێدەکەوێتەوە(هاوتایی وناهاوتایی)[١٥]:

هاوتایە: ئەگەر پێکهاتوویەك (ا) زانراوبێت بەهۆی بوونی بۆ گەڕاوەیەك (ب)، پاشان پێکهاتووەکە هاوتای بۆگەڕاوەکەیە نەك تەنها پێکهاتووەکە دەگەڕێتەوە بۆ بۆگەڕاوەکە ، بەڵکو بۆگەڕاوەکەش دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتووەکە، بەم جۆرە:

[[ ا]] ⇐ [[ ب]]

[[ب]] ⇐ [[ا ]]

[[ا]] ⇔ [[ب]]

بۆ نموونە:

لانە، زانراوێکی هاوتایە بەهۆی بۆگەڕاوەکەیەوەکە لانەیە.

ناهاوتا: ئەگەر دەربڕاوێك زانراوبێت، بەهۆی بوونی بۆگەڕاوەیەکەوە بۆی، پاشان پێکهاتووەکە ناهاوتایە بۆ بۆگەڕاوەکە ئەگەر تەنها ئەوە ڕاست بێت ، کە پێکهاتووەکە بگەڕێتەوە بۆ بۆگەڕاوەکە، وەك:

[[ب]] ⇐ [[ا ]]

[[ا]]/⇐ [[ب]]

[[ا]] ⇔/ [[ب]]

---

15 Simik,R.(2012:25).

بۆنموونە: (جوڵە)، زانراوێکی ناهاوتایە بەهۆی بوونی بۆگەڕاوەی (پیاسە، ڕاکردن، مەلەکردن...) هەروەها (باڵندە) هاوتانییە بەهۆی بوونی بۆگەڕاوەی (هەڵۆ، کۆتر...).

## ١/٣-٣-١) وەڵامی کورت و کرتاندن-فۆرمی فۆنۆلۆژی[١٦]:

لەپرسیار و وەڵامدا، پەیوەندییەکی پێڕەوبەندانە لەنێوان پرسیاری_wh و دروستەی تیشکۆ و باکگراوندی وەڵامی ڕستەدا هەیە. وەڵامێك دەبێتە وەڵامێکی گونجاو بۆ پرسیارێك، ئەگەر پێکهاتووەکانی ناو وەڵامەکە لەگەڵ فرێزی _wh ی پرسیارەکە بگونجێن، ئەم پرسیار و وەڵامانە لەخوارەوە ڕەچاودەکەین:

٢٢.ا. گەردە کێی خەواند؟

ب. گەردە [ **لاس**]ت ی خەواند،...

٢٣.ا. کێ کێی خەواند؟

ب. [گەردە]ت[ **لاس**]ت ی خەواند،...

٢٤.ا. ترێ وتی چی؟

ب. ترێ وتی[ کە گەردە[**لاس**] ت ی خەواند]ت،...

لەڕستەی (٢٢)دا، پێکهاتووی (لاس) دەگونجێت لەگەڵ پرسیاری_wh ی (کێ)، لە (٢٣و٢٤) ئەوپێکهاتووانەی وەڵامن بۆ وشەی پرسەکە کراونەتە کەوانەی شکاوەوە و تیشکۆدارن. لەپرسیارو وەڵامی کورتدا دەتوانرێت تەنها پێکهاتووی داواکراوبە وشەی پرس وەڵام بدرێتەوە، بەشەکانی تر کە لەپرسیارەکەدا هەن دووبارە نەدرکێنرێنەوە، وەك:

---

[16] A Schwabe, K. and Winkler, S.(2007:73-475).

ب.بەکر عومەر عەلی(١٩٩٢: ٥٢-٥٥) .

٢٥.أ.ئازاد وەستای چی دەویست؟

ب. وەستای[ دیوار]ت ی دەویست.

پ. [دیوار]ت

پێکهاتووی تیشکۆدار لەسەر و سنوری(کرتاندن)ەوەیە، واتە ناکرتێنرێت، لە وەلاّمی کورتدا کەلێن مەوداکەی فراوان دەبێت، ئەمەش پشت دەبەستێت بە پێکهاتووی تیشکۆدار و شوێنی ئەکسێنت، کە دروستەی باگراوند تیشکۆ ڕوندەکاتەوە، مەرجی بوونی فۆرمی دروست ، کە ڕێگە بەنەدرکاندن لە وەلاّمی ڕستە دا دەدات و دەرکەوتنی پرۆسەی کرتاندن لەئاستی فۆرمی فۆنۆلۆژیدا، وەك:

٢٦. **سارا لانەی** خۆشدەوێت و[[لانە]ت ش [سارا]ت ی ~~خۆشدەوێت~~]

لەنموونەی(٢٦) دا لەبەرئەوەی پێکهاتووی بەشەکردارەکە بە دەربڕاوێکی زانراو دانراوە، دەتوانرێت لە دووەم پەیوەندیدا نەدرکێنرێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە نەدرکاندن بەستراوە بەداخەری تیشکۆوە، وەك:

٢٧.[[**سارا**]ت [ **لانە**]ت ی خۆشدەوێت و[ **شنە**]ت ش [**تارا**]ت ]

لە نموونەی (٢٧) دا، فرێزەکرداریەکە لەیەکەم پەیوەندیدا دەرکەوتنی هەیە و لە دووەم پەیوەندیدا نەدرکاوە، لەهەردوو نموونەکەشدا پارتیکلّی(–ش) ڕۆلّی پارتیکلّی(هەروەها) دەبینین ، کە پرۆسەی کرتاندنەکەی ئاسانکردووە و بەلّکو پەیوەندی دووەم نادروست دەردەچوو ئەگەر وانەبوایە.لە حالّەتی پرسیار و وەلاّمدا، نەدرکاندن پشت بە پرسیارەکە دەبەستێت، وەك:

٢٨.أ. کێ چی خوارد؟

ب.[**ئازاد**]ت [**ماست**]ت ی خوارد [[**لانە**]ت [**هێلکە**]ت ی ~~خوارد~~]

٢٩.أ. کێ چی دا بەکێ؟

ب.[ئازاد کتێبێکی دا بە**سارا**]ت و ~~ئازاد~~ تۆپێکی ~~دا~~ [بە **زانا**]ت

پ.[ئازاد کتێبێکی دا بە**سارا**]ت و [**توانا**]ت ~~کتێبێکی دا~~ [بە **هانە**]ت

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی لایەن و بوارەکانی تیشکۆی هەستیار پێویستە لە دوو ڕەهەند بدوێین :

١. جۆرەکانی پارتیکڵی تیشکۆ ٢. مەودای ڕادەکانی تیشکۆ

## ٤-١/٣) جۆرەکانی پارتیکڵی تیشکۆ[١٧]

پارتیکڵی پەیوەست بەتیشکۆوە، یەك یان زیاتر لە توخمێکی تیشکۆدارە، کە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە لێکدانەوەی ئەوەی ،کە چ پارتیکڵێك هاوبەشە لەگەڵ واتای ڕستەکە دا، واتای پارتیکڵ پێویستە بە ڕێگەیەك ئاماژە بۆ واتای تیشکۆکە بکات، لەبەرئەوەی ئەگەر واتای ڕستەیەك بەبێ ئاماژە بۆ واتای تیشکۆ داڕێژرابوو ئەوا جیاوازی لەنێوان ڕستەکانی (١.٣٠،ب،پ،ت) لەخوارەوەدا ، نەدەتوانرا ڕونبکرێتەوە، لەمەشەوە دروستەی زانیاریی پێویستە بۆ لێکدانەوەی ڕستە لەگەڵ پارتیکڵی تیشکۆی هەستیار، وەك (تەنها، هەروەها...) یان ئەدڤێربەکانی ڕادە وەك (هەندێك، هەموو ...هتد ) وەك:

٣٠.ا. لانە تەنها [**سارا**]ت ی بە هانە ناساند.

ب. لانە تەنها سارای بە [**هانە**]ت ناساند.

پ. لانە تەنها[سارا]ت ی بە [**هانە**]ت ناساند.

ت. لانە تەنها سارای بە هانە [**ناساند**]ت.

ڕستەیەکی وەك (٣٠.ا) لانە تەنها سارای بە هانە ناساند، گریمانەی پێشینەی ئەوەی هەیە کە (لانە سارای بەهانە ناساند) بە بەراورد بە نەفیەکەی (لانە سارای بە هانە نەناساند) ئەوە دەسەلمێنێ، کە لانە هیچ کەسێکی بێجگە لە سارا و هانا بەیەك نەناساندووە.

---

[١٧] د.محەمەد مەحویی، ئەم پارتیکڵانەی بە پارتیکڵی باسمەندکار ناوبردون و دەڵێت: ئەم پارتیکڵانە، کە بەسینتاکسی و سیمانتیکی دیاریی و پێناسەکراون، وەك/ تەنها،-یش،تەنانەت، تەواو.../ئەمانە تەنها لە جێکەوتانە دا دێن ، کە قورساییان لەسەر نییە، پارتیکڵەکانی چۆنییەتی دەتوانن لە گۆکردنی سینتاکسی تریشدا ڕوبدەن، /تەنها/ وەك پارتیکڵی باسمەندکار، وەك ڕستە ئاوەڵکرداریش ڕوودەدات. بڕوانە: محەمەد مەحویی(٢٠١١: ٢٤٤).

لەڕستەی (٣٠.پ) دا (تەنها) لە تەنیشت سارا وە یە، ئەمەش ئەو(شەرعیەت پێدانە) سەلماندنە دەردەخات، کە (بێجگە لە سارا هیچ کەسی تر نا)، ڕستەکانی (٣٠) لەسەرەوە مەرجی ڕاستی جیاوازیان هەیە، ئەمە ئاسانە بۆ دروستکردنی سیناریۆیەك بۆ ئەوەی یەکێکیان ڕاستەو ئەوی تریان هەڵەیە. کاتێك ئەدڤێربەکە (تەنانەت یان هەروەها) بێت، گریمانەی پێشینە کەی جیاواز دەبێت بە پشتبەستێت بەوەی چی تیشکۆدارە لە(١.٣١) دا گریمانەی پێشینەی ئەوەی هەیە کە ( لانە کەسی تری بێجگە لە سارا بەهانە ناساندووە) و لە (٣١.ب) گریمانەی ئەوەی تێدایە کە (لانە سارای بێجگە لە هانە بە کەسی تریش ناساندووە).

١.٣١. لانە هەروەها [سارا ]ت ی بە هانە ناساند.

ب. لانە هەروەها سارای بە[هانە]ت ناساند.

لەم نموونانەدا تیشکۆ ڕۆڵێکی بنچینەیی دەنوێنێت لە دیاریکردنی مەرجی ڕاستی و گریمانەی پێشینەدا، لەبەرئەوە بۆ تەواوکردنی ستراتیجی نیشانەکرنی تیشکۆ، پێویستە باس لە پارتیکڵەکانی تیشکۆی هەستیار بکەین، وەك(تەنها، هەروەها، تەنانەت)، کۆمەڵێك ئەدڤێربن کەلەسەر بنچینەی سیمانتیکی و تایبەتێتییە سینتاکسییەکەیان جیاکراونەتەوە، پارتیکڵەکانی تیشکۆ دابەش دەبن بەسەر دوو پۆلی سەرەکی لە ناو بنچینەی سیمانتیکیدا ئەم پارتیکلانە پەیوەستن بە تیشکۆ و سەرتۆپی(یان تیشکۆ)ی جیاوازەوە[١٨]:

لەڕووی سیمانتیکەوە دوو لێکدانەویان بۆدەکرێت[١٩]:

١/ لەلێکدانەوەیەکی چەندێتییانەدا، زیادکردن دەگەیەنن، لە ڕووی چۆنیەتیی وچۆنایەتییەوە، بۆ نموونە پارتیکڵی(–یش) کە هاوواتای (هەروەها و لەگەڵ)ە.

٣٢.ڤینە مۆسیقاش دەژەنێت.

ب/ لێکدانەوەی پلەییانە وەك (تەنانەت) وەچە پێکهاتەیەك لە ڕکێف و مەودای پارتیکڵە باسمەندییەکەدایە، کە جێکەوتەیەکی نرخ و نرخاندنی لەسەر پلە پێوەرێك پێدەدرێت.

---

18A Buring,D.(1997:28,38).
B Callies, M.(2009).

١٩ محەمەد مەحویی(٢٠١١: ٢٤٥) .

٣٣.شوانە تەنانەت سیاسەتیش دەزانێت.

١) **تیشکۆی تایبەت Exclusive**: ئەم تیشکۆیە واتای تایبەت دەگەیەنێت و بەهۆی پارتیکڵی تیشکۆی (تەنها) وە دەربڕاوە و پێکهاتووی تیشکۆداری بە دوادا دێت، لەگەڵ ئەوەشدا تیشکۆی جیاوازیش لەخۆدەگرێت، لەبەر ئەوەی یەك ئاماژەی گونجاو بۆ دورخستنەوە لە گۆڕاوەکان دیاریدەکات:

٣٤. أ.ئایا لاس دوێنێ تۆپ و سەیارەی کڕی لە بازاڕ؟

ب.نا دوێنێ لاس تەنها [تۆپ] ت/ت.ج ی کڕی لەبازاڕ.

لە نموونەکانی ( ٣٤.أ،ب)دا یەکتربڕین لە نێوان بەکارهێنانی پارتیکڵ و سیستەمی نیشانەکردنی دروستەی زانیاریی پیشاندەدات، بەکارهێنانی پارتیکڵی (تەنها) دەگۆڕێت، لەسەر هەر پێکهاتوویەك بێت بە پێی جۆری تیشکۆکە.

٢)**تیشکۆی تێهەڵکێشراوAdditive**: دووەم پارتیکڵی تیشکۆی هەستیار (هەروەها)یە و واتای تێهەڵکێشراوی هەیە، ئەم پارتیکڵە پەیوەستە بە تیشکۆی تێهەڵکێشراوەوە، وەك:

٣٥.أ. ئایا لاس دوێنێ تۆپی کڕی لە بازاڕ؟

ب. بەڵێ، هەروەها [سەیارەیەکیش ]ت ی کڕی .

هەردوو پارتیکڵەکە نیشانەکردنی مۆرفۆلۆژی دروستدەکەن، بەپێی جۆری تیشکۆکە (مەودا فراوان بێت یان تەسك) بۆنموونە(٣٦.پ) تیشکۆی مەودا فراوانە و تیشکۆی جیاوازیشە.

٣٦. أ. ئایا نارێ ولاس تۆپیان کڕی لە بازاڕ؟

ب. نا تەنها **لاس** تۆپی کڕی لە بازاڕ.

پ. بەڵێ ، هەروەها ساڤەش بوکێکی کڕی.

ئەگەر پارتیکڵی تیشکۆی (تەنها) بە ئەدڤێربی ڕادەی (هەمیشە) بەراورد بکەین، لە نموونەی ( ٣٧و٣٨ ) پیشاندراوە، کە دوو دەربڕینەکە هەمان واتایان هەیە لە ڕوانگەی زانیارییەوە[٢٠]:

٣٧.ا. سارا هەمیشە نان بە [هێشوو]ت دەدات.

ب. سارا تەنها نان بە[هێشوو]ت دەدات.

پ. ∀x [ سارا،نان، x) دەیداتێ ← x = هێشوو] .

ئەو کەسەی هەمیشە سارا نانی دەداتێ هێشووە.

٣٨.ا. سارا هەمیشە [نان] ت بە هێشوو دەدات.

ب. سارا تەنها [نان ]ت بە هێشوو دەدات.

پ. ∀x [ (سارا،X،هێشوو) دەدات ← X = نان].

ت. هەرشتێك سارا دەیدات بەهێشوو نانە.

هەندێك لە زمانەوانەکان پەیوەست بوون بە تیشکۆ خورتییە بۆ (تەنها) پێویستە بنچینە بووبێت لەواتای لێکسیکی پارتیکڵەکە: Beaver و هاوڕێکانی پیشانیدەدەن، کە دەربڕینی تیشکۆی هەستیار پێویستە دوولەت بێت بۆ دووبەشەکردارەکانی، یەکێك لەنیمچەگروپەکانی (تەنها) دەگرێتەوە، تیشکۆی هەستیار پشتبەستن بە میکانیزمی گراماتیکی، ئەم دەربڕینەکردەی ئەرکی تیشکۆیە. لەنیمچە گروپەکانی تر(هەمیشە)دەگرێتەوە، کاریگەری تیشکۆی هەستیار پشت دەبەستێت بە پراگماتیك، ئەم دەربڕینە تیشکۆی ئەرکی نییە(ئەرکی تیشکۆ).

هەروەها دەربارەی کردەی (نەکردن) کە پەیوەستە بە تیشکۆوە وەك پارتیکڵی تیشکۆ،بۆ نموونە لەچوارچێوەی ڕستەیەکدا، ئەگەر تۆو دوو هاوڕێت، ا و ب ، ئەنجامی تاقیکردنەوەیەك وەربگرن، هاوڕێی سێهەم پرسیاربکات ئەنجامەکە چۆن بوو:

---

[٢٠] سەرچاوەی پێشوو، ل (٣٩) دروستەی زانیاریی بنچینەیە بۆ پێکهاتن و یەکگرتنی ئاخاوتن، هەڵبژاردنی توخمی ئەنافۆریك و دیاریکردنی کردە قسەییەکان.

٣٩. ئەنجامی تاقیکردنەوەکە چۆن بوو؟

٤٠. ا.باش بوو، من [سەرکەوتم ]ت

ب. باش بوو، [من]ت سەرکەوتم.

وەڵامی یەکەم هەڵگری بەخشکەیی دەربڕینی "من دەرچووم"ە، دووەم وەڵام هەڵگری بەخشکەی دەربڕینی " هەردوو هاوڕێکەت ا وب سەرنەکەوتوون "(ئەوە دەگەیەنێت، کە تۆ ئاگاداری ئەنجامەکانی تریت).هەروەها دەربارەی (نەفیکردن) جاکیندۆف، وەك کردەی تیشکۆی هەستیار مامەڵەی لەگەڵ دەکات و لە ڕوانگەی واتاییەوە پەیوەستی دەکات بە سیمانتیك و پراگماتیکەوە :

٤١. من [سەیارەکە]ت ت وەرناگرم.

ستاندەری سیمانتیکی بۆ نەفیکردن ئەو واتایە دروست ناکات، کە تەنها ناوەکە نەفیکراوە، بەڵکو پێویستە ڕستەناوەرۆکەکە نەفی وەرگرتبێت. کاتێك لەگەڵ دەستەواژەیەکی وەك (من [سەیارەکە]ت ت وەردەگرم) (**نا** )ی نەفیکردن، شەرعیەت پێدان بەرهەمدەهێنێت، کە ڕستە ناوەرۆکەکە دەربڕاوە بەهۆی (سەیارەکەت وەردەگرم) هەڵەیە، و شەرعیەتپێدان و گریمانەی پێشینەی هەندێك شتی فۆرمەکە (X ەکەت وەردەگرم) ڕاستە. لەبەر ئەم هۆکارانە وایدادەنێین، کە لە زمانی کوردیدا بەلایەنی کەمەوە کرۆکی حاڵەتی پارتیکڵی تیشکۆ تاقیکراوەتەوە و ( تەنها، هەروەها، تەنانەت)دەگەڕێتەوە بۆ گروپی (کردەی ئەرکی تیشکۆ) و(کردەی نەکردن) یش بۆ دروستکردنی زانیاری جیاوازە. بەم هۆیەوە تیشکۆی هەستیار دەتوانێت باشتر پەسنکراوبێت و هەردوو دیاردەی بەیەکداچوون و مەودای پارتیکڵی تیشکۆ ڕوونتر بخەینەڕوو:

**١/٣-٤-١) بەیەکداچونی پارتیکڵی تیشکۆ لەگەڵ دروستەی تیشکۆ و باکگراوند:**

تیشکۆ، ئەو فرێزەیە کە ئاوازی سەرەکی(سترێسی سەرەکی) تێدایە. لەکاتێکدا گریمانەی پێشینە، بەشێوەیەکی بنچینەیی ڕستەناوەرۆکێکە کە بە هەندێك ئایتمی فەرهەنگییەوە بەستراوە ((گریمانەی پێشینە لە پەیوەندیدا بە کردەی لێك گەیشتنی پراگماتیکەوە زیاتر پەیوەستە بە واتای پیتیەوە لەبابەتە پراگماتیکیەکانی تر (جگە لە کردە قسەییەکان) و واتای وشەو فرێزەکان کاریگەری خۆیان هەیە لە دیاریکردنی گریمانەی پێشینە کەدا و بەهۆی کەرەستەکانی ناو ڕستە و دیاریکردنی گریمانەوە دەتوانرێت ئەرکی ڕستەکە لە بەکارهێناندا دیاری بکرێت و مەبەستی نیشانکراوی ناو

ڕستەکەش لەلایەن قسەکەرەوە بۆ گوێگر بخرێتەڕوو)).[٢١] گریمانەی پێشینە پشتدەبەستێت بە ڕاستییەك کە ڕستەکە هەمان گریمانەی پێشینەیان هەبێت، بۆ نموونە:

٤٢.أ. لاس جلە کوردییەکانی لەبەر کردووە.

ب.ئەوە لاسە جلە کوردییەکانی لەبەر کردووە.

پ. ئایا لاس جلە کوردییەکانی لەبەرکردووە؟

ت.لاس جلە کوردییەکانی لەبەر نەکردووە.

>> لاس جلی کوردی هەیە.

لە دروستەی زانیاریدا گریمانەی پێشینە، ئەو زانیارییە زانراوە دەگرێتەوە کە هاوبەشە لەنێوان قسەکەرو گوێگردا لەبەر ئەوە لە ئاخاوتندا وەك بیرۆکەی زانیاریی زانراو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، پەیوەندی نێوان زانراو گریمانەی پێشینە ئەوەیە، کە دەربڕینی زانراو دەربڕینێکی ئەنافۆریکە، بەپێچەوانەی گریمانەی پێشینە وە بۆنموونە ناوێکی تایبەتی وەك (ئازاد) دەتوانێت لەگەڵ گریمانەی پێشینەدا بێت، هەرچەندە (ئازاد) هەمیشە زانراو نییە، کاتێك زانراوە، کە هاو ئاماژەcoreferent بێت لەگەڵ بۆگەڕاوەکەی لە ئاخاوتنەکەدا، بۆ نموونە:

٤٣.ا.بۆچی **ئازاد**ت نەهاتووە؟

ب. من پێشتر ئازادس م **ئاگادار کردبوو.**

ئازاد لە ڕستەی یەکەمدا نوێیە و لەڕستەی دووەمدا زانراوە، لەهەموو ئاخاوتنەکەشدا پەیوەستەبەگریمانەی پێشینەوە.

بیرۆکەی تیشکۆ، پشت بە ئەو دەوروبەرە دەبەستێت، کە تێیدا بەکارهاتووە و جیاوازی لە سترێسی سەرەکی کاریگەری لەسەر سینتاکسی ڕستە و سیمانتیکی ڕستەکە نییە، بۆ نموونە:

٤٤.ا. سەیارەکەم بە **ئازاد** فرۆشت.

**ب. سەیارەکە**م بە ئازاد فرۆشت.

---

[٢١] ئاڤێستا کەمال(٢٠٠٩: ٩٩).

لەم نموونەیەدا، حاڵەتی ( سەیارەکەم بە **ئازاد** فرۆشت) **هە**مان حاڵەتی (**سەیارەکە**م بەئازاد فرۆشت)ە، گۆڕان لە تیشکۆدا نەبووەتە **هۆی** گۆڕان لە مەرجی ڕاستیدا. بەڵکو ئەم دەربڕینانە لە **جیاوازی** دا جیاوازن، بۆ نموونە (٤٤.ا) جیاوازە لە دەربڕینی ( سەیارەکەم بە **هێ**من فرۆشت) و (٤٤.ب) جیاوازە لە دەربڕینی (مۆبایلەکەم بە ئازاد فرۆشت).

ئەگەر پارتیکلێکی پەیوەست بەتیشکۆوە، بۆ ڕستەکە زیاد بکەین، وەك:

٤٥.ا. من تەنها سەیارەکەم بە**ئازاد** فرۆشت.

ب. من تەنها **سەیارەکە**م بە ئازاد فرۆشت.

لە نموونەی (٤٥) دا تیشکۆ بەتەنها نە**ها**تووە، بەڵکو بەیەکدا چووە لەگەڵ دەربڕینی تیشکۆداری وەك (تەنها) کە کەرەستەی سیمانتیکە. پارتیکڵی تەنها پەیوەستە بەتیشکۆ لە مەوداکەیدا، لە ڕستەی (٤٤.ا ،ب) دا تیشکۆ بە تیشکۆی ئازاد ناودەبرێت لەکاتێکدا تیشکۆ لەڕستەی (٤٥.ا،ب) دا تیشکۆ بە تیشکۆی سنوردار ناودەبرێت، بە**هۆی** بوونی پارتیکڵی (تەنها) وە، **هە**ر لەبەرئەمەشە دەتوانین بەکار**هێ**نانی ڕادەوپێوانەی پارتیکڵی تیشکۆ جیابکەینەوە، پارتیکڵی تیشکۆی ڕادە وەك (تەنها، **هە**روە**ها**...) لە( ٤٦.ا و.ب) دا ڕادەی سەر گروپی گۆڕاوەکانی تیشکۆن:

٤٦.ا. نەسرین تەنها [**نەرمین** ] ت ی بینی.

ب. نەسرین **هە**روە**ها** [**نەرمین**] ت ی بانگکرد.

پ. نەسرین تەنانەت [**نەرمین**] ت ی دەعوەتکردبوو.

لە نموونەی ٤٦.ا دا باس لەوە دەکات ، کە "نەسرین تەنها نەرمینی بینیوە"، گۆڕاوی (نەرمین) ی لەو کۆمەڵە خەڵکە جیاکردۆتەوەکە (نەسرین) بینیونی. لە (٤٦.ب) دا بەلایەنی کەمەوە یەك گۆڕاوی گونجاو **هە**یە بۆ (نەرمین) کە بانگکرابوو لەلایەن (نەسرین)ەوە. پارتیکڵی تیشکۆی پێوانەی وەك (تەنانەت) لە (٤٧.پ) دا جێکەوتەی ئەوپەڕی بوارەکەی دەست نیشاندەکات لەسەر پێوانەی پێکهێنراوی دەقیانەی گۆڕاوە پەیوەندارەکەی.

بە بەراورد لەنموونەکانی(٤٦,٤٧) دا ئەوە دەردەکەوێت، کە واتای **ها**وبەشی پارتیکڵی تیشکۆ، پشت بە قەبارەی تیشکۆ دەبەستێت، ئەگەر تیشکۆکە فراوانکرا بۆ **هە**موو کەرەستەی دوای پارتیکڵەکە،

که نه بەهۆی جیاوازی سەرەوڕیزبوون و نەبەهۆی جەختکردنەوە بێت، لەم حاڵەتەدا پێکهاتەی واتا دیاریکەر بەهۆی گۆڕانەکانی پارتیکڵی تیشکۆوە دەبێت. (نەرمین) بەراورد ناکرێت لەگەڵ کەسانی تر، بەڵام (نەسرین) بەستراوە بەڕووداوە گۆڕاوە پەیوەندارەکانەوە[٢٢].

١.٤٧. نەسرین تەنها [نەرمینی بینی]ت.

ب.نەسرین هەروەها [نەرمینی بانگکرد]ت.

پ. نەسرین تەنانەت [نەرمینی دەعوەتکردبوو] ت.

لە نموونەی (١.٤٧) دا باس لەوە دەکات، کە نەسرین هیچ شتێك ناکات بێجگە لەبینینی نەرمین (پەنجەرە ناسرێت)، لەکاتێکدا (٤٧.ب) دەڵێت کە سەرەڕای بانگکردنی نەرمین، لەوانەیە نەسرین هەندێك شتی تریش بکات (وەك مناڵەکەی لە باوەشکرد) لە (٤٧.پ) دا دەعوەتکردنی نەرمین تایبەتمەندکراوە وەك کردەیەکی نادیاریکراو بۆ نەسرین بۆ جێبەجێکردنی. بەم شێوەیە تیشکۆ ئەو بەشەی ڕستە دیاریدەکات، کە سیمانتیکیانە کاری لێکراوە بەهۆی پارتیکڵی تیشکۆوە و ، لە زۆر حاڵەتدا بەدڵنیاییەوە گۆڕانی تیشکۆ لەگەڵ گۆڕان لەشوێنی جەختکردن و گۆڕان لە سەرەوڕیزبووندایە، یاخود کۆکردنەوەی هەریەك لەمانەیە بەیەکەوە.

دەربارەی بەیەکداچوون لەنێوان سیمانتیکی تیشکۆو هاوبەشیکردنی سیمانتیکی فرێزی ناوی ئاڵۆز، وەك لە (١.٤٨ تا ١.٥١ ) ئەم نموونانە بواری ڕادە بۆ کردەی تیشکۆی هەستیار ڕووندەکەنەوە، لە (١.٤٨) دا ڕادە لە سەر ئەو کەسەی کە هاوسەری هەیە و لە( ١.٤٣) دا ڕادەمان لەسەر" نەتەوە" دانراوە، لەکاتێکدا ئەم ستراتیجییە وادیارە بەتوانایە بۆ نموونەکانی تر ...[٢٣]

١.٤٨.سارا تەنها قسەی بۆ [ژنەکەی **ئازاد**]ف.ن کرد.

ب. تەنها ئازادە، کە سارا قسەی بۆ ژنەکەی کردووە و کەسی تر نییە.

١.٤٩ سارا قسەی بۆ[ یەکەم یاریزانی تۆپی پێی **کورد**]ف.ن کرد.

---

22 Sudhoff S.(2010:34).
23 Schwabe, K. &Winkler , S.(2007:486).

ب تەنها نەتەوەی کوردە کە سارا قسەی بۆ یاریزانی تۆپی پێیەکەی کردووە، هیچ نەتەوەیەکی تر نییە.

١.٥٠ سارا تەنها قسەی بۆ [دایکی **ئازاد**]ف.ن کرد.

ب.تەنها ئازادە، کە سارا قسەی بۆ دایکی کردووە کەسی تر نییە.

پ.تەنها دایکی ئازادە، کەسارا قسەی بۆکردووە و هیچ دایکێکی تر نییە.

١.٥١ سارا تەنها قسەی بۆ [ئەو ژنە کرد، کە **لانە** ت ی بە ئازاد ناساند].

ب بێجگە لە لانە هیچ کەسی ترنا کە ،سارا قسەی بۆ ئەو ژنەکردبوو کە ئەوی بە ئازاد ناساند.

پ بێجگە لە ئەو ژنەی کە لانەی بە ئازاد ناساند هیچ ژنێکی ترنا کە کەسی تری بەئازاد ناساندبێت.

لەنموونەی(١.٤٨) لە(٤٨.ب) دا داڕێژراوەتەوە و ڕادە لەسەر کەسەکەیە کە ژنی هەیە ولە ( ١.٤٩) ڕادە لەسەر نەتەوەیە و داڕشتنەوەی (٤٩.ب) بۆ (١.٤٩) گونجاوەو پێشبینی دەکات، کە ئازاد تەنها منداڵی دایکیەتی، لە حاڵەتێکدا، کە سارا قسەی بۆ میناکرد و هیچ کەسی تر نا، کاتێك مینا دایکی ئازاد و هێمن بێت، ڕادەی سەر گۆڕاوەکان بۆ خاوەنێتی، وەك لە(٥٠.ب) پێشبینیەکەی پێچەوانەیە بۆ ئەو ڕاستییەی کە ڕستەی(١.٥٠) هەڵەیە. کردەی تەنها ڕادەی سەر گۆڕاوی ئازاد نییە، بەڵکو لەسەر گۆڕاوی پێکهاتووی گەورەترە، وەك دایکی ئازاد کە بەهۆی داڕشتنەوەی لە(٥٠.پ) دا ڕوونکراوەتەوە. بەهەمان شێوە داڕشتنەوەی (٥١.ب) پێشبینیدەکات پێچەوانە بۆ ڕاستی ڕستەی (١.٥١) هەڵەیە، ئەگەر سارا قسەی بۆ نەسرین کردبێت و بۆ هیچ کەسی ترنا، و نەسرین لانەی بەئازاد ناساند و سارای بە ئازاد ناساند، کردەی تەنها ڕادەی سەر گرووپی (ئەو ژنەی کە کەسێکی بەئازاد ناسند) ە، نەك لەسەر گۆڕاوی سارا بێت.

## ٣/١–٤–٢) مەودای پارتیکڵی تیشکۆ:

پارتیکڵەکانی تیشکۆ تاڕادەیەکی زۆر ئازادن لە ڕستەدا و دەتوانرێت، جێگۆرکێیان پێبکرێت و لەتەك هەر جێگۆڕکی ' پێکردنێکیشدا پەیوەستبوونێکی سیمانتیکی تر وەردەگرێت، وەك:

٥٢.تەنها ئازاد ئێوارە دەچێت بۆ ئاهەنگەکە.

(کەسی تر ناچێت جگەلە ئازاد)

٥٣. ئازاد تەنها ئێوارە دەچێت بۆ ئاهەنگەکە.

(ئێوارە ،دەچێت کاتێکی تر ناچێت)

٥٤.ئازاد ئێوارە تەنها دەچێت بۆ ئاهەنگەکە.

(تەنها دەچێت بۆ ئاهەنگەکە بۆ هیچ شوێنێکی تر ناچێت، بەڵام ئەگەر قورسایی بخرێتە سەر (تەنها) ئەوا واتای ئەوەیە، کە بەتەنها دەچێت بۆ ئاهەنگەکە و کەسی تری لەگەڵدا نەبووە).

٥٥. ئازاد ئێوارە دەچێت تەنها بۆ ئاهەنگەکە.

(واتە تەنها بۆ ئاهەنگەکە دەچێت بۆ شوێنی تر ناچێت)

پارتیکڵی(هەر) هەندێك ئەدگاری (تەنها)ی هەیە، لەگەڵ ڕستەدا هەر ئەو دێت (بەواتای تەنها ئەو دێت)، لەگەڵ فرێزی کردارییەکەدا ئەو هەردێت (سوربوونە لەسەر هاتنەکەی).

هەندێك جار پارتیکڵی (تەنانەت) بەتەنیا نایەت لەگەڵ(–یش) دا دێت ( تەنانەت...یش)، وادەردەکەوێت (تەنانەت) ڕستەی کرداری کات و کەسداربێت و بەم جۆرە جێگۆڕکێ پێکردنی تەواو ئازاد نەبێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت جێگۆڕکێی پێبکرێت، پێویستە جووڵاندنەکەی بە هەڵگواستن بەجێبهێنرێت و بەقورساییەکی تایبەت نیشانەبکرێت.

١.٥٦. لانە ساراشی بەهانە ناساند.

ب.لانە تەنانەت سارای بەهانە ناساند.

پ.لانە تەنانەت ساراشی بەهانە ناساند.

ت.لانه تەنانەت سارای بەهانەش ناساند.

ج.لانه سارای تەنانەت بەهانەش ناساند.

١.٥٧.تەنانەت منیش دەتوانم بەسەر ئەم دیوارەشدا بازبدەم.

ب. من دەتوانم بەسەر ئەم دیوارەشدا، تەنانەت بازیش بدەم.

پ. من دەتوانم بەسەر، تەنانەت ئەم دیوارەشدا بازبدەم.

Konig مەودای پارتیکڵی تیشکۆ وەها پێناسە دەکات، کە (( سیمانتیکی هاوتای ئەوبەشەی ڕستەیە کەپەیوەندارە بە خاڵی شەقبوونی هاوبەشیکردنی پارتیکڵەکە))[٢٤] ، مەودا بریتییە لە مەودای کردەی یەکسان بە پارتیکڵی تیشکۆ ( ڕادەکان ∃ و∀) لە داڕشتەی سیمانتیکی ڕستەدا:

١.٥٨.نەسرین تەنها[ تاقیکردنەوەی مێژووی]ت کرد.

ب. بەلایەنی کەمەوە تەنها [سێ خوێندکار تاقیکردنەوەوی مێژوویان]ت کرد.

١.٥٩ تەنها بۆ X = تاقیکردنەوەی مێژوو: نەسرین X کرد.

ب. تەنها بۆ X = تاقیکردنەوەی مێژوو:بەلایەنی کەمەوە سێ خوێندکار X کرد.

پ. بۆ بەلایەنی کەمەوە سێ خوێندکار: تەنها بۆ X = تاقیکردنەوەی مێژوو:X کرد.

هەرچەندە ٥٨(١. و ب ) یەکسانن لە دروستەدا، ( ١.٥٨) دەتوانرێت داڕێژرابێتەوە بەهۆی (١.٥٩ )، بەڵام ٥٨.ب ناتوانرێت داڕێژرابێتەوە بەهۆی (٥٩.ب) وە. (لەبەر ئەوەی دەبوایە X = سێ خوێندکار)

ڕستەی( ٥٨.ب )هەتا ئێستا دروستە، ئەگەر چوار خوێندکار تاقیکردنەوەکەیان کردبێت، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە بەلایەنی کەمەوە سێ خوێندکار تاقیکردنەوەیان کردووە لە مێژوودا.

داڕشتنی دروست بۆ( ٥٨.ب) وەك (٥٩.پ) وایە، جیاوازی لەنێوان (١.٦٠ وب) بەهۆی دابەشکردنی تیشکۆ و باکگراوندەوە نییە، کە لەهەردوو ڕستەکە دا وەك یەکە. بەڵکو جیاوازییەکە ئەوەیە، کە (نەسرین) لەناو مەودای (تەنها) دایە لەڕستەی پێشودا، لە کاتێکدا لەڕستەی دووەمدا(بەلایەنی

---

[24] Sudhoff ,S.(2010:54).

کەمەوە سێ خوێندکار) بەرامبەر بە (نەسرین) ە، لەوەی کە (نەسرین) هەڵگری مەودای توخمەکە خۆیەتی [٢٥]، لەبەر ئەوە جێکەوتەی سینتاکسی بەستراوە بە پارتیکڵی تیشکۆو یەکلایکەرە بۆ پەیوەندی مەودا. هەمان دیاردە لە ڕستەی ئاڵۆزدا تێبینیکراوە، وەك(٦٠) لێرەدا پشتدەبەسترێت بەوەی کە ئەگەر پارتیکڵی تیشکۆ کەوتۆتە دەستەواژەی سەرەکی ، یان دەستەواژەی شوێنکەوتوو دارِشتنەوەی (٦٠.ا وب) کە دووبارە هەمان تیشکۆیان هەیە لە (٦١.ا وب )دا دراوە:

٦٠.ا. هیوادارم تەنها کە [ئازاد] گۆرانی بڵێت.

ب. هیوادارم، کە تەنها [ئازاد] گۆرانی بڵێت.

٦١.ا.تەنها بۆ X = ئازاد:هیوادارم کە X گۆرانی بڵێت.

ب. هیوادارم:تەنها بۆ X = ئازاد: X گۆرانی بڵێت.

لە(٦٠.ب)دا (تەنها) مەودایەکی نییە لەسەرکرداری سەرەکی (هیوادارم)، واتە تەنها هیوایەك نییە کە من هەمبێت، بەڵام یەکێك لە هیوایەتەکان ئەوەیە، کە ئازاد گۆرانی بڵێت. بەم شێوەیە بەهۆی دەربرِینی ئەم ڕستەیە قسەکەر دەریدەبرِێت (هیوادارەکە هیچ کەس بێجگە لە ئازاد گۆرانی نەڵێت) مەودای پارتیکڵ دیاریکراوە بۆ دەستەواژەی شوێنکەوتوو. لە (٦٠.ا) دا لەلایەکی ترەوە (تەنها) مەودایەکی هەیە لەسەر کرداری سەرەکی لەناو لێکدانەوەی کە تەنها ڕستە ناوەرۆکی فۆرمی(X گۆرانی بڵێت)، کە قسەکەر هیوادارە ئەوە ڕاست بێت، ڕستە ناوەرۆکی (ئازاد گۆرانی دەڵێت). ڕادەکان لە هەردوو ئاستی سیمانتیك و پراگماتیکی دا ڕۆڵدەبینن و واتای تیشکۆی ڕستە ڕوونتردەکەن و وردەکارییەکانی زانیاریی نوێی تیشکۆ دەخەنەڕوو .

٦٢. من هەموو شامپۆکەم بەکارنەهێناوە .

وردەکاری و برِی بەکارهێنانەکە زیاتر خراوەتەڕوو، بەخشکەیی دەربرِینی تێدایە، کە دەریدەخات کەسی قسەکەر هەموو شامپۆکەی بەکارنەهێناوە، بەڵام هەندێکی بەکارهێناوە.

---

٢٥ سەرچاوەی پێشوو،ل:٣٥

### ٣-١/٣-٤) مەرجی ڕاستەقینە و دروستەی تیشکۆ:

مەرجی ڕاستەقینە وێنەی ڕاستەوخۆی پەیوەندی زمان و جیهانی دەرەوە دەخاتە ڕوو و، بەپێی خوێندنەوە تایبەتییەکان دەگۆڕێت هەر بۆیە لە لێکدانەوەی نموونەی (٦٣) دا دەیخەینەڕوو:

٦٣. ئازاد دەیەوێت کچێکی چاوڕەش بهێنێ.

٦٤. ئازاد دەیەوێت کچێك بهێنێت.

خوێندنەوەی یەکەم (کچی چاوڕەش) دیاریکراوە و لەجیهاندا بوونی هەیە، بەڵام لە خوێندنەوەی دووەمدا (کەسەکە) دیاریکراو نییە و دەکرێت لە ڕووی فۆڕمی لۆژیکییەوە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە.

$\forall x \exists y$ (هێنان (x , y)) بەرامبە $\exists y \forall x$ ((x , y)هێنان )

$\forall$:هەموو

$\exists$:هەندێك

X: گۆڕاوی ئازاد

Y:گۆڕاوی کچێك

بەگوێرەی شیاوی بۆ دەستەواژەی دروستەی تیشکۆ، چوارچێوەیەك پێویستە، گریمانەی پێشینەی پەیوەست بە دەستەواژەی دروستەی تیشکۆکەی تێدابێت[٢٦]. دروستەکانی ڕستەش (تیشکۆی ڕستە، تیشکۆی ئارگومێنت، تیشکۆی بەشەکردار)، چونکە دروستەی زانیاریی بەتایبەت دروستەی تیشکۆ دەبنە هۆی دەرخستنی جیاوازی ئەو ڕستانەی کە هەمان مەرجی ڕاستیان تێدایە، ئەمەش بەهۆی ئاوازەوە دەردەکەوێت. ئەم جیاوازی ئاوازییە ڕۆڵێکی گرنگ دەنوێنێت، هەروەها لەگفتوگۆکردنی نموونەکانی کە لەخوارەوە دراوە[٢٧]:

---

[26] Zimmermann, M and Féry, C.(2010:16_19).

[27] Breul, C. (2004:234-240).

١.٦٥. خۆر ڕووناکی دەبەخشێت.

ب.ڕووناکی لەلایەن خۆرەوە دەبەخشرێت .

لە ڕستەی(١.٦٥ وب)دا بەئاشکرایی لە مەودای واتادا جیاوازن و ڕستەی( ٦٥.ب) لە زۆرترین لێکدانەوەی سروشتیەکەیدا تایبەتێتیە کە ڕووناکی لەلایەن خۆرەوە دەبەخشرێت، ئەگەر ئەمە بەواتای ئەوە بێت کە ڕووناکی تەنها تایبەتە بە خۆر ، لەژێر ئەم لێکدانەوەیەدا ڕستەکە نادروست دەبێت.( ١.٦٥ )لەوە دەدوێت، کە (ڕووناکی) تایبەتێتیەکی دیاریکراوی هەیە، بەتەواوەتی کە ڕووناکی بەخشە، بەڵکو واناگەیەنێت (لەژێر هەرلێکدانەوەیەك) کە چالاکیەکەی بەخشینی ڕووناکی ڕوونکردنەوە بێت بۆ هەموو ڕووناکییەکان .

١.٦٦.[ خۆر [**ڕووناکی**]ت دەبەخشێت]س.

ب. [ڕووناکی لەلایەن[ **خۆرەوە** ]ت دەبەخشرێت]س.

لەم نموونەیەدا دروستەی تیشکۆ و باکگراوندی جیاوازیان هەیە، ڕووناکی لە (٦٦.ب) دا ، وەك دەربڕینی سەرتۆپ لێکدراوەتەوە، ئەگەر دەربارەی کاریگەری مەرجی ڕاستی گۆڕانی دروستەی ئاواز لە نموونەکان بڕوانین، لەژێر گۆڕینی تەرزی ئاوازدا جوت دەربڕینەکانی خوارەوە ڕەچاودەکرێت:

١.٦٧) خۆر **ڕووناکی** دەبەخشێت . ا`.**ڕووناکی** لەلایەن خۆرەوە دەبەخشرێت.

ب.**خۆر** ڕووناکی دەبەخشێت . ب`.ڕووناکی لەلایەن **خۆرەوە** دەبەخشرێت.

ڕووناکی لە(١.٦٧ ) دا ئاماژەیی نییە، وەك ڕووناکی لە( ٦٧.ب) دا، لەبەرئەوە دەربڕینی تیشکۆی ئارگومێنتە، (١.٦٧`) تەنها خوێندنەوەی وەك تیشکۆی ئارگومێنت گونجاوە،( ٦٧.ب و٦٧.ب` ) بەیەکسانی هاوتانین لە مەرجی ڕاستیدا، لەکاتێکدا وەك لەسەرەوە ڕونکراوەتەوە ڕووناکی لەوەی دواییاندا پێویستە ئاماژەیی بێت و لەپێشوتردا پێویست نییە ئاماژەیی بێت. لەڕاستیدا ئەوە ئاشکرایە، کە ڕووناکی لە (٦٧.ب) دا پێویستی بە ئاماژەنییە بۆ بڕی هەموو ڕوناکییەکان، وەك لەئەم ئاخاوتنەدا پیشاندراوە:

٦٨.ا. چەند سەرچاوەیەکی ڕووناکی هەیە، لەوانە کارەبا.

ب. نا، خۆر ڕووناکی دەبەخشێت.

بەدڵنیاییەوە دەربڕاوی (٦٨.ب) پەسەندترە، چونکە لە جیهانی ڕاستیماندا کە هەموو ڕووناکییەك لەڕێگەی خۆرەوە نابەخشرێت ، بەڵام سەرچاوەی سەرەکی ڕووناکیشە.

## ٢/٣) جێبەجێکردنی لێکدانەوە واتاییەکان لەسەر جۆرەکانی ڕستە[٢٨] :

ڕستە لە ڕووی دروستەوە پێکدێت لە ڕستەی سادە، ڕستەی ئاوێتە( لێکدراو و شوێنکەوتوو). لە ڕووی مەبەستیشەوە چەند چەشنێکی هەیە، کە بریتین لە (هەواڵی، پرسیاری، سەرسوڕمان وفەرمان). لەم وەچەپارەدا باس لە "ڕستەی هەواڵی وپرسیاری وفەرمان " دەکەین لەگەڵ بەکارهێنانی جۆرەکانی ڕستە لە ڕووی دروستەوە و چۆنیەتی نیشانەکردنی ئەو زانیاریانەی، کە لە ڕستەکاندان بە هۆی ئەو ڕێگایانەی، کە دەبنە دیارخەر بۆ نیشانەکردنی دروستەی زانیاریی، وەك پێشتر ڕونبۆتەوە، بۆ پەسنکردنی ڕێکخستنی (سەرتۆپ_کۆمێنت/بواری تیشکۆ) تاقیکردنەوەی پرسیار سودی لێبینراوە، سەرتۆپ لە پرسیار داڕشتنەکەدا دەردەکەوێت، بەڵام تیشکۆ لەڕێگەی مەودای پرسیارەکەوە نیشانە دەکرێت، لەبەر ئەوە لە هەریەك لە جۆرەکانی ڕستەدا پێویستمان بە ڕستەی پرسیاری دەبێت:

### یەکەم : ڕستەی هەواڵی Declarative:

ڕستەی هەواڵی حاڵەت ڕوندەکاتەوە و ئاساییانە بکەر پێش کردار دەکەوێت، لەزمانی کوردیدا (SOV)یە و بەم پێیە دەتوانین ڕستەی هەواڵی لە ڕووی دروستەی ( سادە و نادسادە ) بەهۆی دیاریکردنی سەرتۆپ و تیشکۆکانیانەوە لە دروستەی زانیارییەکانیان بدوێین :

---

[٢٨] بێگومان ئەم وەچەپارە، هەموولایەنەکانی (ئاواز و سینتاکس و واتای) بەشێوەیەکی بەرفراوان بۆ هەموو جۆرەکانی ڕستەو ئەو ئامرازانەی لەڕستەکاندا هەن نەگرتووە، لەبەر بەرفراوانی بابەتەکە.

١. **ڕستەی سادە** : بریتییە لە و ڕستەیەی کە لە فریزێکی ناویی و فریزێکی کرداری پێکهاتووە (( ڕستەی سادە تەنها لەیەك ڕستیلە پێکهاتووە))[٢٩] بەپێی هێزی کردارەکە بۆ داواکردنی ئارگومێنتەکانی دەگۆڕێت، هەروەها لەهەندێك باردا ئاوەڵکردار بۆ فراوانکردنی فریزە کردارییەکە دێتە ناوەوە:

٦٩. [گەردە]ف.ن [دەستکێش دەچنێت]ف.ك

٧٠. [گەردە]س [دەستکێش دەچنێت]ت

ڕستەیەکی وەك ( ٦٩) دەشێت لە چەند ڕوویەکەوە لێکدانەوەی بۆ بکرێت :

### ١)لە ڕووی ئاوازی دەنگەوە:

ڕستەیەکی وەك ( ٧٠ ) دا دروستەی زانیارییەکەی ڕووی ئاوازەوە سێ گریمانەی بۆ دەکرێت :

١. ئەگەر ڕستەکە بە یەك ئاواز دەربڕدرا ئەوا ڕستەکە هەواڵییە و جەخت لەسەر هیچ بەشێکی نەکراوەتەوە و هەموو ڕستەکە وەك زانیارییەکی نوێ مامەڵە دەکرێت.

٢. ئەگەر قورسایی خرایەسەر ( گەردە ) یان ( دەستکێش )، ئەوا ڕستەکە ڕستەیەکی هەواڵییە، بەلاّم تیشکۆی ڕستەکە لە جۆری ئارگۆمێنت دەبێت و مەبەست لێی گەیاندنی زانیارییە لەسەر ئەو ئارگومێنتە.

٣. ئەگەر قورسایی خرایە سەر بەشە کردارییەکەی (دەچنێت )، ئەوا تیشکۆی ڕستەکە لە جۆری بەشەکردارە.

[٢٩] ڕستیلە ، دەربڕاوێکە کە لەیەك بەشەکردار پێکهاتبێت، بۆ (تایبەتیتێتییەکانی جۆرەکانی ڕستە و یاساکانیان) بڕوانە: شیلان عومەر حسەین (٢٠١١: ٣٢) .

**٢) له ڕووی ڕستەسازییەوە :**

ئەگەر ڕستەی ( ٧١ ) له ڕووی جێکەوتەی بکەر و بەرکارەوە لێکبدرێتەوە، ئەوا دەبینین، کە :

٧١. [گەردە]س [دەستکێش دەچنێت ]ت

( ڕێککەوتنی بکەر و کردار، کلیتیکی سەرتۆپ بەکردارەوە)

أ. ڕێککەوتنی بکەر و کردار له ڕووی جێناوەکانەوە له ڕستەیەکی ڕانەبردووی وەك (٧١)دا ئەوە دەردەخات، کە سەرتۆپی ( گەردە ) ڕێککەوتنی لەگەڵ کرداری ڕستەکەدا هەیە و نیشانەی بکەری خۆی لەگەڵدا داناوە، کە بریتییە له ( ێت )، لەم حاڵەتەدا و له بارەکانی تری ڕستەی کردار تێنەپەڕدا کردار جێناوی لکاوی بکەری وەردەگرێت، بەڵام له کرداری تێپەڕدا بکەر و بەرکار ( بەرکار وەك فرێزی کرداری ) ڕێککەوتنیان دەبێت بەمەش سەرتۆپی زمانی کوردی نیشانەی خۆی له فرێزی کرداریدا ( بەرکاربێت یان کردار ) دیاریدەکات و بەمەش گەر خۆشی دەرنەبردرێت نوێنەری گەڕاوەی خۆی هەیە و ئەم تایبەتێتییەش وایلێدەکات هەمیشە پاشماوەی خۆی له بواری تیشکۆی ڕستەکەدا بەجێبهێڵێت.

٧٢. [دەستکێش ]س.هـ، [ گەردە t دەیچنێت]ت/ب.ت.

i → i ⟶ i

ب. لەم بەلووتکە کردنەدا جێناوی ئارگۆمێنتی ( گەردە) له جێکەوتەی ئاسایی خۆیدایە و نەگۆڕاوە، بەڵام ئارگۆمێنتی هێنراوە پێشەوە جێناوێکی بە کرداری ڕستەکە بەخشیوە ئەمەش وایلیدەکات، کە لەڕووی ڕێسای هاوسێیەتی ڕاستەوخۆوە گونجاو بێت و ڕێساکە تێکنەدات، چونکە بە پێی ڕێساکە بەرکار دەبێت ڕاستەوخۆ له ناو فرێزی کرداریدا بێت، ئەم ڕستەیە وەڵامە بۆپرسیاری( دەستکێش کێ دەیچنێت؟) .

٧٣. نا[**دەستكێش**]ت.ه/ج [ گەردە t دەیچنێت ]س

i → i ——————→ i

ئەگەر ڕستەکە  بەم جۆرە دەربڕا، لەحاڵەتی هێنانە پێشەوەی پێکهاتووی مەبەستدار وەك زانیارییەکی نوێ، زانیارییەکان دەورەکانیان دەگۆڕنەوە، ئەم ڕستەیەش، وەلاّم دەبێت بۆ( گەردە ملپێچ دەچنێت؟).

٣) **لە ڕووی واتالێکدانەوەوە** :

أ . واتای سیمانتیکی :

لە ڕستەی(٧٤) گەردە سەرتۆپی ڕستەیە و دەسكێش دەچنێت تیشکۆی ڕستەیە، ئەگەر پارتیکڵی تیشکۆی هەستیار بۆ نموونەکە زیاد بکەین، وەك:

٧٤. تەنها/هەر/هەمیشە  [گەردە]ت [دەستكێش دەچنێت]س

٧٥. هەروەها/ تەنانەت [گەردە]ت ش  [دەستكێش دەچنێت]س

لە ڕستەی (٧٤) دا، لەگەڵ جیاوازی واتایی پارتیکڵەکان خۆیان، بەلاّم جۆری ئەو تیشکۆیەی کە دروستیدەکەن تیشکۆی تایبەتە و لەڕستەی(٧٥) دا تیشکۆکە، تیشکۆی تێهەڵکێشراوە، بەلاّم ئەگەر پارتیکڵەکە چووە سەر بەرکارەکە ئەوا بەرکارەکە دەبێتە تیشکۆ و ئەوەی کە دەمێنێتەوە لەڕستەکە دەبێتە سەرتۆپ، وەك:

٧٦. گەردە  تەنها/هەر/هەمیشە [دەستكێش]ت دەچنێت.

٧٧. گەردە  هەروەها/تەنانەت [دەستكێش]ت یش دەچنێت.

لەڕووی مەرجی ڕاستەقینەوە بڕوانینە هەردوو نموونەی( ٧٦ ) و(٧٧ ) هەمان مەرجی ڕاستەقینەیان هەیە، بەلاّم لە ڕووی دروستەی زانیارییەوە سەرتۆپ و تیشکۆوە جیاوازن، مەرجی ڕاستەقینەکەیان ئەوەیە، کە (دەستكێش ) دەچنرێت و ( چنین)یش،وەکو هونەرێکی تانوپۆ دیاریکراوە، بەلاّم لە ڕووی سەرتۆپ و تیشکۆوە لە ڕستەی ( ٧٦ ) دا (گەردە) سەرتۆپە و پارتیکڵی ( تەنها / هەر / هەمیشە) مەودای واتای تیشکۆی دیاریکردووە، و لە ڕستەی (  ٧٧)  پارتیکڵی ( یش ) لەگەڵ

پارتیکڵەکانی ( هەروەها / تەنانەت) مەودای واتای تیشکۆکەیان فراوانکردووە، کە جگە لە ( دەستکێش چنین ) و (کاری چنین ) ڕەنگە شتی تر بچنێت، یاخود کاری تریش بکات ، وەك ( گەردە جگە لە دەستکێش و ملپێچیش دەچنێت ) یان ( گەردە جگە لە چنین درومانیش دەکات ) .

ت. واتای پراگماتیکی: لە ڕوانگەی پراگماتیکیشەوە بەکارهێنانێکی لەو جۆرە بۆ ئەو چەشنە ڕستەیە دروستەیەکی واتایی هەواڵی و مەبەستدار بە گوێگر دەگەیەنێت، چونکە پێدەچێت ڕستەیەکی لەم جۆرە لەکاتێکدا بوترێت، کە گوێگر بابەتی چنین و پێویستی بە چنینی لای قسەکەر وروژاندبێت، بەم پێیە قسەکەر هەڵدەستێت بە بەخشینی ئەو زانیارییەی، کە گوێگر پێویستی پێییەتی بەمەش کردەی پەیوەندیکردنەکە سەرکەوتوو دەبێت.

٢. **<u>ڕستەی ئاوێتە</u>**: ئەم جۆرە ڕستەیە دووچەشن ڕستە دەینوێنن، کە ئەوانیش ڕستەی (تەواوکاری و لێکدراون):

أ. دروستەی زانیاریی لە ڕستەی تەواوکاری: دەتوانین دروستەی زانیارییەکانییان بەم شێوەیەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

**١) لە ڕووی ئاوازی دەنگەوە:** ڕستەیەکی مەرجی وەك، لە ئاوازێکی ئاساییدا، ڕستەکە بەم جۆرە زانیارییەکانی دابەشدەکرێت:

٧٨. [چێشتەکە]س [زووپێدەگات ]ت [ئەگەر] comp [ئاگرەکە]س [جوان بسوتییێت]ت

. لە ڕستەی(٧٩)دا ڕستە سەرەکییەکە دەبێتە زانیاریی زانراو و ڕستەی شوێنکەوتووەکەش دەبێتە زانیاریی نوێ، کاتێك وەڵام بێت بۆ پرسیارێکی وەك( چێشتەکە چۆن زوو پێدەگات؟)

٧٩. [چێشتەکە زوو پێدەگات]س [ئەگەر **ئاگرەکە** جوان بسوتێت]ت

## ٢) لە ڕووی سینتاکسیەوە:

ئەگەر لە هەریەك لە ڕستەكان بكۆڵینەوە، دەبینین كە بەشی بواری تیشكۆ لەوانەیە توخمێك لەتوخمەكان هەڵگری فیچەری تیشكۆ بن، بەمەش تیشكۆ، كە دەبێتە تیشكۆی بكەر یان بەركار یان تیشكۆی كردار، بۆ نموونە:

٨٠. چێشتەكە زوو پێدەگات [ئەگەر **ئاگرەكە** جوان بسوتێت]ت

لێرەدا تیشكۆی ڕستەكە، بكەری ڕستەی شوێنكەوتووە، (ئاگرەكە) دەوری ڕێكەوتن دەبینێت لەگەڵ كلیتیكی (ێت)، كە خۆی لەناو بواری تیشكۆ دایە.

٨١. چێشتەكە زوو پێدەگات [ئەگەر جوان، ئاگرەكە t بسوتێت]ت

لێرەدا ئاوەڵناوی (جوان) هاتۆتە پێش بكەری ڕستەی شوێنكەوتووەكە، ئەم ئاوەڵناوە بە دروستە فرێزی ئاوەڵناوین و لەناو بەشەكرداردا ڕوویانداوە و وەك دەرخەری كرداری (بسوتێت ) ئەرك دەبینێت. لەبەر ئەوەیە، كە لە جێكەوتەی ئاوەڵكرداردا دەركەوتوون و وەك ئەویش ئەرك دەبینن، بە ئاوەڵكردار ئاسا هەژماردەكرێن.

## ٣) لە ڕووی سیمانتیكەوە:

لەڕووی واتایی سیمانتیكییەوە، ڕستەكان ئەو زانیارییانە دەگەیەنن، كە لە ئەنجامی واتای وشەكانەوە هاتووە، بە هەمان شێوەی ڕستەكانی تر، ئەگەر پارتیكڵەكانی تیشكۆی بخرێتە سەر واتای ڕستەكە لەگەڵیاندا دەگۆڕێت،وەك:

هەروەها چێشتەكە زووپێدەگات، ئەگەر ئاگرەكە جوان بسوتێت.

ڕستەكە واتای ئەوە دەگەیەنێت، كە بێجگە لەكاری لێنانی چێشت كاری تریش كراوە، یان كێك دروستكراوە...

لە ڕوویی واتای پراگماتیكییەوە، ڕستەكان هەڵگری زانیاریی تر دەبن بەدەر لەو زانیارییەی لە كۆی واتای وشەكانەوە هەڵدەهێنجرێت، وەك، گریمانەی پێشینەو بەخشكەیی دەربڕین وجۆرەكانی تری واتای پراگماتیكی.

٢.**ڕستەی لێكدراو**: ڕستەی لێكدراو لە ڕووی دروستەی سینتاكسییەوە وەك دوو ڕستەی سەرەكی لێیدەڕوانرێت لەبەر ئەوەی دروستەی سینتاكسیش كار لەسەر دروستەی ڕووكەشی ڕستە دەكات، لەبەر ئەوە دروستەی زانیارییەكەشی كە وابەستەی دروستەی سینتاكسییەكەیەتی لە ڕووی ئاواز و سینتاكسەوە بەم جۆرە جیادەكرێتەوە:

**١. لەڕووی ئاوازی دەنگەوە:** ئەگەر ڕستەكە ئاوازێكی ئاسایی هەبێت، بەم جۆرە دروستەی زانیارییەكەی جیادەكرێتەوە:

٨٢. (pro) [پەردەكانمان شت ]ت و (pro) [پەنجەرەكانمان سڕی]ت

i i i i

لەم ڕستەیەدا، جێناوی لكاوی (مان) لە هەردوو ڕستە سەرەكییەكەدا، ئاماژەی ئاخاوتنی زانراوە، ئاماژەیە بۆ (ئێمە)، كە دەرنەبڕاوە و زانیاریی زانراو/سەرتۆپە، هەردوو بەشی كرداری ڕستەكانیش دەبنە بواری تیشكۆ، هەروەها وەڵامە بۆ پرسیاری(چیتان كرد؟)

٨٣. (pro) پەردەكانمان]س [**شت** ]ت و (pro) [**پەنجەرەكان**مان سڕی]ت/س.ج

i i i i

لێرەدا، هەردوو وشەی (شت) و(پەنجەرەكان) تیشكۆ دارن(ئەكسێنتدارن) و هەموو فرێزی كرداری ڕستەی دووەم بواری تیشكۆیە و تیشكۆی جیاوازیشی دروستكردووە، فرێزی ناوی بكەری هەردوو ڕستەكە و بەركاری ڕستەی یەكەم زانیاریی زانراون، كاتێك بەم جۆرە دەبێت، كە وەڵام بێت بۆ پرسیارێكی وەك( پەردەكانتان چی لێكرد؟)

**٢. لەڕووی سینتاكسەوە:** ئەگەر ڕستەكە دروستەیەكی سینتاكسی ئاسایی(SOV) هەبێت، بەم جۆرە دروستەی زانیارییەكانی جیادەكرێنەوە:

٨٤. (pro) [پەردەكانمان شت ]ت و (pro) [پەنجەرەكانمان سڕی]ت

i i i i

بەڵام ئەگەر ڕستەكە بەم جۆرەی لێهات:

٨٥. [پەردەکان]س.ھ، [ئێمە t شتمانن ]ت و (pro) [پەنجەرەکانیشمان سڕی]ت

i i i j i j

لە ڕستەی یەکەمدا، (پەردەکان) هێنراوەتە پێشەوەو بووەتە سەر تۆپی هێنراوە پێشەوە، ڕستەی دووەمیش جگە لە جێناوی (مان)، کە ئاماژەیە بۆ بکەرەکە و لە ڕستەی یەکەمدا هاتووە، لەبەر ئەوە هەڵگری فیچەری [+ تۆپ] ئەوەی کە دەمێنێتەوە لە ڕستەکە هەمووی لەبواری تیشکۆدایە.

٨٦. (pro) [پەردەکانمان شت ]ت و (pro) [پەنجەرەکانیش]س.ھ [ئێمە سڕیمانن]ت

j j i i i

**٣. لە ڕووی واتاییەوە:**

لەڕووی واتایی سیمانتیکییەوە، ڕستەکان ئەو زانیارییانە دەگەیەنن، کە لە ئەنجامی واتای وشەکانەوە هاتووە، بە هەمان شێوەی ڕستەکانی تر ئەگەر پارتیکڵەکانی تیشکۆی بخرێتەسەر واتای ڕستەکە لەگەڵیاندا دەگۆڕێت،وەك:

٨٧. **هەروەها** چێشتەکە زووپێدەگات، ئەگەر ئاگرەکە جوان بسوتێت.

ڕستەکە واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە بێجگە لەکاری لێنانی چێشت کاری تریش کراوە، یان کێك دروستکراوە... .

## دووەم: ڕستەی پرسیاریInterrogative:

ڕستەی پرسیاری ئەو ڕستانە دەگرێتەوە بەهۆی بوونی بەرزونزمی ئاواز لەڕستەی ڕستەی هەواڵی یان بەهۆی وشە پرسەکانەوە دەبێت((ئاسایی ڕستەی پرسیاری جۆرێکە لە داواکردنی زانیاریی تایبەتی یان گشتی))[٣٠]، بۆنموونە:

**١. لەڕووی ئاوازی دەنگەوە:**

٨٨. **گەردە** دەستکێش دەچنێت؟

[٣٠] ئەبوبەکر عومەرقادر(١٩٩٣ :٣).

٨٩. گەردە **دەستكێش** دەچنێت؟

٩٠. گەردە دەستكێش **دەچنێت؟**

هەروەها دەكرێت پرسيار و سەر سوڕمان تێكەڵ بەيەك بن:

٩١. گەردە دەستكێش دەچنێت!

ئەگەر وشەی پرسی(ئايا) هەبێت، هەر بەهەمان شێوەی ئاواز لێكدەدرێتەوە، بۆ وەڵامەكان بگەڕێرەوە بۆ پێشتر.

**٩٢. كێ** دەستكێش دەچنێت؟

٩٣. گەردە **چی** دەچنێت؟

٩٤. گەردە چی دەكات؟

## ٢.لە ڕووی سينتاكسيەوە:

٩٥. [كێ]س [دەستكێش دەچنێت]ت؟

٩٦. [**دەستكێش**]س.هـ ، [كێ t دەيچنێت]ت؟

i i i

لەم نموونەكەدا پێويستە وشەی (دەستكێش) كاتێك دێتە پێشەوە بەناسراوی بەكاربێت، واتە بكرێتە فرێز، بۆ ئەوەی ببێتە سەرتۆپی هێنراوە پێشەوە.

٩٧.تۆ حەزت لەكام سەيارەيەيە. (ڕستەی سەرتۆپی)

٩٨. كام سەيارەيەيە ، تۆ حەزت t لێيەتی؟(ڕستەی باسمەندی)

i i

لەم ڕستەیەدا فرێزە پرسیارییەکە، گوازراوەتەوە، بۆ دیاریکردنی تیشکۆ، وەڵامەکەی بەم جۆرەیە(تویێتام حەزلێیە).

**٣. لەڕووی واتاییەوە:**

لەڕووی واتاوە بەهەمان شێوەی ڕستەکانی تر لێکدەدرێتەوە:

٩٩. هەروەها **کێ** دەیەوێت بچین بۆسینەما؟

بەهەمان شێوە، پارتیکڵەکان دەبنە هۆی دەرخستنی زانیارییەکان و واتاکانی ڕستەکان لەگەڵ واتای خۆیاندا دەگۆڕن.

## سێیەم :ڕستەی فەرمان /Imperative/:

**ڕستەی فەرمان لەزمانی کوردیدا، بۆ دروستەی زانیاریی بەم جۆرە لێکدەدرێتەوە:**

**١. لەڕووی ئاوازی دەنگەوە:**

لە ڕستەی فەرمانیدا، بکەر دەرنابڕێت تەنیا لەوکاتانەدا، کە قورسایی دەخرێتە سەر بۆمەبەستی جیاکردنەوە.

٩٨. (pro) [وانەکەتان بنووسن]ت

لە ئاوازێکی ئاسایدا کە بکەر دەرنابردێت، ئەوا بکەر سەرتۆپە و کلیتیکی سەرتۆپیش لە پێکهاتەی کردارەکەدایە، کە ئاماژەیە بۆ زانیاریی زانراو، بەڵام ئەگەر بکەر دەربڕا، بکەر دەبێتە زانیارییەکی نویێ، بۆنموونە:

**١٠٠.ا. کێ** قاپەکان بشوا؟

ب. **[تۆ]**ت [قاپەکان بشۆ]س.

**٢. له ڕووی سینتاکسیەوە:**

١٠١. [قاپەکان ]س.ﻫ، تۆ t بیشۆ.

i i→ ——→ i

**٣. له ڕووی واتاییەوە:**

له ڕووی واتاوه ڕستەی پرسیار تایبەتێتی خۆی هەیه، وەك:

١.١٠٢ تۆ تەنها [قاپەکان]ت بشۆ.

ب. تۆ قاپەکان تەنها[ بشۆ]ت.

هەریەك له ڕستەکان لێکدانەوەی خۆی هەیه، لەڕستەی یەکەمدا واتای تۆ هیچ کارێکی تر مەکه، جگه له شتنی قاپەکان، یان ئەگەر بێت و هێز خرابووه سەر تەنها ئەوا مەبەست لێی بەتەنها قاپەکان بشۆ، له ڕستەی دووەمدا مەبەست لێی تۆ بەتەنیا قاپەکان بشۆ.

١.١٠٣. [ چێشتەکە]ت [ دابگرە]ت [ئەگەر] comp [( pro)] [ س [ کولاً]ت.

لەم ڕستە شوێنکەوتووەدا، وەك جۆرەکانی تری ڕسته، زانیارییەکانی دابەشکراوه، بەڵام جیاوازیەکە لێرەدا ئەوەیە، کە لەشێوازی فەرماندا، کاتێك بکەر دەردەبڕێت هێزداره بۆیه له ڕستەی یەکەم و دووەمدا بکەرەکە دەرنەبڕاوه لەبەر ئەوه زانیاری کۆنه.

بەڵام ئەگەر هەر توخمێك لەتوخمەکانی ڕستەکە هێزداربوو، ئەوا ئەو توخمه زانیاری نوێیە، وەك:

ب.[ **چێشتەکە**] ت دابگرە، ئەگەر کولاً.

پ. چێشتەکە دابگرە، ئەگەر[ **کولاً** ]ت

لەهەریەك لەنموونەکاندا ،ئەوەی دیاریکراوه تیشکۆیه و ئەوەی ماوەتەوه له ڕستەکەدا زانیاری زانراون.

**لەڕووی سینتاکسەوە:**

١٠٤.ا. [ئەگەر(pro) کولاَ∅ (pro) دایبگرە]ت

i i i

لەم ڕستەیەدا زانیارییە زانراوەکە نەهاتووەتەوە، تەنها بەکلیتیك ئاماژەی بۆکراوە،ئەمە پرۆسەی وەڵامی کورت و کرتاندن دەیگرێتەوە، وەڵامە بۆ پرسیارێکی وەك"چێشتەکە چی لێبکەم" وەڵامەکەش هەمووی بووەتە زانیاری نوێ و زانیارییە زانراوەکەش کرتێنراوە، وەك:

١٠٤.ب. ئەگەر ~~چێشتەکە~~ کولاَ، دایبگرە/ئەگەر کولاَ ~~چێشتەکە~~ دایبگرە.

١٠٥.[ کارەکانت بکەو بچۆ بەلای وانەکانتەوە]ت

ئەم ڕستەیە هەمووی زانیاری نوێ دەبێت، ئەگەر وەڵام بێت بۆ پرسیارێکی وەك"چی بکەم؟"

# ئەنجام

لەکۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا کورتەی ئەنجامەکان دەخەینەڕوو:

١جۆری زانیارییە بەکارهاتووەکان لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا دیاریدەکات، کە دواتر سودی دەبێت بۆ لێکۆڵینەوە و تێگەیشتن لە وردەکارییەکانی زمانی شیعر و پەخشان هەروەها بەرچاوڕوونی دەدات بە چۆنێتی خوێندنەوەی بابەتەکان و دیاریکردنی جۆر و گرنگی زانیارییەکان .

٢.بە پێی جۆری زانیاریی ئاخاوتن و دەوروبەری ئاخاوتنەکان دروستەی زانیارییەکانیش دەگۆڕێن لەبەرئەوە ئەم چەشنە لێکۆڵینەوەیە گرنگی دەبێت لەچۆنیەتی دیاریکردنی زانیارییە گرنگ و بەبەهاکان وجیاکردنەوەیان لەزانیارییە دووبارەبووەوەکان.

**٣**.پرۆسەی دروستەی زانیاریی، ڕۆڵی گرنگ و سەرەکی هەیە لە ڕونکردنەوەی زانیاریی و واتای ناو دەربڕاوەکان، لەزمانی کوردیدا، واتە هەر دەربڕاوێك لەزمانەکەدا دەربڕێت دروستەیەکی هەیە و ئەم دروستەیەش هەڵگری زانیارییە، وەك لە دانانی کتێبەکانی خوێندندا، کە پێویستی بە تەکنیك هەیە، ئەمەش پشت بە دروستەی زانیاریی زمانەکە دەبەستێت، تا زانیارییەکی تەواو و دروست بگات بە خوێندکار، هەروەها لە هەموو جۆرەکانی کەناڵەکانی گەیاندنی زانیارییەوە(نوسین، وتار، کەناڵی ڕاگەیاندن سودی لێدەبینرێت...):

ا.دروستەی زانیاریی لە زمانی کوردیدا وابەستەی دروستەی سینتاکسییە، سەرتۆپ لە سەرەتای ڕستەدا دێت (فرێزی ناوی) زانیارییەکی زانراوە و تیشکۆش لەبەشی کۆتایی ڕستەدا(بەشی کردار) دێت زانیارییەکی نوێیە، بەڵام تاڕادەیەکش پاش وپێشخستن بە زانیارییەکان ڕێگەپێدراوە.

ب. لەهەموو حاڵەتێکدا دروستەی زانیاریی وابەستەی دروستەی سینتاکسینییە ، بەڵام بەتەواوەتی هەموو دروستەیەکی سینتاکسی وابەستەی دروستەی زانیارییە.

١.لە ڕوانگەی جێکەوتەی بکەرو بەرکار و کردارەوە، بەهەمیشەیی سەرتۆپ لەجێکەوتەی بکەردا نییە، و تیشکۆش لە جێکەوتەی بەشەکرداردا نییە.

٢.له دروستەی مۆفۆسینتاکسی زمانی کوردیدا، توخمەکانی ڕستە دەکرێن بەکلیتیك و بەکردارەکەوە جێگیردەبن، بەلاّم لەدروستەی زانیاریدا ناکرێت زانیارییەکانی ناو ڕستە هەموویان بکرێن بەکلیتیك و بکرێن بەکردارەکەوە، چونکە دروستەیەکی زانیاریی نەگەیەنراو دەردەچێت، هەرچەندە دروستەیەکی سینتاکسی دروستیشی هەبێت.

٤. نیشانەکردن و ناسینەوەی دروستەی زانیاری لەزمانی کوردیدا، بەهۆی:

ا.ئاوازی دەنگ.

ب.سینتاکس.

پ.پارتیکڵەکان.

# سەرچاوەکان

***به زمانی کوردی:***


١. ئاڤێستا کمال محمود، **پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە زمانی کوردیدا**، مەڵبەندی کوردۆلۆژی، ٢٠٠٩,

٢. عەبدولجبار مستەفا مەعروف، **دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا**، مەڵبەندی کوردۆلۆژی، ٢٠١٠,

٣. کاروان عومەر قادر، **ڕستەی باسمەند لەزمانی کوردیدا**،مەڵبەندی کوردۆلۆژی، ٢٠٠٨,

٤. محەمەد مەحویی، **زمان و زانستی زمان: سەرەتایەك بۆ زانستی زمان** ، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠١.

٥. محەمەد مەحویی، **فۆنەتیك و فۆنۆلۆژیی:فۆنۆلۆژی** ،زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٨,

٦.محەمەد مەحویی، **مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان**،مەڵبەندی کوردۆلۆژی، ٢٠٠٩,

٧. محەمەد مەحویی، **بنەماکانی سینتاکسی کوردی** ،بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١,

٨. وریا عومەرئەمین، **چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی**، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، (٢٠٠٩).


***نامەی زانکۆی(بڵاونەکراوە):***


١.ئازاد ئەحمەد حسێن، **ئەرکی ئەدڤێربڵ لە فراوان کردنی فرێزی کاریدا (لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە بە کەرەستەی دیالێکتی خواروو هەورامی)**، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠١,

٢. ابوبکر عومەر قادر، **بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا** ، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان ،زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٣,

٣. بەکر عومەر عەلی، بەستن وکرتاندن لەکوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٢.

٤. بەکر عومەر علی، **میتافۆر لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە**، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان–زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٠.

٥. بێستوون حەسەن ئەحمەد، **کۆمەڵە وشەو پێکەوەهاتن لە زمانی کوردییدا**، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١,

٦. ساجیدە عەبدولا فەرهادی، **ڕستە و پاش ڕستە**، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب–زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٣.

٧. شیلان عومەر حسەین، **<u>پەیوەندیی سینتاکس و سیمانتیك لە ڕێزمانی كوردیدا</u>**، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی، ٢٠١١.

٨.كاروان عومەر قادر، <u>فۆرمی لۆژیكی لەزمانی كوردیدا</u>، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی، ٢٠١٠.

٩. هۆگر محمود فەرەج، **<u>پراگماتیك و واتای نیشانەكان</u>**، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی، ٢٠٠٠.

***<u>بە زمانی ئینگلیزی:</u>***

1. Barbara H. Partee.( 2009), <u>Focus and Information Structure: Semantics and Pragmatics</u>, MGU.

2.Bellinger,G.Castro,D.&Mills,A.(2004),<u>Data,Information,Knowledge,&Wisdom.</u>

3. *Bott,S.(* 2007), <u>Information Structure and Discourse Modelling,</u> Universitat Pompeu Fabra.

4. Brinton,D.M.(2008) ,<u>Prominence and Intonation</u>, Soka University of California.

5. Breul, C. (2004), *<u>Focus Structure in Generative Grammar: An integrated syntactic, semantic and intonational approach</u>*, John Benjamins.B.V, Amsterdam/Philadelphia.

6.Brinton,L.&Brinton,D.(2010), <u>The Linguistic Structure of Modern English</u>, Bengamins Publishing Company, Amsterdam/Philadelphia.

7.Buring,D.(1997), <u>The meaning of topic and focus</u>, New York.

8.Bussmann, H.(1996) , <u>Dictionary of Language and Linguistics</u>, translated and edited by Gregory Trauth and Kerstin Kazzazi,Routledge,New York.

9. Callies, M.(2009),<u>Information Highlighting in Advanced Learner English The syntax–pragmatics interface in second language acquisition</u> ,University of Freiburg.

10. Castello,L.(2004), <u>[Shannon: information ~ uncertainty] Ramifications to XML data exchange</u>.

11. Crystal, D.(2003), <u>Linguistics & Phonetics</u>, Fifth Edition, Blackwell.

12. Dalrymple,M.&Nikolaeva,I.(2010), Objects and information structure, Oxford University.
13. De Kuthy, K.& Meurers, D. (2006),Tutorial on the Interface of Syntax and Information Structure from an HPSG perspective,
The Ohio State University.
14. De Kuthy,K.(2009), Basic Notion of Information Structure. 15.
15. Dehé,N.(2002), Particle Verbs in English: Syntax, information structure and intonation, John Benjamins B.V. Amsterdam/Philadelphia

16. Endo, Y.(2007) Locality and Information Structure: A cartographic approach to Japanese, John Benjamins Publishing Company Amsterdam / Philadelphia.
17. Erteschik-Shir, N. (2007), Information Structure: ThSyntax-Discourse Interface, Oxford: Oxford University Press.
18. Erteschik-Shir, N. (1997), The Dynamics of Focus Structure, Cambridge, Cambridge University Press.
19.FarooqJwad,H.(2007), Thematic Meaningin English , Koya University.

20.Fery,C.Krifka,M.(2007), Information Structure :Notional Distinctions, Ways of Expression, University Potsdam, Humboldt-University zu Berlin.

21. Fiedler ,I.& Schwarz, A.(2010),The Expression of Information Structure ,John Benjamins Publishing Company Amsterdam/Philadelphia.
22.Gibbon ,D.(2007), Information and linguistic Theory, U Bielefeld.

23. Hawizy,L.Phillips,L.Connolly,J.(2006),Meaning: knowledge and context in ad-hoc computing Environments, Loughborough University.

24. Hesse, W. Müller, D. Ruß, A.(2008),Information, information systems,information society – interpretations and implications, Mathematics and Computer Science, Philipps-University Marburg.
25. Hinterhölzl, R .& Petrova, S.(2009), Information Structure and Language Change: New Approaches to Word Order Variation, Berlin, New York.

26.Kahnemuyipour,A.(2009), The Syntax of Sentential Stress, Oxford University Press.
27. K. A. Jayaseelan.(2008), Topic, Focus and Adverb Position in Clause Structure ,The English and Foreign Languages University, Hyderabad.
28. Kornai, A.( 2008) ,Mathematical Linguistics,Springer-Verlag London.

29. Krifka, M. (2007), Basic notions of information structure, Humboldt University zu Berlin.
30.Liu,Kecheng.(2000), Semiotics Information Systems Engineering, Cambridge: Cambridge university press.

31. Lo´pez, L.(2009), A Derivational Syntax for Information Structure,Oxford University Press.
32. Meurers, D. (2005), The Interface of Syntax and Information StructureSteedman's CCG approach, OSU.

33.Michael, G.(2010),The syntax-information structure interface: subjects and clausal word order in Gupton ,The University of Iowa.

34. Neeleman ,A. ,Titov, E.,van de Koot, H.and Vermeulen ,R. (2009), A syntactic typology of topic, focus and contrast, UCL.
35. Pavey,E.(2010),The Structure of Language,Cambridge University Press.

36. Polanyi, L. van den Berg, M. Ahn,D.(2002), Discourse Structure and Sentential Information Structure, Laboratory, University of Rochester.

37. Reich, I.(2010),Information Structure and Theoretical Models of Grammar, Berlin:Mouton de Gruyter.
38. Rezai1,V. & Hooshmand,M.(2012), Focus Structure in Persian Interrogative Sentences: An RRG Analysis, University of Isfahan,Iran.
39.Saeed,J.(2009), Semantics, Third Edition,Singapore.

40. Schwabe, K. and Winkler, S.(2007), On Information Structure: Meaning and Form, John Benjamins Publishing Company ,Amsterdam, Philadelphia.

41.Simik,R.(2012), The relation between information structure and syntax, University of Potsdam.
42. Sudhoff, S .(2010), Focus Particles in German Syntax, prosody, and information structure, John Benjamins Publishing CompanyAmsterdam/Philadelphia.
43. von Heusinger, K .(1999), Intonation and Information Structure ,University of Konstanz Germany.
44.Ward,G.(2008), Preposing , Northwestern University.
45.Xiao,R.(2007), Information structure and sentence structure, Lancaster University.
46.Zimmermann, M and Féry, C.(2010) ,Information Structure *Theoretical, Typological, and Experimental Perspectives*, Oxford University Press.

**پێگەی ئەلیکترۆنی:**

1. http://en.wikipedia.org/wiki/Information.
2.http://www.ebay.com/ctg/Academic-Writing-Graduate-Students-Second-Edition-Essential-Tasks-and-Skills-Christine-B-Feak-/5944157.
3. http://en.wikipedia.org/wiki/Entropy_(inform ation_theory).

# الخلاصة

ان اللغة تعتبر في الاساس منظومة ، وهذه المنظومة تتكون من المفهوم ، والملفوظ، والصوت، والشفرات، والدلالات، والرموز المعقدة في تركيبها و تشكيلها . كما انها تكونت من مفهوم المعلومات ، وهذا المفهوم تصنع لنفسها الشفرات الخاصة بها عن طريق الاصوات اللغوية ثم يصبح وحدة من هيكل المعلومات .

يعد هيكل المعلومات ذاك الاساس الذي نستطيع من خلاله ان نتحاور و نتواصل و نتفاهم في اغلبية اللغات . ان تنظيم وترتيب هذا الهيكل مع وجود القوانين المتشابهة في اللغات ، تتغير حسب القوانين المسموحة في تلك اللغة.

هذه الرسالة بعنوان ( هيكل المعلومات في اللغة الكردية)، و تعتبر محاولة في تحليل هذا الموضوع و كيفية تحديده وتوضيحه في اللغة.

ولأجل هذا الهدف تكونت خطة الرسالة من تمهيد وثلاثة فصول رئيسة:-

ففي التمهيد وضحنا عنوان الرسالة، واسباب اختيارنا للموضوع مع المواد الاساسية والمنهج الذي اختير من اجل الدراسة ، والمعوقات والصعوبات التي واجهتنا اثناءالدراسة ، وكل ما جاء في مضمون الرسالة .

الفصل الاول يتكون من مبحثين : خصصنا المبحث الاول لدراسة وشرح مفهوم "المعلومات" و "نظرية المعلومات" وما يتعلق بهما ، وفي المبحث الثاني تناولنا فيها (هيكل المعلومات) والاقسام التي يتكون منها(هيكل المعلومات ) من خلال النظريات المتعلقة بهذا الموضوع.

والفصل الثاني ،يتكون من ثلاثة مباحث، درسنا في المبحث الاول خصائص ( الايقاع في بناء الجملة وعلاقة هذا الايقاع بهيكل المعلومات ، والمبحث الثاني خصص لترتيب الكلمة وعلاقتها بهيكل المعلومات ، و في المبحث الثالث درسنا ( التصنيف النوعي ) وعلاقته بهيكل المعلومات.

اما الفصل الثالث، قسمناه على مبحثين:- خصصنا المبحث الاول لدراسة اساسيات علم الدلالة ، كذلك تحليل وشرح نظرية ( هيكل المعلومات)، وفي المبحث الثاني قمنا بتطبيق تلك التحليلات والشروحات للمعاني الدلالية للجملة " الاخبار، الاستفهام، الامر" في اللغة الكردية.

وختمنا الرسالة باهم النتائج التي وصلنا اليها خلال دراستنا لهذا الموضوع ، مع قائمة للمصادر والمراجع ، وملخص للرسالة باللغتين الانكليزية والعربية.

# ABSTRACT

Language is a complex system made of information concepts that are encoded through the use of speech sounds with the aim of forming a structure. Information structure, on the other hand, is the basis for communication and understanding in languages. Organizing an information structure using the common linguistic rules, changes due to the language's specific rules.

This thesis, entitled (**Information Structure in the Kurdish Language**) is an attempt to analyze the topic and how it should be identified in Kurdish. For this reason, the thesis is divided into an introduction and three main chapters distributed as follows:

**The introduction** postulates the title, the reason for selecting the topic, the procedure of the study, the theoretical framework, the problem of the study, and the outline of the thesis.

**Chapter one** consists of two sections. Section one explains information in general and the theoretical aspect of information in particular. Section two is devoted for the elaboration of information structure and its components from the theoretical aspects.

**Chapter Two** consists of three sections. Section one discusses the properties of pitch and information structure. Section two analyzes the sequential aspect of words and information structures, whereas section three is specified for the types of information structure.

**Chapter Three** consists of two sections. Section one points out the semantic aspects and their role in analyzing an information structure. Section two semantically analyzes the three types of constructions in Kurdish, namely declarative, interrogative and imperative.

The thesis ends with the conclusions, bibliography and an English, as well as an Arabic, abstract.